# ماموٚستای کورد

## ١٣



زستانی ١٩٩١ - ١٩٩٢

# مامۆستای کورد

ژماره ۱۳، زستانی ۱۹۹۱ - ۱۹۹۲

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

◆ ◆ ◆

Address: ناونیشان:

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

◆ ◆ ◆

ژمارەی پۆستگیرۆ:
Postal Giro No. / Postgironr 43 55 59 - 0

## ناوەڕۆک

٢ نامە
٦ لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی ورمێ
٢١ فرمێسکی گەش
٢٢ هاوئاهەنگیی لەش و رەوان
٢٤ سەیید تاهیری هاشمی، کۆچی سەرچاوەیەکی روون
٢٦ شامەرگ: ئامانج شاکەلی
٣٠ گەڕیدە پۆلۆنییەکان: لیژەک ژیگیل
٣٥ ژیلا حوسەینی
٣٨ دیوانی شێخ رەزا
٤٠ هیوم و راڕەوی گومانکاری: محەمەد کەمال
٤٥ کتێبخانەی مامۆستای کورد
٤٧ کۆنگرەی نیزامی لە تەوریز
٤٨ لە پێناوی ئافرەتا: عەلائەددین سەججادی
٥٥ ژوان: خالید حیسامی
٥٦ لە دەلاقەی خەیاڵەوە: جەلال مەلەکشا

وێنەی بەرگی یەکەم: نەخشی قالیەکی کوردی.

وێنەی بەرگی دووەم: سەیید تاهیری هاشمی و شیعرێک بە دەستخەتی ئەو.

# نامە

⚙ ⚙ ⚙

... پاش خوێندنەوەی گۆڤارەکە یەک دوو شتم تێدا دی کە دەمەوێ سەرنجتانی بۆ رابکێشم. لە وتاری کاک ئەحمەدی شەریفیدا دەڵێ: «... مامۆستا مەلا محەمەد لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا لە ساڵی ١٣١٧ کۆچی دوایی دەکات...» مەلامحەمەد لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا کۆچی دوایی‌ی نەکردووە، چونکە هەر وەک لە بەسەرهاتەکەی مامۆستا هەژار لە هەمان گۆڤاردا دەخوێنینەوە، دەفەرموێ: «لە ساڵی ١٩٢٠دا بە رۆژێکی باران و تووش لە مانگی جۆزەردانا لە دایکێکی شازدە ساڵە و بابێکی چلوهەشت ساڵەدا لە گەڕەکی خڕێ لە مەهاباد هاتوومە دنیاوە» ئەوە راستەکەیەتی، چونکە لەگەڵ ژیننامەکەی دەستخەتی خۆشی یەک دەگرێتەوە. رۆژی کۆچی دوایی‌ی بابیشم نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممەی ١-١٢-١٣٦٩ نییە، بەڵکوو بەیانیی رۆژی پێنجشەممەی ٢-١٢-١٣٦٩ یە.

مستەفا شەرەفکەندی

کەرەج - ٢٦-١٠-١٩٩١

⚙ ⚙ ⚙

لە ژمارە ١١-١٢ی مامۆستای کورددا شیعرێکی دوور و درێژی (شەش لاپەڕە!!) کاک (ح) ناوێک بڵاوکراوەتەوە. بۆ کەسێکی شارەزای ئەدەبی کوردی، ناسینەوەی خاوەنی شیعرەکە زۆر ئاسانە، بەڵام کە خۆی ویستوویەتی بەو ناوەوە بڵاوببێتەوە، ئیدی من کارم بەوە نییە.

ئەم نووسراوە (دوێنێ و ئەمڕۆ، ل ١١٤-١١٩) بەڕاستی ریپۆرتاژێکی سادە و نەفامانەیە و شیعر نییە. خوێنەر بە خوێندنەوەی (بابڵێین شیعرەکە!!) وێنەیەکی ئاوای لا دروست دەبێ: لە رۆژی راپەڕینی گەل و سەرکەوتنی کورددا (کە بەداخەوە زۆریش تەمەندرێژ نەبوو)، کۆمونیستێکی شوورەوییپەرستی ترسنۆک و کۆسمۆپۆلیت هاتووە و دەیەوێ لە لایێکەوە رابوردووی رەشی لە بیری خەڵک بباتەوە و لە لایێکی کەشەوە بەری رەنج و ئازار و ماڵوێرانیی کورد بقۆزێتەوە و بیکاتە شانازی بۆ خۆیان و بیروباوەڕی چەپەڵیان و لەگەڵیشیا ناوزڕاندنی کورد و راپەڕینەکەی. زۆر سەیرە مرۆڤ هێندە بێویژدان و ناڕاست بێ، راپەڕینی گەلی کورد و رژانی خوێنی هەزاران لاوی کوردپەروەر و لەناوچوونی هەزاران کچ و ژن و دایک و خوشکی کورد لەکەدار بکات و بڵێ: «ئەمڕۆ رۆژی سەرکەوتنی بیری مارکس و لێنینە... / ئەمڕۆ رۆژی هۆشیمین و گیڤارایە...»، ئەویش کەی؟ لە کاتێکدا کۆمونیزم زۆر خراپتر لە فاشیسم و نازیسم تێکدەشکێ و پەیکەری مارکس و لێنین وەک نموونەی رووڕەشیی مێژووی ئەو بیرە دەڕووخێنرێ و رەوانەی سەرانگوێلکەکان دەکرێ.

لە باسی شاری کەرکووکدا کاک ح‌ێ دیسان لیمان دەبێتەوە بە ئومەمی و بە هیچ شێوەیەک دڵی نایەت لە گوڵ کاڵتر بە تورکمان و عارەب بڵێ: «کەرکووک... ئەو شارەی هەر ساڵی چەند جار هێرشی بۆ دێنن / هەر هێرشێ هەزار ماڵی / تورکمان و کوردی تێدا ئەڕووخێنن» . هەموو دەزانین ئەوی ماڵی رووخێنراوە کوردەکە بووە، نەک تورکمانی

هەلپەرست و لایەنگری رژێم. بەلای کاکی ئینتەرناسیونالیستەوە عەرەباندنی کەرکووک تەنیا مەسەلەی «چەند ماڵ عەرەبی بەزەبری پارە هێنراو و خەڵەتاو»ە. جارێ هەزاران ماڵی عارەبی دڕندە و چڵکاوخۆر و بێڕەوشت و خوێنڕێژ و تالانکەرمان لێ دەکاتە تەنها «چەند ماڵ»، جارێکیش پاساوی تاوانەکەیان بۆ دەدا و دەڵێ: بە زەبری پارە هێنراون و خەڵەتاون... سەیرە تا ئێستاش کورد هەبێ ئەوەندە دووفاق و بێئابروو بێت و لە بارەی داگیرکەرانەوە ئاوا بیر بکاتەوە. نموونەی نۆستالژیای کۆسمۆپۆلیتانە و هەلپەرستانە سەرتاسەری (شیعرەکە!)ی داگیرکردووە. هەموو سەربەرزی و شانازیی کوردانەی شاری قارەمان و خۆڕاگری کەرکووک هاتۆتە سەر ئەوەی یەکەمین مەڵبەندی نوێی چینی کارگەر بووە (چینی کارگەرێکی بێئاوەڵناو و بێباوک) و شێخ مارفی بەرزنجەیی و هاوڕێکانی تێدا کوژراون. شێخ مارف و هاوڕێکانی، لەگەڵ ریزی زۆرمدا بۆ یادیان، لە پێناوی کورددا نا، لە پێناوی کۆمونیزم و (یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت!!)دا کوژراون. کاک حێ هەمان ناڕەوایی و نەمەکحەرامی بەرانبەر هەولێریش دەکات. لە رۆژی پیرۆزی سەرکەوتنی گەلدا، هەزاران شەهید و کوردپەروەر و قارەمانی شاری هەولێری خۆشەویست لەبیر دەکات و داوا لە خەڵک دەکات یادی «جووتێ مەشخەڵی سوور»، جووتێ شیوعیی نارەسەن و دژ بە کوردایەتی، جووتێ سەربازی بەکرێگیراوی رووسیا و بۆرژوای داگیرکەری عارەب، جووتێ جلخواری پشت لە کورد و روو لە مۆسکۆ «جەمال حەیدەری و نافیع یوونس» بکەنەوە!! بۆچی؟ ئەم زاتانە خێر و بێریان بۆ کورد چی بووە؟!. کاکە حێ! باوەڕ بفەرموو، منیش دەزانم و خۆتیش چاک دەزانی، جەماوەری کورد و نەوەی راپەڕیوی کورد تەنها ریزی قارەمانان و شەهیدانی رێگەی رزگاریی نەتەوەی کورد دەگرێ، دەنا ئەمڕۆ کەس هەر نازانێ جەمال و نافیع چی و کێ بوون! رەنگە خەڵک هەر وا بزانن ئەمە ناوی دوو قومسێری پۆلیسخانەی تەیراوای جارانە.

بۆ هەموو خوێنەرێکی هۆشیار و دڵسۆزی کورد، ئەم پاکانەنامەیەی کاک حێ بەڵگەیەکی دیکەی روون و ئاشکرایە کە نابێ هەرگیز باوەڕ بە غولام و خزمەتکارانی مۆسکۆ بکرێ. دەبێ ئەمانە وەک تاوانبارانی نازیستی هیتلەری حیسابیان بۆ بکرێ. ئەوی بە بیر یا بە کردەوە خزمەتی سۆڤیەت و دەزگای جاسووسیی KGB (واتە کۆمونیزم)ی کردبێ، نابێ لە ناو ریزی کوردایەتیدا دالدەی بدرێ. ئەوانە شایانی ئەو سەربەرزییە نین کە کورد بن.

س. ئەبووبەکر

ورمێ١٦-١١-١٩٩١

❁ ❁ ❁

بەری دەمەکی (ب درستی ل بیرا من نەمایە، سالەکە یان پترە) ل گوڤارەکە کو ل ئەورپا دەردەکەڤیت خەبەرێ (دامەزراندنا کۆمەلا دکتۆرێن کورد) هاتە بەلاڤ کرن.

ب راستی ل وی دەمی من زۆر پێ خۆش بوو، کو ئەز چەند رێزەکە بنڤیسم ل سەر ڤێ چەندێ و ل بارا دکتۆرێن کورد ل ئەورپا. بەلێ رەوشا من یا وی دەمی دەلیڤە نە ددا من کو بشێم ب ڤێ چەندێ رابم. بەلێ یا ژ بەر کو ڤێ چەندێ پر کار ل من کربوو، ژ بەر هەندێ من ب پێدڤی زانی کو هەرچەندە درەنگ ژی بیت تشتەکی ل بارا دکتۆرێن کورد و رۆلێ وان و شۆڕشا کوردستانێدا بنڤیسم.

ئەز نزانم ب چ ئاوایی دکتۆرێن مە دشێن ڤی ناڤی ل خوە بکەن و ل جهەکی وەکوو سوێد، (کۆمەلا دکتۆرێن کورد) دامەزرینن...؟!

ئەرێ ئەرکێ ڤێ کۆمەلێ چییە و دێ ل سوێد چ کەت ژ بۆ کوردا...؟ ئەرێ خەلکێ

سوید و یان هەتا ئەو کوردین پەنابەر ل ویرێ پێدڤی خزمەتا وانن، یان ژی خەلکێ کوردستانێ یێ کو ب هزاران ل هەلەبجە و بادینان و شکەفتین چیایین قەندیل و زوزک و گاره و مەتینادا... ژ بێ دەرمانی و چارەسەر نەکرنێ ب ئەگەرا برینین خوه گیانێ خۆ ژ دەست دانە؟ نزانم ئەڤ هەڤالین دکتور ب چ رووی ناڤێ (دکتورین کورد) ل خوه دکەن؟ ئەرێ وە ژ بۆ کوردان چ کریە؟ ئەگەر هوین بێژن ژی مە ل ناڤ باژێرین کوردستانێ و نەخوشخانادا گەلەک خزمەتا گەلێ کورد کریە، من ب خۆ باوەڕی ب وێ چەندێ ژی ناهێت. چونکی ئەو خزمەت ژی هەوە ب پارە کریە و ئەگەر ب پارە نەبا هوین دا ل چیا ژی خزمەتا ڤی گەلێ پەریشان کەن..

هەر د ڤی دەمیدا خزمەت و رەنجکێشانە هندەک هەڤالێن دکتور (کو پرانیا وان برینپێچ بوون) چ جارە ناهێتە ژ بیر کرن، یێن کو ب شەڤ و رۆژ ل بەر بەفر و باران و گوللەبارانێن دوژمن، ل دیڤ بریندار و نەخوشێن گەلێ خۆ دگەڕان برینێن وان دەرمان دکردن و ب هەمی شیانێن خۆ خەم ژێ دخوار.

ب راستی ئەڤ برینپێچێن خودان هەست و شۆرشگێڕ ژ هەژی وێنە... کو ل رۆژا سەرکەفتنا گەلێ کورد هەمیا ب مەدالێن زێڕی خەلات بکەن. گەلۆ ما ئەو کەسێ ب کێری میللەتێ خۆ نەهێت و ب دایک و باب و کەس و کارێ خۆ رازی نەبیت و رۆژەکێ کوردەکی ژ مرنێ رزگار نەکەت چەوا دشێت بێژیتە خۆ (کورد) ...؟! یان ژی چاڤێ وان ل هندێ بیت کو گاڤا کوردستان رزگار دبیت ژ نوێ بزڤرنەڤە کوردستانێ و رۆژێن ب کەیف و شاهی لێ ببورینن... ئەرێ ما ئەو کوردستانە ب چ رزگار دبیت؟ ما نە هەر ب خوهـ و خوینا وان قەهرەمانێت کو ژ بێ دەرمان و دکتورێ ب ئەگەرا برینێ دمرن؟ یان ژی ب رەنج و خوڕاگریە وی میللەتێ کو چەند سالە برسی و مرن و سەرما و هەر تشت ل سەر خۆ قەبیل کری؟

گەلەک جارە پرسیارە ژ ڤان دکتورا هاتیە کرن. هێجەتە ب هێزێن سیاسی دگرن و دبێژن: فلان رێکخراو هۆسایە و فلان پارت چ نینە و هەمیا د بەر پێت خۆ ڤەددەن... ئەز دبێژم: کارێ دکتوری یێ جودایە ژێ پارت و رێکخراوا، کارێ وی خزمەتا گەلێ وێە. ئەگەر پارت و رێکخراوێن سیاسی د باش ژی نەبن، مللەت و پێشمەرگە، چ جارا د خراب نینن و کارێ دکتوری ژی خزمەتا مللەت و پێشمەرگەیە، نە یا سەرۆک و پارتیا...

ژ لایەکی دی ژی ئەڤرۆکە دبینن کو پشتی ل کوردستانا باشوور چەند مەهێکە (نیڤ ئازادیەک) یا پەیدا بووی... گەلەک ژ وان کەسێن دهاڤێتە هێزێن سیاسی و خراپیا ڤان هێزا ب خۆ دکرە هێجەت بۆ چوونە ئەوروپا، نووکە پشتی ڤێ (نیڤ ئازادیێ) بەڕابەزینکانێ دکەن داکوو بگەنە لایێ سەرۆکێن ڤان هێزا، دلسوزیا خۆ بۆ دیار بکەن.

مەرەما من ل ڤێرێ ئەو نینە ئەز چ هێرشا بکەمە سەر کوردێن مەیێن کو ل ئەوروپا بووینە پەنابەر. نەخێر... چونکی هۆڤەتی و فاشیەتا دوژمنێن داگیرکەرێن کوردستانێ وەکریە کو گەلەک کورد دەرکەڤنە ئەوروپا و گەلەک ژی ل وێ رێ خزمەتەکا باش ژ بۆ گەلێ کورد دکەن. بۆ نموونە ل ڤێ دوماهیێ د وارێ رۆژنامەگەریا کوردیدا رۆژنامەڤانێن کورد ل ئەوروپا پێنگاڤەکا باش هاڤێتیە و دیسان هەڤالێن دیپلۆماتیک ژی دخەبتن و د گەلەک وارێن دی ژی دا پەنابەرێن مە دخەبتن.

بەلێ ئەز هیچ تێ ناگەهەم دکتورێن کورد و کۆمەڵێ وان ل ئەوروپا چ دکەن؟ من دڤێت د ڤێرێدا نموونەیەکێ بۆ خوێندەڤانێن هێژا دیار کەم یا کوو ب سەر من ب خۆ هاتی... دا هوین بزانن کانێ ئەم د گازندێن خودا ل گەل دکتورێن کورد د هەقین یان نە..؟!

رۆژەکێ ژ بەهارا ١٩٨٨ مە هێرشەکا مەزن برە سەر هەندەک بنگەهێن دوژمن ل دەڤەرا (دهۆک) یێ ل کوردستانا باشوور، هەتاکوو مە ئارمانجێن خوێین دەست نیشان کری گرتن. هەڤالەکی مە شەهید کەت و ئەم شەش کەس ژی بریندار بووین. ئەز ئێک ژ بریندارێن خەتەر بووم. هەلبەت دکتۆر مە نەبوون، ژ بلی برینپێچەکی کو ئەو مەهەک بوو دەورەکا برینپێچیێ ل ناڤ شۆرشێ خەلاس کربوو.

ئەم ژ جەبهێ شەڕێ، ب ئۆتومبیلێن دەستکەڤتی ڤەگوهازتینە گوندەکی ل دەڤەرا رزگارکری. شەش سەعات بوورین هێشتا ئەم نەهاتینە دەرمان کرن، ژ بەر کو بریندار زۆر بوون و برینپێچ ئێک ب تەنێ و یێ کێم تەجروبە بوو، و رەوشا مەژی باش نەبوو. هەڤالێت مە ناچار بوون کو وی برینپێچێ عەسکەری یێ کو مە یەخسیر کربوو، بینن بۆ دەرمانکرنا مە. ڤێجا بزانە کانێ دەرمانکرنا دوژمن دێ یا چەوا بێت...! هەتا لایەکێ برینا من دووری، سێ دەرزی پێڤە شکاندن و دەرمانکرنا وی ژی من چ باشی ژێ نەدیت ژ خرابیێ پێڤەتر...!

هەتاسپێدێ هەڤالا دیت رەوشا مە گەلەک خرابە، رابوون برووسکەک لێدا بۆ دەڤەرەکا دی، هەتا برینپێچەک هنارت و گەهشتە مە و پشتی کو ب شەڤ و رۆژ نەراوەستیای و خۆ زۆر وەستاندی ب مەڤە، رەوشا مە بەرەڤ باش بوون چوو.

ڤێجا ئەمە نموونەکا زۆرا بچویکە ژ ئێش و ئازارێت گەلێ کورد ژ دەستێ بێدکتۆریێ. ب راستی ژی تشتەکی زۆر سەیرە ل دەڤ من ب خۆ، ئەز نەچار ببم دوژمنێ یەخسیر برینێن من دەرمان کەت و دکتۆرێن مە ژی ل (سوێد) کۆمەلا چێکەن...؟!

ل دوماهیێ داخازا من ئەوە هەر ئێک ژ مە هەست ب بەرپرساتیا بکەن. داکو هندێ زویترە ژ بن زولما فاشیزمێن داگیرکەر رزگار ببین.

ئیدی بمینن شاد و سەرفراز

برایێ وە: زنارکێستەی

دیاربەکر- ٣٠-٨-١٩٩١

❁ ❁ ❁

... ئازیزان من ناوم ساسۆنە و خەڵکی وەڵاتی ئیسرائیلم، ماوەی دە ساڵە گەڕاومەتەوە بۆ وەڵاتی ئەژداد و ئابادی خۆم. باوک و باپیری من هەر لە کوردستان ژیاون و خۆشم تەمەنێکم لە کوردستان بردۆتە سەر و هەر لەکوردستان چاوم کردۆتەوە بۆ ژیان. سەرەڕای ئەوەی کە بە دین جووم بەڵام بە خوێن و بە زمان کوردم. بە رای من ئینسان ئەژداد و ئابادی لە کوێ بووبن خەڵکی ئەو جێگایەیە بۆیە خۆم هەر بە کورد دەزانم و هەر کوردیشم. بەڵام بۆ خۆشەویستیی نیشتیمانم دەتوانم بڵێم ئیسرائیل و کوردستانم خۆش دەوێ و هەردووک قەوم وەک یەک دوژمنێکی خوێنڕێژیان هەیە.

... لەبەر ئەوەی کە کوردییەکەم لە فکر نەچێتەوە زۆرم پێ خۆشە کە جار جار نامەتان بۆ بنێرم و داوای کتابی کوردی و گۆڤارەکانتان لێ بکەم، هەروەها زۆر سوپاستان دەکەم کە لە بەرهەمەکانی خۆتان و کتاب و نووسراوەی کوردی بێبەشم نەکەن و ئەوەی کە لە دەستیشم بێ بۆ خزمەت بە گەلی چەوساوەی کورد بێ، ئەوا کەمتەرخەمی ناکەم.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی ئازیز و بۆ گەلی چەوساوەی کورد

براتان: ساسۆن

١٩٩١/١١/٢٠ ئیسرائیل.

❁ ❁ ❁

# له بەهاری شیلاناوێوە

هاوینی ١٩٨٥، دوای نزیکەی دە ساڵ دوورکەوتنەوە، بۆ یەکەم جار گەڕامەوە بۆ کوردستان. لە ورمێ چوومە ئینتیشاراتی سەلاحوددینی ئەیووبی و گۆڤاری سروە، کە ئەو دەم تازە دامەزرابوون، بۆ سەردانی مامۆستا هێمن، کە دە ساڵی ڕێک بوو چاوم پێ نەکەوتبوو. دواجار کە یەکمان بینیبوو هاوینی ١٩٧٥ بوو. ئەوەش چیرۆکێکی خۆشی هەیە، هیوادارم لە دەرفەتی دیکەدا بتوانم باسی بکەم.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٥-٧-١٩٨٥ لەگەڵ دۆستێکدا میوانی ماڵی مام هێمن بووین. ئەو شەوە تا درەنگێ دانیشتین و

– لای میللەتانی دیکە، دەزانی، شتێک هەیە پێی دەڵێن فەرهەنگی ناوداران،

– بەڵێ...

– ئەگەر لە فەرهەنگی ناودارانی کوردا ناوی هێمن بنووسرێ، دەتەوێ چیی لەسەر بنووسرێ، چۆن بنووسرێ؟!

– بڕوا بکە، بنووسن شاعیرێکی لادێیی کورد بووە کە فەرهەنگی میللەتەکەی خۆی لە چوارچێوەی شیعردا بە خەڵک نیشان داوە. من بۆ خۆم پێم وایە هونەرێکی دیکەم نییە (جگە لەوەی) کە ژیانی میللەتەکەی خۆم نیشان دەدەم، ئەوەندەی توانیبێـم، ئەوەندەی شیعر ئیجازەی دابـم، ئەوندەی دەتوانای شاعیریمدا بێ...

– یانی لە ڕیزی شاعیراندا باس بکرێی...

– ئەگەر کورد نەبام، بە عەقیدەی من دەبوو لە ڕیزی نووسەرانمدا باس بکەن. بەڵام چونکە کورد هەلی وای بۆ هەڵنەکەوتووە کتێبی گەورە بنووسێ، یا ڕۆمان بنووسێ، یا داستان بنووسێ، حەتتا مەقالەی سیاسی بنووسێ... دەنا من بۆ خۆم پێم وا بوو ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا بام نووسەر دەبووم، لەپێش وەیدا شاعیر بـم.

ئێستا، بە هەر حاڵ، تۆ شاعیری.

– بەڵێ، ئەلئان، شاعیرم.

– باشە... بەلای تووە شیعر چییە؟!

– بەلای منەوە، شیعر کوڵ و کۆ و هەستی دەروونی ئینسانێکە. لە هەر یەک لە حیسسەکانی ئینسانییەوە، یانی چ لە حاڵی شادیدا، دەربڕینی ئەم هەستە دەبێتە شیعر، چ لە حاڵی ناخۆشیدا؛ کە بە داخەوە، من بە شاعیری غەم مەشهوورم، چونکوو ژیانیشم هەر سەرتاسەر پڕ بووە لە غەم و داخ، و ئەویش هەر ئیلهامم لە نەتەوەکەم وەرگرتووە. چ بکەم؟! وەختێکی من شاعیری نەتەوەیێکی بووم کە هەمووی بۆ خۆی غەم و داخە، منیش هەر غەم و داخم دیوە. لەبەر وەی شیعرەکانم هەمووی بۆنی غەمی لێ دێ. زۆر کەمە، هەر نییە، لە تەواوی شیعرەکانی مندا خەڵک وەپێکەنین بخەن. هەر بە گریانیان دەخەن.

– تۆ باسی ئیلهامت کرد. بەلای تووە ئیلهام، بەو مەعنا کۆنەی کە دەگوترا، بەڕاستی هەیە؟!

*قسه و باسێکی یەکجار خۆشمان کرد. ئەم گفتوگۆیەشمان هەر لەو دانیشتنەدا ئامادە کرد. رۆژی دواتر، ٢٦-٧، ماڵاواییم لە مام هێمن کرد و چووم بۆ ساباڵاخ. مامۆستا زۆری تکا کرد کە لە گەڕانەوەدا دووسێ شەوی دیکە لە لایان بمێنمەوە، بەڵام بەداخەوە هەرگیز رێک نەکەوت و ئیدی چاوم پێ نەکەوتەوە. لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە بڵاو دەکەینەوە، بەو هیوایەی پاشماوەکەی لە یەک یا دوو بەشی دیکەدا، لە ژمارەکانی داهاتوودا، بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.*

*فەرهاد شاکەلی*

# تا پاییزی ورمێ[٧]

– نازانم، ئەو ئیلهامەی کە پێت وا بێ فریشتەیەک، یا پەرییەک، یا وجوودێکی من ئەوەم کوتووە، یا شەیتانێک دێتە بن هەنگڵی پیاوی، وە شیعری پێ دەڵێ، من بڕوام بەوەیان نییە. بەڵام پێم وایە، دیتنی دیمەنێک، یا بیستنی داستانێک، شتێک لە دڵی– یا لە خەیاڵی– شاعیردا بەدی دێنێ، کە ئە ئەوە، بە تەعبیری ئیلهام، لە بارەی ویدا دروستە. وە من بۆ خۆم، هەر ئەوە بووە، وەختێکی، مەسەلا بۆ نموونە دەیگێڕمەوە، من بە شارێکی گەورەی وەک سولەیمانیدا، ئێوارەیێکی پاییز رۆیشتم، چۆڵ چۆڵم دیوە. ئا ئەمە منی هان‌دا شیعری (ئێوارەی پاییز) بڵێم. وە خۆت دەزانی نە باسی سولێمانیی تێدایەو نەباسی کوردیشی تێدایە. بەڵام ئێوارەییکی پاییز بوو کە من دیتم شاری سولێمانی چۆڵ بوو. هەر ئەمەنە بوو بە باعیسی ئیلهامی وەی ئەو شیعرە بڵێم. بەڵێ، من ئەوە بە ئیلهام دەبینم. لە راستیدا، دەناسم...

– تۆ لێرەدا ئیلهام بۆ تاکە تێکستێ، با بڵێین بۆ تاکە شیعرێ باس دەکەی. بەڵام بۆ دەست پێ کردن، بە شیعر نووسین؛ هەر کابرا کە دەبێتە شاعیر، ئەوەیان چۆن تەفسیر دەکەی؟!

– بە عەقیدەی من، شاعیری واقیعی هەر ئەو کەسەیە کە شت، وەکوو وێنە هەڵگرێک وێنە لە شت هەڵگرێ، بیخاتە ناو خەیاڵی خۆی و بە خەیاڵی خۆی بیڕازێنێتەوە. بە بڕوای من شاعیری واقیعی کەسێکە کە لە ژیان ئیلهام وەرگرێ لە ژیانی ئینسانی، لە ژیانی دەورو بەری خۆی. یەکێک لە نەزەرییەکانی من کە لە بارەی شیعرەوە کوتوومەو هێندێ کەس تەئییدی دەکا و هێندێ کەس تەئییدی ناکا، من پێم وایە شاعیر ناتوانێ لە چوارچێوەی دەورو بەری خۆی بچێتە دەرێ. یانی ئەڵئان من شیعرێک لەسەر سوێدێکی، کە نەمدیوە، بیڵێم، پێم وایە شیعر نییە، خەیاڵێکە بۆ خۆم کردوومە... شتێکی بێتامی لێ دەردەچێ. بەڵام وەختێکی من لە وڵاتێکی دەرەوەی کوردستان دەمەوێ شیعر بڵێم، تەماشا دەکەم کوردستانم دێتەوە یاد. هەر وەکوو لە بیرمە، لە جێگاییکی شاخاوی و بەردەڵان و جەنگەڵدا، شەوێکی نیوەشەو، من گوێم لە دەنگی بولبولان دەبوو، لای بەیان، کوردستانم هاتەوە بیرێ، وڵاتێکی دووریش بوو لە کوردستان، ئەو شیعرەم گوت:

بەیان ئەنگووت و شەو رابرد و من هێشتا خەوم نایە

دەخوێنن بولبول و قومری، بەڵام قاسپەی کەوم نایە
خەیاڵ دەمباتە جێژوانی شەوانی لاوەتی ئەمما
خرینگەی بازنە و خرخاڵ و بەرمووری ئەوم نایە

هەرچی کردم، نەمتوانی لەو موحیتە، لەو دەوروبەرەی خۆم ئیلهام وەرگرم بۆ ئەو شیعرەی کوتوومە؛ هەر خەیاڵ بردمیەوە کوردستان و بازنەو خرخاڵی کچە کوردێک.

– تۆ پێت وایە بۆچی بووی بە شاعیر. بۆ نەبووی بە شتێکی‌تر؟!

– بەڵێ... رەنگ بێ ئەگەر پێشەکیی تاریک و روون بخوێنییەوە، لەوێدا نووسیومە، من تا لەمەدرەسەی سەرەتاییدا دەمخوێند، هیچ پێم وانەبوو ئەدەبییات چییە. لە هەموو دەرسەکانیشمدا هەر وەک یەک بووم؛ یانی دەرسی ریازیش و ئەدەبیشم هەر وەک یەک بوو. بەڵام وەختێکی چوومە حوجرەی فەقێیان بۆ دەرس خوێندنێ، لەوێ زۆر باسی شیعرو ئەدەب دەکرا و من لە پێشدا ئەوە شیفتەی کردم بۆ لای شیعرو ئەدەب. لە پێشدا پێم وابوو شیعر چییە؟!

پێم وابوو وەزنە و قافییەیە هەرچی وەزنەکەی لەبارترو قافییەکەی گرانتر بێ، شیعری چاتر ئەوەیە. بەڵام زۆری پێ چوو تا گەیشتم، پێم وابوو شیعر بەیانی ئیحساساتی شاعیرە. وە بەختەوەرم کە ئەغلەب لەو، یانی سەدی نەوەدو پێنج لەو شیعرانەی کە لەو وەختیدا، پێش وەی بزانم شاعیری چییە (نووسیومن) بەتلاون، وە شوکور نەبوونە بەلا بەسەرمەوە، عەلعانەکانێ حاشایان لێ بکەم.

– ئەوانەی کە باوکت سووتاندنی...

– ئەوانەی کە باوکم سووتاندنی... دەستی خۆش بێ...

– ئێستا، بەهەرحاڵ، ئەگەر خۆت ویستبێتت یا نا، یەکێکی لە شاعیرە گەورەکانی کورد. بەڵام کە ئێستە ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەیتەوە سەیری شیعری خۆت ئەکەی، پێت وایە چیت خستۆتە سەر شیعر، چیی تازەت هێناوە؟!

– لەباری قاڵبی شیعرەوە پێم وانییە شتێکی تازەم هێنابێتە گۆڕێ... وەکوو بۆ خۆم لە جێگایەکی دیکەشم کوتووە و ئەلعانیش تیکراری دەکەمەوە، من وەختێکی خەیاڵێکی شاعیرانە بەربینگم پێ دەگرێ شیعر ئازاد دەکەم بۆ خۆی قاڵب بۆ خۆی بدۆزێتەوە. من قەت دە پێشدا قاڵبم بۆ شیعر نەدۆزیوەتەوە تا شیعر لەو قاڵبەیدا بڵێم... لەبەر وەی لە باری قاڵبدا تەنیا شیعرێکی، پارچە شیعرێکی کە من پێم وایە پێش من هیچ شاعیرێکی کورد دەو قاڵبەیدا شیعر نەکوتووە (شەنگەبێری)یەکەمە؛ پێم وایە لە پێش مندا هیچ کەس دەو قاڵبەیدا شیعر نەکوتووە... با ئەوەشت لە پێشدا بۆ تەشریح کەم، کە هیچ یەک لە شاعیرەکانی‌مە، قاڵبێکی نوێیان نەهێناوەتە گۆڕێ. من دەتوانم بە درێژی بۆت سابیت بکەم، کە مامۆستا گۆران، کە ئێمە بە شاعیرێکی نوێی دەزانین، هونەرەکەی ئەوە بووە گەڕاوەتەوە بۆ وەزنی هەجایی، کە وەزنی هەجایی وەزنێکی فۆلکلۆریکی زۆر کۆنی کوردە؛ یانی گەڕاوەتەوە بۆو وەزنەی...

– هەموو وەزنەکانی گۆران...؟!

– تەقریبەن. هیچی نییە لە فۆلکلۆردا نەبێ... یەنی نە هەموو وەزنەکانی دیوانەکەی، ئەوی پێی دەڵێن شیعری نوێیەکەی. ئەوی شیعری نوێیەکەی، ئەتۆ تۆحفەی موزەفەرییەی چاک بروانە، هەموو وەزنەکانی تێدایە، بەڵام ئەو برێکی کورت و درێژ کردوونەوە. مامۆستا



گۆرانیکی دەڵێ:

کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام.
نە لە شارو نە لە دێ
نەمدی کەس
جوان بێ وەک تۆ
تۆیت و بەس،
کچە کوردێ، کوردستانی پێ ئاوا بێ...

برۆ تەماشای تۆحفەی موزەففەری بکە، دەڵێ:

سەد ئۆستام بۆ بێ
لە لای شیرازێ
دوو سەد شاگرد بێ لە لای دریازێ
کراسێ بدروون بۆ بووکە نازێ
دەبلا تەنک بێ، دەبلا شلک بێ
بۆ بووکە نازێ.

هەر ئەو وەزنە نییە؟! مولاحەزە بفەرموو هەر ئەو وەزنەیە. مامۆستا گۆران هونەرێکی کردووە، گەڕاوەتەوە بۆ وەزنی هەجایی. ئەمەی تەئیید دەکەم کە دەفەرموێ ئەم وەزنە لەگەڵ تەبیعەتی زبانی کوردی پتر رێک دەکەوێ. وە بە عەقیدەی من پتریش رێک دەکەوێ. ئەمنیش عەقیدەم هەر وەک وی وایە لێرەدا. ئەمما من پێم وایە مامۆستا گۆرانیش؛ ئەو کەسەی کە پێم وایە قەرنی بیستەم شاعیری لەوەی چاتری تێدا نەبووە. لە بیرت نەچێ، ئەوە دەلیل نییە کە من نەقد دەگرم یان باس دەکەم، لە ئیرادەتی من نیسبەت بە مامۆستا گۆران کەم کاتەوە. مامۆستا گۆران، بە عەقیدەی من، بڕیارێکی خراپی دا لە ژیانی خۆیدا، کە دەفەرموێ ئیدی تازە من ناچمەوە سەر قاڵبی کۆن، کە پێم وا بوو دەیتوانی شیعرێکی وەک دەرویش عەبدوڵڵاش هەر لە قاڵبی کۆندا بەماو میللەتەکەی عەلعان ئیستفادەی لێ بکا. پێم وا بوو خۆ مەحدوود کردنی شاعیر دەقاڵبێکدا، یا دەچەن قاڵبدا، پێم وایە کارێکی ئاقڵانە نییە. بەڵێ...

– من پرسیارەکەم ئەوە بوو کە چیت هێناوەتە شیعری کوردییەوە، چیی تازەت هێناوە، تۆ باسی شەکڵت کرد، بەڵام ئەی شتی‌تر؟!

– چی تازەم هێناوە؟! وەڵڵاهی... ئاخر من بۆ خۆم بڵێم چیی تازەم هێناوە... بەڵێ شتی تازەم هێناوە... رەنگ بێ لە پێش مندا هەبوون، شاعیرە غەریبەکانی کوردستان، کە بەداخەوە هەر یەکەی کەس نازانێ لە کوێ مردوون، وەک حاجی قادر، یا وەک نالی، کە باسی دەردی غوربەتیان کردووە، بەڵام من پێم وایە زۆر نوێترم لەوانە لە (ناڵەی جودایی)دا باس کردووە... رەنگ بێ، بێ تەئسیر نەبووبێ شیعری بەهارەکەی حاجی قادر یا شیعرەکەی نالی بۆ سولەیمانیی ناردۆتەوە، رەنگە ئەوانە هیچیان بێ تەئسیر نەبووبن دە مێشکمدا، جووڵەیان کردبێ، بەڵام منیش دەردی غوربەتی خۆمم لە ناڵەی جوداییدا، پێم وایە زۆر چاک تەشریح کردووە. ئەوە شتە نوێیەکە کە من هێناومە. زۆر شتی نوێی دیکەشم هەیە کە نازانم، ئەلعان لەو وەختەیدا، نە کتێبم لە پێشە و نە چی... بۆ خۆم ئەلعانەکانێ، بیر

دەکەمەوە کە هیچ ناتوانم شیعر بڵێم، چونکە هەرچی دەبوو بیڵێم کوتوومە، وەختێکی من گەرمەشین دەڵێم بۆ شەهیدێکی کورد، ئیدی تازە هەرچەند دەکەم لەوەی چاتر ناتوانم، پێم وایە، بڵێم.

– لەوە گەرمتر...

– لەوە گەرمتر ناتوانم شین بگێرم... وەختێکی من باسی بەهاری کوردستانم کردووە، پێم وایە ئیدی نەققاشییەکم کردووە لە بەهاری کوردستان، لەوەی چاتر ناتوانم تازە نەققاشی بکەمەوە. وەختێکی باسی تەبیعەتی کوردستان دەکەم... هەموو... ئیدی لێم براوە، وشەم لێ براوە. تازە چیی دیکە بڵێم؟! هەرچی بڵێم تیکراری موکەڕەرە. وە لەوانەدا بە عەقیدەی من، نوێی... شتی زۆر نوێم هێناوە... نوێیان تێدا هەیە.

– باش بوو باسی زمانت کرد، کە دەبوو زووتر بتگوتایە، بەڵام وا درەنگتر باست کرد. ئێستە زۆر کەس پێی وایە تۆ لە زماندا زۆر شتت تازە کردۆتەوە؛ یانی ئەو زمانە شیعرییەی کە تۆ بەکاری دەهێنی، چ وەکوو وشە، وشەی تەنهای سەربەخۆ وەرببگری، چ وەک دەربڕین. هەندێ دەربڕین هەیە، راستە، کۆمەڵێ وشەی ئاساییە و لە ناو خەڵکا هەیە، بەڵام کە بە شێوەیەکی تازە پێکەوەت نا، دەربڕینێکی تازەش دروست دەکا. تۆ ئەوەت زۆر وەستایانە کردووە. بەڵام ئەمەت چۆن کردووە؟ ئەمەت چۆن بۆ دێ؟!

– ئەوە، هۆی ئەوە بووە کە من بێچووە لادێیی بووم، وە زانیومە ئەو وشەیە خەڵکی نەخوێندەوار لە لادێدا چۆنی بەکار دێنن. وەختێکی من لە لادێدا دەژیام زیاتر شیعرەکانی خۆم لە پێشدا بۆ پیرێژنێک دەخوێندەوە تا بۆ رۆشنبیرێکی بخوێنمەوە، بزانم زمانەکەم چاک پێکەوە هاتووە، یان نە. وە من لێرەدا مەمنوونی دێنشینیی خۆم بووم. یەکێک لە شیعرناسەکانی مەهاباد لە بارەی مندا دەڵێ: هێمن شاعیر نییە، شیلاناوێ کردوویەتییە شاعیر. بەڵێ من لە شیلاناوێیەکدا ژیاوم کە هەرچی لە شیعرەکانمدا هەیە، لەوێشدا هەیە. ئاوهەڵوێر دەڵێم، زەنوێر دەڵێم، نازانم چ دەڵێم، ئەوانە هەموو لە دێیەکەدا هەن، دیومن. ئەو گوڵانەی کە باسیان دەکەم لە نێو شیعرەکانی خۆمدا، هەموو لەو دێیە هەن. وەمن عەقیدەم وایە ئەگەر براینێکی زەوقی شاعیریی هەبێ، بەقەد من گەڕیدە با، کوردستانی گەڕابا، ئەویش دەیتوانی وشەکان وا جێ بە جێ بکات. ئەلعان من، نووسەرێک کە رەنگ بێ تۆش بیناسی و هەر لەو وڵاتەش بێ کە تۆی لێی، دیم، نووسینێکم دیوە، ئەو وشانەی کە من لە شیعری خۆمدا بەکارم هێناوە، ئەویش بە کاری هێناوە، بەڵام جێی خۆیان نەگرتووە، نەیانتوانیوە لەو جێگایەی بن کە من بە کارم هێناوە. ئەو بەکارهێنانەش هەر ئەوەیە عەرزم کردی، دێهاتی بە کاری دێنی. مامۆستای من دێهاتی بووە.

– لە پرسیارێکی پێشتردا باسی ناڵەی جودایيت کرد. هەڵبەت بەلای منەوە، رەنگە بەلای زۆر خەڵکی دیکەشەوە، وەک ئەو رۆژەش بۆم باس کردیت، تۆ ئەگەر تەنها ناڵەی جوداییشت هەبێ، بەستە. بەڵام ناڵەی جودایی چۆن دروست بوو، یانی بڵێین بەرهەمی ساتێکی عاتیفی بوو، رووداوێک بوو، بەکورتی چیرۆکی ئەو شیعرە خۆی چییە؟!

– رەنگ بێ برێک گران بێ، بەڵام باوەڕم پێ بکە ئەم شیعرە وەک برووسکێک بە مێشکمدا هاتووە، وە لە ئانێکیشدا کە من هاوارێک بۆ غەریبیی خۆم بکەم. ئەویش، بەڵێ، عیللەتێکی هەبوو. من لە بەغدائێکی گەرمی هاویندا، بە تاقی تەنێ، لەگەڵ یەک دوو رەفیقی زۆر فەقیر بەجێ مابووم، وەرەفیقەکانی دیکەم، کە ئەودەمی لە بەغدا دەبوون، هەمووی چووبوونە

ئەوروپا. ئەوان چووبوونە ئەوروپا بۆ گەڕان، منیان لە بەغدایە بەجێ هێشتبوو. وە رەفیقەکانی لە بەغدایەشم پەیدا کردبوون، کوردەکانی عێراقی، ئەویش هەموو وە شاخ کەوتبوون. من بە تەنێ مابوومەوە. ئەو غەم و داخ و دەردە وەک بڕووسکێک دەیەک ڕۆژدا بە مێشکمدا هات، بەڵام بۆ ساز و پەرداخ کردنەکەی شیعرەکە ماوەیەکی زۆری تووڵ کێشا.

– یەکەم جار کە نووسیت، هەموویت نووسی؟!

– نا، هەمووم نەنووسیبوو. بەڵام تەقریبەن، دەتوانم بڵێم ئیسکەلێتەکەم داڕشتبوو، بەڵام دوایە زۆری پێدا هاتم و چووم. وە ئێستاش بڕوا ناکەم کە هەمووی بە دەستی خەڵک گەیبێ. با ئەو حەقیقەتە بڵێم، ئەگەر من لەو وەختیدا کە خەیاڵی ئەم شیعرە لە مێشکمدا هەبوو، ئەگەر من مەسنەویی مەولەویم لە ئیختیاردا با، رەنگ بوو ئەو شیعرە بە وجوود نەیە؛ چونکوو ئەگەر مەسنەویم خوێندباوە...

– ئەو کەف و کوڵە...

– ئەو کەف و کوڵەم دەنیشتەوە. هەر ئەوەندە شیعرەم لە بەر مابوون کە لەوێ ئیستینادم پێ کردوون...

– بەکارت هێناوە...

– بەکارم هێناون... دەنا مەسنەویم دە ئیختیاردا با ئیدی کەف و کوڵەکەم دەڕۆیی. ئەوەم بیستووە کە دەڵێن بە مامۆستا گۆرانیان کوت، کوتیان: بۆ شینت بۆ رەفیق حیلمی نەکردووە، بۆ ئەو پیاوە گەورە. کوتی: وەڵڵا گریام. لەبەر ئەوەی هەست و کەف و کوڵەکەم بوو بە فرمێسک، نەبوو بە شیعر. وە من بڕوام بەو حەقیقەتە هەیە کە ئەگەر پیاو بۆ شتێک گریا، ئیدی شیعری بۆ ناکوترێ.

– ئەم باسەی کە دەیکەی زیاتر پیاو بۆ ئەوە رائەکێشێ کە بیر لە تەکنیکی شیعر نووسین بکاتەوە؛ چۆنی دەنووسی... یانی کەف و کوڵێک دێت، جاری وا هەیە بە خوێندنەوەی مەولانایەک دەڕواو هیچی لێ نامێنێتەوە. جاری واش هەیە بە گریانێ قەرە بووی دەکەی...

– بەڵێ...

– بەڵام جاری وا هەیە ئەوانە هیچیان دادت نادەن، دەبێ بینووسی...

– دەبێ بینووسی...

– دەمەوێ زیاتر لەوە تێ بگەم، تەکنیکی نووسین لای تۆ چۆنە؟! دەنووسی و چاکی دەکەی؟! دەنووسی و وەکوو خۆی دەیهێڵیتەوە، چۆنی دەنووسی؟!

– بەڵێ... من لە پێشدا کەف و کوڵەکەم دێنمە سەر کاغەز... بەڵام زۆر کەس وا بووە ئینتیقادی لێ کردووم کە تۆ زۆر دەست لە شیعری خۆت دەدەی. من تا جێگایەک کە لێی بێزار دەبم هەر دەستی لێ دەدەم، هەر کەلیمەی دەبەمە پشتەوە، دەیهێنمە پاشەوە، قافییەی جوان دەکەم، قافییەی ناهێڵم، نازانم... یەکێک لە رەفیقانی قەدیمم، کە رەنگ بێ عەلعان، ئەو دەمیەی نەهێنێ من بە رەفیق بزانێ، دەیگوت جاری وا هەیە تۆ شیعری خۆت خرا دەکەی. هێندەی دەست لێ دەدەی، خرای دەکەی. من بە خۆم نییە ناتوانم دەس لە شیعری خۆم نەدەم. پێم وایە، بۆ خۆم پێم وایە چاکی دەکەم، خەڵکی واش هەیە پێم دەڵێن خراپی دەکەی. زۆری دەس لێ ئەدەم، بەڵام...

– پیاو کە «لە کوێوە، بۆ کوێ»کەت دەخوێنێتەوە؛ ئەو پێشەکییەی کە بۆ تاریک و ڕوونت نووسیوە، یان ناڵەی جوداییەکەت دەخوێنێتەوە، وا هەست ئەکات تۆ زۆر لە وڵات دوور

کەوتوویتەوە.. یانی وەک بڵێی هەزاران میل کەوتۆتە نێوان تۆو وڵاتەوە، کوردستانەوە.. بەڵام لە هەر لایەنێکەوە لێکی بدەیتەوە، تۆ لە کوردستانی عیراق بوویتە، نەک تەنها لە عیراقی عەرەبا، کە ئەوەندە هەست بە غەریبی بکەیت. ئەی بۆچی ئەو هەستەی کوردستان وای لێ نەکردووی کە کەمتری بکاتەوە، با بڵێین ئەوەندە هەست بە غەریبی نەکەی، وەک پیاو لە شیعرەکە و لە پێشەکییەکەدا دەیبینێ...!!

– وەڵڵاهی، کاکە، من بە راستی با ئەو هەقیقەتە بڵێم؛ من نە تەنیا لە کوردستانی عیراق هەستم بە غەریبی نەئەکرد، بەڵکە پێم وابوو لە ماڵە خۆمم. وە بەتایبەتی ئەگەر دەچوومەوە شارەکانی کوردستان، ئەوە زۆر دەردی غوربەتی لە مندا دەکوشت. بەڵام عاتیفەی ژن و منداڵ.. من شاعیرێکی رەبەنی وەک حاجی قادر نەبووم.. تاقانەیەکم بە جێ هێشتبوو کە زۆرم غەم بوو.. دیارە هەرچی کورە کوردەکانم زۆر خۆش دەویستن، بەڵام جێی وییان بۆ پڕ نەدەکردمەوە. خوشکم بە جێ هێشتبوو، برام بە جێ هێشتبوو.. ئەوانەش.. پیاو با زۆر درۆزن نەبێ، هەرچی کورە کوردێکم زۆر خۆش ویستبێ، پێم وا نییە بەقەد کوڕی خۆم خۆش ویستبێ. بەڵام ئەو شیعرانەی کە زۆریان بۆنی غەریبیی لێ دێ هەر ئەو شیعرانەن کە من دەو ساڵی ٧٤– ٧٥دا کوتوومن، کە بە داخەوە، دۆستەکانی کە لە کوردستانی عیراقیش پەیدام کردبوون هیچی لە بەغدایە نەمابوون.. ناوێرم.. بۆچی بە نێو بڵێم.. تەنیا موسەکینێکی هەمبوو، ناوەکەی نابەم، کابرایەک بوو، کوردێکی کە پێم وایە نەیوێرابوو بچێتە شاخێ، دەنا کێهە بوو نەچووبێتە شاخێ...

– ناوی مەحموود زامدار بوو...

– بەڵێ.. وەڵڵاهی.. ئیدی ئەوە تۆ دەیڵێی.. دەچووم دەردی دڵی خۆم لەکن ئەو کەسەی هەڵدەرشت. بەڵێ بەڕاستی مەحموود زۆری زەرەر لە خۆی دا، ئەگەرمەحموودیش لە شاخی بایە شیعری چاتریشم دەکوت.. رۆژێ دەچووم لەکن وی خۆمم دەخڵافاند.. ئەو مەلعوونە نەیدەهێشت ببێتە شیعر (پێدەکەنێ). با خاتیرەیەکی خۆشی خۆم و مەحموودت بۆ بگێرمەوە. رۆژێک لە یەکەتیی نووسەرانی کورد دانیشتبووین، ئەم کابرایە دەیویست کەرنامەکەی بخوێنێتەوە. مامۆستا هەژاریش لەوێ دانیشتبوو.. مامۆستا عەبدورەزاق بیماریش لەوێ دانیشتبوو، بۆ خۆیشی لەوێ بوو.. سێ چوارێک لەو بیمارو، نازانم، زامدارو شتانە لەوێ بوون. ئەو کابرایە دەستی کرد بە کەرنامە خوێندنەوەی. دەپێش هەموو شتێکدا کوتی: کەر گیانلەبەرێکی هێمنە.. کورە کوتم، هەتیوە، بۆ هەژار نییە، بۆ زامدار نییە(هەموو پێدەکەنن)، ئاخر، بۆ بیمار نییە، بۆ هەر هێمنە...؟! یەکجار زۆر خەجاڵەت بوو(هەموو پێدەکەنن)...

– بەشێکی زۆری تەجروبەی غەریبیت پێوەندیی بەو ماوەیەوە هەیە کە لە عیراق، یا لە کوردستانی عیراق بووی.. ئێستا ئەو تەجروبەیە چۆن دەبینی؟!

– مولاحەزە بفەرموو، شیعرەکانم تاریخیان هەیە. من ئەو مودەتەی کە لە کوردستان بووم، لە ژێر ناپاڵم و تیزابی دوژمندا بووم، یەک شیعرم نییە کە باسی غەریبیی تێدا بێ.. مەتەرێزی شەرەفم لە شەڕدا کوتووە، بەڵام دەڵێم ئاوارە نیم، وا دەزانم لە ماڵم.. بەڵام نارەحەتییەکەی من هەر ئەو وەختە بوو.. ئەگەر تاریخی شیعرەکانم بخوێنییەوە، هەر ئەو وەختەیە کە من هەست بە غەریبی دەکەم، کە لە بەغدا بە تەنێ بەجێ مابووم...

– کەوا بێ ئەم غەریبییە، ئەم غوربەتەی لێرەدا باس دەکرێ، غوربەتی زمانە، یانی پێوەندیی بە زمان و فەرهەنگەوە هەیە؛ فەرهەنگی نەتەوایەتیی میللەتێ...

– بەڵێ...
– یانی تۆ غەریبییەکەت زیاتر لەوەدا بوو کە لەوڵاتێکدا بووی، لە رووی زمانەوە، لە رووی فەرهەنگەوە لێیەوە دووری... وا نییە؟!
– بەڵێ... ئەوە کامیلەن وایە... من کە نێزیک بە... نازانم دەساڵ، یا هەشت یا نۆ ساڵ لە بەغدا مام، وێستا ئەوەندە عەرەبی فێر نەبووبووم کە بتوانم ئیحتیاجاتی رۆژانەمی پێ رەفع بکەم. دیارە ئەوەش موحتاج نەبووم. راستییەکەی ئەوە بوو کە دەمتوانی هەمیشە ئەوەندە کوردێک پەیدا کەم کە ئەگەر قاتێک بکڕم بێتە دیلمانج و بۆم بکڕێ. دەنا پێم وا نییە هێندەش نازیرەک بم کە زمان فێر نەبم... بەڵام... وەڵڵاهی ئیستیعدادی زبان فێربوونیشم کەمە... ها... ئەوەت پێ بڵێم وەدوایە بەڕاستی من نەمدەویست ئەدەبی عەرەبیش فێر ببم، چونکوو تەماشام کردبوو کە قەت نابمە ئەدیبێکی چاکی عەرەب، بەڵام ئەدەبی عەرەبی، ئەدەبیاتی عەرەبی لە ئەدەبی کوردیم جوێ دەکاتەوە، لەبەر وەی قەت پێم خۆش نەبوو شیعری عەرەبی بخوێنمەوە، یا نووسینی عەرەبی بخوێنمەوە، مەگەر خەبەرێک زۆرم ئیحتیاج پێ بووبێ، خۆمم عەزیەت دابێ، دەنا قەت گۆڤارو شتی وام نەدەخوێندەوە. عیللەتیشی ئەوەیە کە بۆ خۆت دەزانی ئەدەبی عەرەبی چەندی زەرەر لە زبانی کوردی داوە. با حەقیقەتێک بڵێم؛ دیارە ئەو دەمی من نووسینە کوردییەکانی عێراقم زۆر دەخوێندەوە. تا لە کوردستان دەبوون، تا دەبیرستان، بە ئیستیلاحی ئێرە دەبیرستان، یا بە ئیستیلاحی وێ سانەوی و شتی واتان دەخوێند، هەموو کوردییەکی خالیس و جوان دەنووسرا. لەگەڵ دەبوونە دوکتۆر، ماشائەڵڵا عەرەبیتان فکر دەکردەوەو کوردیتان دەنووسی. وای چ بەدبەختییەک بەسەر زبانی کوردیدا هاتبوو... ئەو عەرەبی فکر کردنەوە؛ هەستام بەو کارە (پێدەکەنێ)... یەقوومو بیهازەلعەمەل... بەڕاستی زەرەری گەورە دراوە.
– با جارێکی دی بێینەوە سەر مەسەلەی دەربەدەری، یا ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لە وڵات... ئایا پیاو دەتوانێ بڵێ یەکێ لە هۆیە هەرە سەرەکییەکان لە شیعری تۆدا دەربەدەری و ئاوارە بوونە؟!
– نا، عەرزت دەکەم ئەوە بۆ زەمانێکی مەحدوودە. شیعری من ئەگەر غەمناکە، هەموو لەبەر لێقەوماوی، چارەڕەشی، بەدبەختیی میللەتەکەمە تێیدا مونعەکیس بووە، نە ئی خۆم. وەختێکی من لە تەمەنی بیستو دووساڵی دەڵێم:

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن

باوەڕ بکەن کوڕە دەوڵەمەندێکی زۆر تێرو پڕو پاک و خاوێن بووم، بەڵام میللەتەکەم تووشی رەنج و دەردو حەسرەت بوو... (ئەمن) لێرەدا (هێمن) نییە؛ (ئەمن) میللەتی کوردە.
– بەڵام ناتەوێ ئەوەش بڵێی کە جوانترین شیعرت ئەوانەن کە غەریبی پێی کوتووی!!
– با... نە ئەوە لەبەر وەش بووە کاکە، لەبەر وەی بووە من تەجروبەی شیعرم زۆرتر رۆیوەتە پێشێ... هەر غەریبی نەبووە، من تەجروبەی شیعریشم زیاتر بووە.. ئەزموونی شیعرم هەتا تەمەنم بەرەژوورتر چووە، بەرەو پێشتر چووە.
– ئەی کەواتە سەرچاوەی شیعر، لای تۆ، جگە لەوەی وتمان، کە رەنگە دەربەدەری جوانترین شیعری پێ کوتبی، چیی دیکەیە؟!
– وەڵڵاهی... جوانیش زۆری تەئسیر لە من کردووە، جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە. بەڵام جوانترین شتیش لە نەزەر مندا ژن بووە، یانی ئینسان بووە، کە دیارە

جینسی موخالیفە. لە هیچ شیعرێکی مندا، تۆ پێم وایە، بۆنێکی وا ناکەی کە من تەمایوڵێکی غەیرە ئینسانیم تێدا بووبێ... بەڵێ... تۆ... هەر ناڵەی جودایی دەبینی لە شیعرە غەریبییەکانی مندا، ئەدی... شیعری وام هەیە کە ناڵەی جوداییش نییە، بەڵام بۆنی غەریبیی لێ دێ، کە دەڵێم: یادم بکەن. زۆر سەیرە... بەڕاستی ئەو شیعرەی من کەم کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە و ئینتیقاد. من پێم وایە لەو شیعرەدا زۆر شتی نوێم هێناوەتە گۆڕێ. کە لە پێش مندا هیچ شاعیرێک، رەنگ بێ هیچ شاعیرێکی کورد- لائەقەل- نەیکوتبێ. من دەڵێم:

لەو دەمەیدا گڕ دەگرێ مەیل و تاسە

لەو دەمەیدا تێک هەڵدەنگوون هەناسە.

پێم وایە «تێک هەڵدەنگوون هەناسە»، رەنگ بێ ئەو تەعبیرە زۆر کەم بێ لە شیعری شاعیرانی کە من بیانناسم. ئەوەش هەر نەوعێکە لە دەردە غوربەتەکەم... بەڵێ... جوانی لە هەموو شتێکی دێ... جوانیش یەکێک بووە لەو شتانە کە منی هان داوە بۆ شیعر کوتن... جوانیی تەبیعەت... دیارە پتر لە جوانیی تەبیعەت، جوانیی ئینسان... ئینسانی جینسی موخالیف.

– تۆ لێرە باسی تەعبیرت کرد... لەو دەمەیدا تێک هەڵدەنگون هەناسە...

– بەڵێ...

– ئەمە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەو دەربڕینە ئیحساساتییەی کە لە ناڵەی جوداییدا باست کردووە، ئەوەیان زۆر بە ئاشکرا پێوە دیارە کە زیاتر شتێکی ئیحساساتییە و رەگەزێکی ماددیی تێدا بە دی ناکرێ. بەڵام «تێک هەڵدەنگوون هەناسە» شتێکی زیاتر ماددی نیشان دەدا. ئەمە بە رەئی تۆ، دوو تەجرەبەی جیاواز نیشان نادا؟!

– با... با... بەڵێ... بەڵێ دوو تەجرەبەی جیاوازە. بە عەقیدەی من لێرە مەحروومییەتێکی دیکە نیشان دەدا، لەوێ مەحروومییەتێکی دی. ئیدی پێم وایە زۆریش شکافتر نەڵێم... (پێدەکەنێ)... چونکوو هەر ماچی کچە سولەیمانییان تێری نەدەکردم بە تەنیا (پێدەکەنێ)... چونکوو باوکانە بوو... وەکوو عەرزم کردی، ماچیان نەئەدا بە شاعیرە لاوەکان، دەیاندا بە من، چونکوو پێیان وابوو بێئازارم (پێدەکەنێ). بێئازار نەبام بۆ دەیاندا (پێدەکەنێ)... نازانم تۆ ئەو شیعرەی منت دیوە، کە خەڵک رەنگە زۆری فکر لێ نەکردبێتەوە:

وەرە ماچم دەیێ، ماچی خودایی

کە بێزارم لە ماچی سینەمایی

لێرەدا ماچی سینەمایی ئەو ماچانەن کە وەکوو بابێک ئەو خەڵکە منیان ماچ دەکرد... پێم وایە ماچی بابانە بوو (پێدەکەنێ) کردوومەتە ماچی سینەمایی...

– جگە لە دەربەدەری، جگە لە خۆشەویستیی نیشتمان، دیارە ئافرەتیش رۆڵێکی زۆری لە شیعری تۆدا هەیە... تۆ چۆن سەیری ئافرەت دەکەی... بەلای تووە ئافرەت بۆ شاعیر دەبێ چی بێ؟!

– پرسیارێکی زۆر گرانە، رەنگە گوێیان لێ بێ (پێدەکەنێ)، بەڵام چ بکەم، دەبێ جوابت بدەمەوە. من پێم وا نییە ئافرەتێک بەڕاستی بۆ ئینسانێک... یا ژنێک... من کەلیمەی ئافرەتیشم قبووڵ نییە، لە بیرت نەچێ، پێم وا نییە لە خودای جوانیرا هاتبێ، پێم وایە لە (عەورەت)ی...

– منیش لەم کاغەزەدا هەر دوو وشەکەم نووسیوە...

- بەڵێ... با توخواکەی ئێمە برێک لەسەر وەی برۆین... تۆش لە بیرتە... کێشەم زۆر لەسەر وەی بوو، دەمکوت ئافرەت عەورەتە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا فەوقولعادە بەکار هاتووە، بە مانای ژن و منداڵ، بەمانای... حەرەم... یەعنی ئەم کەسانەی کە نابێ خەڵک بیانبینێ... کەوتۆتە زمانی کوردییەوە. لە کوردستانی ئێراندا تەنیا ئەو کەسانەی پێیان عەیبە باسی ژنەکانیان بکەن، ئەوان بانگی دەکەن ئافرەت... دەنا ئەگەر ناوی ژنەکەی بوێرێ بڵێ: فاتم، ئایش، نازانم... گوڵێ... چی... ناڵێ ئافرەت، ئیدی بانگی ژنەکەی دەکا.

زۆر سەیرە... رۆژێکی دەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکان کێشەم بوو. دەیکوت ژن بە مەرحەلەیەک لە ژیانی ئافرەت دەڵێن کە کچێتیی نەمێنێ... کوتم یانی ئەگەر کەسێک بچێتە حەمامی ژنانە، حەتمەن دەبێ کچایەتیی نەمابێ (پێدەکەنین)... یا کابرایەک دەڵێ کەوشی ژنانە دەفرۆشم، ئیدی ئەمە هەر دەبێ بە کچی نەفرۆشێ... نا وا نییە... ژن کەلیمەیەکی دژی پیاوە. کەوا بوو ژن هێندەی کەلیمەکە ناسکە، هێندەش بۆ خۆی لەلای من ناسکە... بەڵام بەو حاڵەوە بەلای منەوە موحتەرەمە. یانی ئەوەندە بەلای منەوە موحتەرەمە کە دەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی من دەگەڵ ژنم هەیە، خۆت لەمن باشتر دەزانی، یازدە ساڵ من دەربەدەر بووم، ژنێکی دیکەم نەهێنا، چونکوو پێم وابوو ژنێک بۆ ئینسانێک بەسە. دەنا پێت وا نەبوو ئەمن لەو کوردستانی عیراقە پیرێژنێکم وەگیر کەوێ...

- ئەگەر بە (سیغە)ش بووایە...

- (پێدەکەنێ)... ئەگەر بە سیغەش بووبا... بەڵێ...

- ئەوە پاشان دێمەوە سەر ئەو باسە... بەڵام شتێکت باس کرد، کە تۆ وا دیارە ئەوەی خۆتت لە بیر چۆتەوە. ئەو سەرەتا دوورو درێژەی تاریک و روونت نووسیبوو، لە یەک شوێنا باسی خێزانەکەی خۆتت بەناو نەکرد بوو... دواییش لەسەر ئەوە رەخنەیان لێ گرتی...

- بەڵێ...

- ئەوە چی بوو...؟!

- عەرزت دەکەم... من لەو رەخنەدا جوابم داوەتەوە، دەڵێم ئەوە پاشماوەی ژیانی چینایەتی بووە کە تەئسیری کردووە لە مندا، وە بە ئیستیلاحی فارسی، نازانم بە کوردی بڵێم چی، (ناخودآگاه) من باسم نەکردووە. دوایە لە مەقالەیێکی بچووکدا مەعزەرەتم خواستووە...

- دەڵێی نەچووە بچێ...

- نەچووە بچێ... بەڵێ... بەڵێ... ئەوە پاشماوەی... جا ئەلعان کە ئەوە لە مندا نەماوە... ئێستا کە زەمان وای کردووە پێک گەیشتووینەوە، دیسان هەر لەشارێکی غوربەتین ئیدی...

- بەڵێ...

- ئەگەر من جارێکی بمەوێ کۆمەگێکی... وەکوو دەزانم ئەتۆ لە ئەورووپایە بە... رەنگ بێ... بەماڵە خۆت بکەی... ئەگەر من بمەوێ... ئەو ماڵ دەماڵێ، بڵێم بیدە بە من برێک گەسک لێ دەم، ئەو پاشماوەی چینایەتیی تێدا ماوە، دەڵێ تۆ چۆن کاری ژنانە دەکەی؟! (پێدەکەنێ)... دەنا من پاشماوەی چینایەتیم تێدا نەماوە...

- باشە... ئەگەر وابێ باشە...

... بە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا، با بڵێین بۆ شاعیرێک... پێت وایە لە رێگەی دڵدارییەوە پیاو باشتر ژن دەناسێ، یا ژن هەر وەکوو خۆی لە تەبیعەتدا هەیە...

- وەڵڵاهی، کاکە، من وەک کوردێک تووشی ژن بووم. بۆ خۆت دەزانی داب و رەسووەمی

کوردی، دڵدارییەکی... دڵدارییەکەش هەر مەحدوودە، وەکوو ئەو دڵدارییەی کە دەزانم ئەتۆ دەڵێی چی... وە من بەو شکافتەی بڵێم... وەڵڵاهی پێم وایە، پیاو تەنیا وەختێک دەتوانێ ژن دەرک کا، کە ئیزدیواجی کردبێ، یانی ژنی هەبێ، ئەو دەمی دەتوانێ دەرکی کا... پێم وا نییە لە دڵداریدا پیاو بتوانێ ئەو تەجروبەی بێتە دەسی وەکوو ژندارێک هەیەتی... عیشقێک، ئەوینێک یا عیشقێک پایەدارە کە ئەخلاقیشی لەگەڵ بێ، وە ئاخر رێک کەوتنی خوو و رەوشتی دوو ئینسان ژیانێکی خۆش پێک دێنێ. گوایە... ئەگەر تۆ سەیری دیوانەکانی من بکەی، من لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا ژنم هێناوە...

– ئەگەر تاریخەکان بە هیی زایینی بڵێی...

... کە دەکەنە... تەقریبەن چلوشەش، ١٩٤٦ من ژنم هێناوە. ئەگەر تەماشای تاریخی شیعرەکانم بکەی، شیعرە دڵدارییەکانی من هەموو پاش ژن هێنان کوتراون، ئەوانی کە تام و خوێیەکیان هەیە.

– کەواتە، بۆ کێت وتوون...؟!

– کەوا بوو هەر بۆ ئەوەی زۆری شیاوی بە خۆ دەبێ. قسەکانمان توندە (پێدەکەنێ)... کە وابوو پێم وا نییە بۆ شتێکی دیکەم کوتبێ...

– هەندێ بیروڕای جیاواز لە بارەی پێوەندیی ژن و پیاوەوە هەیە: سێکس بەردەوامیی دڵدارییە، لووتکەی دڵدارییە، یا دڵداری لەگەڵ سێکسدا دەمرێ... تۆ چۆنی دەبینی؟!

– من پێم وایە دڵداری لەگەڵ سێکسدا پەروەردە دەبێ و دەڕواتە لای سەروو...

– یانی بەلای تۆوە لووتکەیە؟!

– بەلای منەوە، بەڵێ، لووتکەیە... من زۆرم بڕوا بە عیشقی ئەفلاتوونی نییە.

– ئەم جارە لەو گشتییەوە دێمەوە سەر تۆزێ تایبەتیتر، دەربارەی تەجروبەی خۆت. دایکی سەلاح، با بڵێین خێزانەکەت بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟! ئەمن ناویم لەبیر نییە...

– نێوی ئاییشە... بەڵێ...

– بەڵێ...

– وەڵڵاهی، لە هەموو کەس خۆشەویسترمە لە ژیاندا، بێ ئەولا و ئەولای، با گوێیشی لێ نەبێ...

– بۆ ئەمەیان گوێی لێ نەبێ... ها...؟!

– بەڵێ گوێی لێ نەبێ، زۆر غوروور دەیگرێ (پێدەکەنێ)... با غورووری نەیگرێ... بەڵام بەلای منەوە لە هەموو کەس بۆ من خۆشەویستر بووە لە ژیانمدا... وە ئەلعانیش تەحەککومێکی کە من لەوی قوبووڵ دەکەم، پێم وا نییە لە هیچ هێزێکی ئەو دنیایەیدا قبووڵم کردبێ. منێکی کە گاڵتە بە گیانی خۆم کردووە لە تەواوی ژیانمدا، دەگەڵ زۆر ملهوڕی گەورەدا موبارەزەم کردووە، خەباتم کردووە، لە موقابیلی ویدا، ئەلعان، زۆر بێدەسەلاتم. لە حاڵی حازردا زۆر بێدەستەلاتم... بەڕاستی دەبێ لەسەرم بکەنەوە (پێدەکەنێ)...

– رەنگە هەر تۆ وا نەبی...

... تەجروبەی تۆ... نازانم ئێوە چەند ساڵ بوو یەکتان نەبینیبوو؟!

– ئێمە... پتر لە دەساڵ و نیو...

– دەساڵ و نیو...

– بەڵێ...

– دەڵێن کە نازم حیکمەت... نازم حیکمەتیش تەجروبەیەکی وای هەیە...

– بەڵێ...

– دوای، وابزانم، یانزدە یا دوانزدە ساڵ کە مونەووەری بینییەوە... ژنەکەی...

– بەڵێ...

– هەمووی هەر چوار مانگ لە لای مایەوە... ناردییەوە... ئیدی نەیشیدییەوە... تۆ چۆن بووی؟!

– وەڵڵاهی... من پێم خۆش نییە تازە لێک جویێ بینەوە... تا ئەوی پێی دەڵێن مەرگ و هادیمولەززات (هادم اللذات) لە یەکمان جویێ ناکاتەوە، پێم خۆش نییە، لێی جویێ ببمەوە، راستییەکەی ئەوەیە. بەڵام بەراستی وەکوو من، پاش گەڕانەوەشم ئیتر شیعری دڵداریم نەگوتووە و هەر مانایشی نەماوە بۆ من، وە رەنگ بێ بڕانی کەلیماتە. یەنی، بەراستی کەلیمەم بۆ جوانی لە دەس چووە. ئیدی هیچم نەماوە پێی بڵێم. رەنگە ئەوەش مەسەلەیەک بێ، کە ئیتر من چ بڵێم... من کەلیمەی کلاسیکم لە بارەی شیعری کوردیدا پێ غەڵەتە، بەڵام لە شیعری عەرووزیدا ئەوی من لە بارەی ژندا دەڵێم:

بە ریشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانکوت دار کە پیر بوو تازە دانایێ

تازە ئیدی تەماشا دەکەم شتی وا لەتیفم نایەتەوە خەیاڵ و لەبەر وەی دەستم لێ هەڵگرتووە... بە هەزار زەحمەت توانیومە لەو بەینانەدا شیعرێک لەسەر حیجابی ئیسلامی بڵێم کە پێم وایە شیعرێکی خراپ نەبێ، ئەمما لەبەرم نییە ئەلعان بۆت بخوێنمەوە.

– ئەمە پیاو بۆ پرسیارێکی‌تر رادەکێشێ... بەڵام مەبەستم تۆ خۆت، وەکوو مام هێمن، نییە، بەڵکوو هەر وەکوو شاعیر بە گشتی؛ ژن هێنان بەلای تووە چۆنە، یەعنی شاعیر دەبێ ژن بهێنێ؟!

– وەڵڵاهی، کاکە، ئاخر وەکوو عەرزم کردی، من پێم وایە هێندێ کەس، دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەی تۆ، هێندێ کەس پێی وایە ئەگەر ژنی هێنا دادەمرکێ، وە هێندێ کەس... من بۆ خۆم ئەگەر ژنم هێنا بوومە شاعیر، بەڵام، نازانم خەڵکی دیکە چۆنە؟ تۆ پێت وایە مامۆستا گۆران پاش وەی دایکی رووناکی بوو *(دەبێ مەبەستی دایکی هێرۆ بێ، نەک دایکی رووناک – ف. ش.)* ئیدی شیعری دەبارەی جوانیدا کەم کوتووە؟!

– جوانترین شیعرەکانی ئەوانەن کە لە بەینی ژن هێنانەکانی و دوای ژن هێنانەکانی کوتوونی...

– کوتوویەتی...

– بەڵێ...

– نازانم، چونکوو تاریخیان نییە... بەداخەوە شیعری مامۆستا گۆران عەیبێکیان هەیە کە پیاو نازانێ... بیستوومە ژنە عەرەبەکەی زۆر جوان بووە، من کە نەمدیوە. پێت وا نییە دامرکابێ پاش وەی ژنە عەرەبەکەی بووە؟!

– وەڵڵاهی، وەک تۆیش باست کرد، نازانم. یانی لەبەر ئەوەی تاریخەکەی پێوە نییە، پیاو نازانێ...

– بەڵێ... بەڵام من شاعیرێک دەناسم، ئەلئان دەتوانم لێرە باسی بکەم، ئەمما پێم خۆش نییە لە زمان منەوە وانێک، ئەوە بکوترێ. بۆ خۆت قسەی لەگەڵ دەکەی. ئەمن پێم وایە مامۆستا هەژار لەگەڵ ژنی هێنا ئیتر شیعری جوانی نەکوت. لەگەڵ ژنی دووەمی هێنا شیعری

عاشقانەی جوانی نییە... بەڵێ، لە بەرەو موکریاندا، کە دوور بۆتەوە؛ بۆ ماوەیەکی لە براژنم دوور بۆتەوە، برێک شیعری عاشقانەی جوانی تێدا هەیە، کە ئەویش بۆ ماوەیەکی موختەسەر بووە. یا لە بابا هەژاری موکریانیدا برێک عاشقانە شیعر دەڵێ، بەڵام تۆ پێت وا نییە زۆریان تەقلیدین؟!

– وایە... راستە...

– بەڵێ...؟!

راستە، وایە...

– بەڵێ... وە من لە بیرمە کە هەژارێکی زۆر منداڵ پێش وەی، رەنگ بێ ئەو شیعرانەی لە ئاڵەکۆکدا بلاو بووبنەوە، پێش وەی ژن بێنێ دەیتوانی شیعری عاشقانە بڵێ...

چاوت کە گۆشەدارە وەکوو رۆژی نیشتمان

پەیدا دەکا هەرایەکی لەو کوردەوارییە

ئەوە شیعری زەمانی زۆر منداڵیی مام هەژارییە، زۆریش جوانە. ئەوە مەربووتە بە ئەو رۆژەی کە لە پشتی گۆڤاری نیشتماندا چاپ دەکرا، تەماشا دەکەی ئەو شیعرەی زۆر جوانە...

– وایە...

– بەڵێ...

– ئەم دوو سێ پرسیارەی دوایی هەستێکی وا بە پیاو دەدات، وەک بڵێی شاعیر، کۆمەڵێ قانوون هەیە کە دەیگرێتەوە، یا کۆمەڵێ چوارچێوە هەیە کە تەنیا بۆ شاعیرە و رەنگە بۆ خەڵکی تر نەبێ. من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندە باوەرم بەوە نییە قانوونی تایبەتی هەبێ بۆ شاعیر، کە خەڵکی دیکە نەگرێتەوە...

– بەڵێ...

– بەڵام، بە هەر حاڵ، دیسان یەک دوو پرسیاری لەو بابەتەت لێ دەکەم. بەلای تۆوە پێوەندیی نێوان شاعیر و ئازادی چییە و... چۆنە؟! رەنگە وا راستتر بێ بڵێین نووسەر و ئازادی، چونکە مەسەلەکە تەنها شاعیر نییە... *(ئەگەر ئەو پرسیارەم ئەمڕۆ بکردایە دەمگوت هونەرمەند و ئازادی ف.ش.)*

– بە عەقیدەی من... بەڵێ... ئەفسووس... لەوەتی من قەڵەمم بەدەستەوەیە قەتم هەست بە ئازادییەک نەکردووە کە قەڵەمی خۆم بە کەیفی خۆم بەردەم... پێم وایە قەید و قیوودێک هەمیشە هەیە کە شاعیر یا نووسەر ناتوانێ ئەو ئازادییەی حیسسی دەکا...

هەرچی دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم *(لە راستیدا – هەرچەند – ف. ش).*

بۆی بێتە سەر کاغەز. سەیرە... ئێوە پێتان وایە شاعیرەکانی غەربی یا ئوروپایی، نووسەرەکانی غەربیش توانیویانە بەو هەموو ئازادییەی، بەرەڵڵایی، یا... نازانم چی شیعر بنووسن...؟! رەنگ بێ هەموو کەس پێی وابێ ئیعتیرافاتی رۆسۆ زۆر سەریحە. بەڵام تۆ فکر دەکەیەوە رۆسۆ شتی شاردۆتەوە یا نە؟! من پێم وایە زۆر شتی شاردۆتەوە... لە هەموو کەس سەریحتری نووسیوە، بەڵام ئایا شاعیرێک ئینسان نییە؟! ئینسانێک جارێک، بڵێ رۆسۆ، دە عومری خۆیدا جارێکی زگەشۆرە نەگرتبێ... تۆ تەواوی ئیعتیرافاتەکەی بخوێنەوە، قەت باسی وەی تێدا هەیە...؟! (پێدەکەنێ)...

– جوانە...

- که وا بوو، کاکه بەڕاستی قەت ئەو ئازادییەی که ئیدیاله بۆ شاعیر و نووسەر... به تایبەتی شەرقی، ئیدی بۆ خۆت دەزانی شەرق ئەوپەڕی... به عەقیدەی من، ئەو ئازادییە، هەڵنەکەوتووە. جا ئەو جار بۆ من پترە، چونکوو من...

- له پێش هەموو شتێکا چونکی کوردم

- بەڵێ... له پێش هەموو شتێکدا چونکوو کوردم... ئەو جارەکانە ماوەیێکی دوورو درێژ من ئەندامی حیزبێک بووم، یەنی ماوەیێکی یەکجار زۆر دوورو درێژ، خۆت دەزانی... ئەوەشت با پێ بڵێم، ئەگەر نەکەوتاما عیراق، وه چاپەمەنییەکانی عیراق شیعرەکانیان بۆ چاپ نەکردبام و هەر ده مەتبووعاتی حیزبدا چاپ کرابایە، زۆر له شیعرەکانم دەفەوتان. من ناڵەی جوداییم دەدا به ئۆرگانی حیزبەکەمان، دەیگوت به من چ مەربووتە تۆ مەشرووب دەخۆیەوە یا نە... (هەموو پێدەکەنن)... وه ڕەنگ بێ له ناڵەی جودایی چاتر من شیعرێکم هەیە به نێوی (سووری دەوران)، بەڕاستی هەر له ناڵەی...

- ... ناڵەی جوداییدایە...

- ییدایە...

- بەڵێ...

- ... من لەوێدا پێشبینیی ڕووخانی شام کردووە... دوو سێ ساڵ پێش ڕووخان... پێم وابوو...

به ئەفسانەی دەزانن سووری دەوران
غولام و ورتکه خۆری دەرکی گەوران
بەلام ڕۆژێک دەبێ دەوران بدا سووڕ
لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ

- ببوورە... پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەکەی تر...

- بەڵێ... من لەوێدا زۆر...

... بۆچی پێت وایە ئەمە پێشبینییە؟! خۆ هەر زۆر کەس وای وتووە و واش دەڵێ که زۆرداری نامێنێ، هەر دەبێ بڕووخێ و ... یانی بووە به قسەیەکی که هەموو کەس دەیڵێ... (هەموو پێدەکەنن)...

- وەڵڵا... ئەلعان ئەوەیە، ئیدی... من حەیاتم داوەتێ، خەڵکی دیکە... ئی خەڵکی دیکه با بردوویەتی...(پێدەکەنێ)... بەڵێ، ڕاستە... ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەلام من دەمزانی که زۆردار هەر دەڕووخێ... بەڕاستی هێندە نیزیکیشم پێشبینی نەکردبوو... ئەم ڕۆژانە برایەکی عیراقیم دی، کوتی ئەتۆ وەسێتنامەیەکت له کن خوشکەکەی من هەیە، که وەسێتت کردووە، نووسیوتە که ئەگەر مردم چم لێ بکەن. یانی من پێم وابوو له کوردستانی عێراق دەمرم و تازە کوردستانی ئێران نابینمەوە... یەنی ڕووخانی ئەو زۆردارەی برێک دوورتر بوو... پێم وابوو دوورترە.. بەڕاستی ئینقلابی ئێرانی وەکوو من ده خەیاڵی خۆمدا پێشبینیم کردبوو، پێم وا نەبوو وا هاسان و وا زوو ئیمپریالیزم پاشەکشه دەکا... ئەگەرچی ئێستاش نەیکردووە، بۆ خۆت دەزانی... ئەوی زوڵم و زۆرە هەر دەیکا، بەلام نیوە بەزیوێکی، بەڵکە بەزیوە ئیدی...

- دیسان یەکێ لەو شتانەی که زۆر باسی لێوە دەکرێ، شاعیر و سیاسەت، یا نووسەر و سیاسەت. تۆ پێوەندیی ئەو دووانە چۆن دەبینی؟! سیاسەت شیعر ناکوژێ؟ به تایبەتی خۆ بەستنەوە به سیاسەتی حیزبایەتی، شیعر ناکوژێ؟

- وەلا، به عەقیدەی من، زۆر زەرەر دەدا له شاعیر، زەرەری زۆر گەورەش دەدا، موقەییەدی

دەکا، بەڵام بۆ کوردێک چ بکا؟! پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی کە دەبێ بۆ ڕزگاریی خۆی هەوڵ بدا... ئەمن لە وڵاتێکیدا بام کە ژیانێکی نەتەوایەتیی سەربەخۆم هەبا، پێم وایە قەت نەدەچوومە ناو سیاسەتەوە. یەنی من پێم وا نییە ئەدەب لە سیاسەت دوور بێ... ئەوە شتێکی سەیرە... کە هەر کەس دەتوانێ نەوعێک لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێ... وە ئەدەب، هەموو ئەدەبێک، کەموزۆر لە خزمەتی سیاسەتدا هەر هەیە، بەڵام خۆ بەستنەوە بە حیزبێک زۆر زەرەر لە شیعر دەدا. تۆ ڕەنگ بێ هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانت، کە لە عیراق دەردەچوو، وە ئێمە دەرمان دەکرد، هەمووت...

بینیوە... بەڵێ...

– بینیوە، وە لەوێ کەم شیعری من دە ڕۆژنامەکەدا چاپ کراوە. ئەو شیعرانەی بێ ئیمزان زۆریان هی منن ئیدی. ئەو دەمەی من حەقم نەبوو هێمنیان دەبن بنووسم. ئەگەر ڕۆژگارێکی «تاریک و ڕوون» بڵاو نەبووباوە تۆ نەتدەزانی «گەرمەشێن» هیی کام شاعیرە، یا «کاروانی خەبات» هیی کام شاعیرە، جا وەرە بە دوایدا بگەڕە. دەبێ کێ بێ «کاروانی خەبات»ی کوتبێ، دەبێ کێ بێ «ئارەق و تین»ی کوتبێ... مەسەلەن شیعرێکی کە من بۆ تەرمی حاجی قادری کۆییم کوتبوو، ڕۆژنامەکەی خۆمان حازر نەبوو چاپی بکا ئیدی. دەیکوت تۆ تازە ئاشکرا بووی و شاعیری ئەو شیعرەی، ئێمە دەمانەوێ شاعیری ئەو شیعرە ئاشکرا نەبێ. تەنیا شیعرێ کە من  بە تەواوی، وەکوو خاتیرەیەکی، لەززەتم لە شیعری خۆم بردووە، چونکوو تەئسیری ئانیی کردووەتە سەر خەڵک، ئەو شیعرە بوو کە من بۆ تەرمی حاجی قادری کوتوومە، بۆ کۆتەڵی حاجی قادر کوتم. لەو کۆبوونەوەی کۆیەدا، کاکە، تەئسیری ئانیی هەبوو لەسەر خەڵکەکەی کە لەوێ بوو. زۆرم ئەو دەمی خۆ خۆش ویست کە دەتوانم شیعرێکی وا بڵێم...

– بەڵام شاعیری کورد، وەک گۆران دەیگوت:

لە پێش هەموو شتێکا چونکی کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم

– هەرچۆنێ بێ، خۆ دەبێ کوردایەتی بکا...

– بەڵێ...

– کوردایەتی لە پارتایەتی جیا دەکەیتەوە؟!

– نەخێر... ئەوەیە عەرزت دەکەم... بەڵام پارتێک کە لە خزمەتی کوردا بێ. وەختێکی من پارتێکم دیت کە لە خزمەتی کوردا نەبێ، ئیدی بۆ دەبێ جاش بم کە من دەخزمەتی ئەو پارتییەیدا نەبم*؟! من دەتوانم لە ڕێگایەکی دیکەدا خزمەتی ئەو کوردە بکەم. بەداخەوە سەر کردەکانی مە زۆر بێئینسافن؛ پێیان وایە هەر کەس دەگەڵ وان نەبێ دوژمنی وانە... (پێدەکەنێ). □

*- *سالی ١٩٨٣ یا ١٩٨٤ دوکتور عەبدولرەحمان قاسملووی شەهید کۆڕێکی بۆ کوردانی ستۆکهۆڵم کردبوو. دۆستێک لە بارەی مام هێمنەوە پرسیاری کرد. دوکتور لە وەرامدا فەرمووی: «ئەوەتا لە ورمێ دانیشتووە و جاشە».*

# فرمێسکی گەش

## تەخمیسی
## مامۆستا مەلا غەفووری دەبباغی
## لەسەر پارچە شیعرێکی هێمن

تاقە رۆژێکم نەدی خۆشی، بڵێم ئیمڕۆ گەشم
ناهومێدی وەک شەوە، گرتوویە سەرتاپا لەشم
خۆزگە دەخوازم کە نەبوایەم لە سەر دنیا، هەشم
«قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم»

کەس بە قەت من نەبوە تووشی مەینەت و دەرد و کەسەر
قەت بە هەڵکەوتیش نەبوو، ئۆخەی لەزارم بێتە دەر
چەرخی چەپگەر چەندی کردم دوور وڵات و دەربەدەر
«سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەییکیش دەس بەسەر
نەمدی رووی ئاسوودەگی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم»

کەس رەفیقی تێشکاو و هاوەڵی داماو نییە
دۆستی تاسەر بۆ نەدار و تاقمی بێچاو نییە
فەیلەسووف پارەی نەبێ لەو خاکی ئێمە پیاو نییە
«دابی کوردی وایە کەس لاگیری لێقەوماو نییە
بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهوەشم؟»

زیزە لێم ئەو یارە تووڕە و تۆسن و کەللە شەقە
گوێی لە تێچینیی حەسوودی دووزمان و ئەحمەقە
سەیرە ناشوێرم بڵێم تۆرانی تۆم پێ ناحەقە
«تیغی بێ مەیلی وجەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە
جەرگی لەت کردم بە جارێک ئەنجنیویە سینەشم»

بردی دڵ وەک پرچەکەی ئاڵۆزی کرد تەبعی لەتیف
تێکی دا لێم رایەڵ و پۆی قافیە و وەزن و رەدیف
چوومە کۆڕی نەردەوە تاقی بکەم بەختی زەعیف
«کوشتمی و شەش خانی ئوممێدی لە من گرتن حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای دوو شەشم»

گەر هەبایە دۆستی وا لەو سەردەم و رۆژگارەدا
لام دەڕشت هەرچی خەفەت بوو لەم دڵە بێچارەدا
دەک نەمێنم بۆیە من سەرناکەوم لەم کارەدا
«نابینی زەردە لە سەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر غەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم»

هەرچی دەدوێنم کە پێم وایە لە چاو من بێغەمە
تێدەگەم رۆژی ئەویش وەک من لە ژێر هەوروتەمە
دۆستی وا کیسەی دڵی بۆ هەڵڕژی ئەوڕۆ کەمە
«خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە رۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم»

ئاوی چاوم وەختە بنچینەی ژیانم هەڵکەنێ
هێند کڵۆڵم یاری بێڕەحمم دڵی راناچەنێ
بۆیە تا ماوم تەرک ناکەم گرین و شیوەنێ
«نایەڵێ دوژمن بە رەنگە زەردەکەی من پێکەنێ
تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم»

من وەتی هەم قەت لە دوو روویی و ریا نەمکردوە حەز
هونەرێکم سینە ساف و پاک و بێباک و غەرەز
وێژەوانێکم لە باسی دەردی گەل نابم وەڕەز
«شاعیرێکی راست و یەکڕووم و فیداکارو نەبەز
کوردە موحتاجی محەک نیم، زێڕی بێ غەلل و غەشم».

---

*مامۆستا مەلا غەفووری دەبباغی رۆژی یەکشەممە ١٣٦٩/٥/٢١ی هەتاوی رێکەوتی ٢٠ی محەڕەمی ١٤١١ی کۆچیی مانگی، ١٢ی ئووتی ١٩٩٠ی زایینی کۆچی دوایی‌ی کرد، رۆحی شاد بێ.*
*تەخمیسی سەرەوە لە بەحری (رمل مثمن محذوف)دا هۆنراوەتەوە.*

*س.م. سەمەدی*
*١٣٦٩/٥/٢٤ی هەتاوی، مەهاباد.*

# هاوئاهەنگیی لەش و رەوان

دۆخی

دەروونیی مرۆڤ فرەشێوە کار دەکاتە سەر لەش و هێزی بەرگریی وی بەرامبەر نەخۆشی کز دەکات، بە تایبەتی بەرامبەر نەخۆشیی دڵ، خوێنهێنەر و خوێنبەر و گەدە. سوورهەڵگەڕان لە شەرمدا باشترین نموونەی کارتێکردنی دەروونە لە لەش.

بە ئەزموون پێشان دراوە کە کاردانەوەی دەروونی، زوو بە زوو کار لە لینجاوی گەدە دەکات. ماوەی چەند ساڵێکە روون بۆتەوە کە خەم و پەژارە هۆکارێکە بۆ نەخۆشیی هەناسەسواری (ئاستما). ئەم جۆرە زانیارییانە بوونە هۆی ئەوەی مرۆڤ پەنا بباتە بەر وەرزشی «خاوبوونەوە» و چاوگیری (خەواندنی موگناتیسی) بۆ چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشی.

وشەی «سیکە» لە زمانی یۆنانیی کۆندا بە واتەی رەوان، گیان، دەروون هاتووە، وشەی «سۆما» ش بە واتای تەن، لەش. زاراوەی سیکۆسۆماتی کە لە لێکدانی ئەو دوو ووشەیە پەیدا بووە، بۆ ئەو نەخۆشییانە بەکار دەبرێ کە هۆیەکی دەروونییان هەبێ. جاران هێندە گوێیان بە نەخۆشیی سیکۆسۆماتی نەدەدا و بە (واهیمە)یان دادەنا.لە سییەکانی ئەم سەدەیەوە، لێکۆڵەرەوە و دەروونناس و زاناکان هەوڵیان داوە بە بەڵگە بیسەلمێنن کە هێندێ نەخۆشی وەک گوشاری خوێن، باداری (رۆماتیزم)، برینی گەدە و نەخۆشیی ریخۆڵە ئەستوورە، تەنێ پێوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە. لێکۆڵەرەوانی ئەمڕۆ پێیان وایە، پێوەندیی نێوان هۆکاری لەشی و دەروونی یەکجار ئاڵۆزە و چیدی ناکرێ مرۆڤ وەک مەکینە سەیر بکرێت.

لە نێو کۆمەڵگە سروشتخوازەکاندا جۆرە سارمۆنی (سەما و نوشتە... هتد) یەک بە کاردێنن بۆ چارەکردنی گەلێک نەخۆشی. راپۆرتی ژێنناس و کۆمەڵناسەکان وەهای پێشان دەدەن کە ئەم سارمۆنییانە کاریگەرن. زانای کەنەدی Hans Selyes لە (گرژی – سترێس stress) وردبووەتەوە و توانیویەتی پێوەندیی نێوان گیان و لەش بە دەربڕین و زاراوەی بیۆکیمی روون بکاتەوە.

بە پێی نووسینەکانی Selyes، سترێس چ دنەدەر و ئەرێتی بێ و چ دنەکوژ و نەرێتی بێ یەک جۆر کاردانەوەی فیزیکیی لە لەشدا هەیە، ئەمەش نێو دەنێ «گونجاندنی گشتی».

سترێس کار دەکاتە سەر (لووی سەرگورچیلە) و ئەویش هۆرمۆنی سترێس دەڕژێنێتە نێو خوێنەوە. دوو جۆری گرنگی ئەو هۆرمۆنە (ئەدرینال) و (کۆرتیسۆل)ە. ئەم هۆرمۆنانە لەش دەخەنە بارودۆخێکی وەهاوە کە ئامادە بێت بۆ «شەڕ» یان «پاشەکشە». هەڵبەتە ئەم بەرتەکە بۆ ماوەیەکی کەمخایەن سوودی بۆ لەش هەیە چونکە رێگەی جووڵەی بۆ خۆش دەکات. لە گەدە و ریخۆڵەکانەوە خوێن بەرەو ماسولکەکان رێ دەکات و ماسولکەکانیش ئامادە دەبن بۆ چالاکی و گورج دەبنەوە.کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ژێر تاوی سترێسەوە کاردانەوەی لەش ئەو گورج بوونەوەیەیە کە باسمان کرد، ئەگەر سوود لەو گورج بوونەوەیەش وەرنەگرێ و نەیکاتە جووڵە و بزووتن ئەوا مرۆڤ نەخۆش دەکەوێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک قسەیەکی ناشرینت پێ بڵێ و بتشکێنێتەوە و تۆیش لێی بێدەنگ بیت، ئەوا گوشاری خوێنت بەرز دەبێتەوە ودەبێتە هۆی گرژبوونی خوێنهێنەر و خوێنبەرەکان و پتر بوونی چەوریی خوێنی لەشت، ئەم چەورییەش مەترسیی نەخۆشیی دڵ و جۆگەکانی خوێن زیاد دەکات، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا ئەو «گورج بوونەوەیەت» بکەیتە جووڵە، ئەوا چەوریی خوێن دەسووتێ و دەبێ بە وزە. کەواتە جووڵە و خاوبوونەوە دەرمانێکی کاریگەرن دژی ئەو نەخۆشییانەی لە سترێسەوە پەیدا دەبن. ئەگەر لەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دووچاری

# ڕەوان و لەش هاوئاهەنگیی

ستریس بێت و بەردەوام هۆرمۆنەکانی ستریس دەرکات، ئەوا دابەشبوونی خوێن بەسەر گەدە و ڕیخۆڵەکاندا تێکدەچێت و مرۆڤ تووشی برینی گەدە یان سکچوون دەبێت. زیاد بوونی لێدانی دڵ دوور نییە ئەنجامی خراپی هەبێ. زیادبوونی چەوریی خوێن دەبێتە هۆی ڕەق بوونی دیواری بۆرییەکانی خوێن. زۆر جار وا دێتە پێش چاو کە ئەو مرۆڤانەی کاری بەرپرسیاری دەگرنە ئەستۆ و پلەی کاریان «هەڵکشاوە» پتر دووچاری ستریس دەبن ، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، کرێکار و لێپرسراو، هەردووک تووشی ستریس دەبن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵویستی مرۆڤ بەرامبەر کارەکە، نەک خودی کارەکە، پێوەندی بە ستریسەوە هەیە. بە گوێرەی هێندێ لێکۆڵینەوە دوو پۆل مرۆڤ هەیە: پۆلی (ئا) ئەوانەی چوست و چالاک و کارکەرن، پۆلی (ب) ئەوانەی بە پێچەوانەن. لێکۆڵینەوەیەکی فراوان، لە سان فرانسیسکۆ، کە هەزاران مرۆڤی گرتەوە، پیشانی دا کە مەترسیی نەخۆشیی دڵەخورپە لە نێو کەسانی پۆلی ئادا دوو هێندەی پۆلی بێیە. لێکۆڵینەوەی دیکە هەیە پیشان دەدا کە کەسانی ئا تەنێ کە تووشی پەژارە دەبن مەترسیی ئەو نەخۆشییەیان لێ دەکرێت. ئەگەر مرۆڤی چالاک لە خەم و پەژارە بپارێزرێت، لەو دەردانە بە دوور دەبێ. مرۆڤێک بە تەنیا بژی و تووشی دڵەخورپە ببێ، سەختە لەو دەردە ڕزگاری ببێ. کەسێک پلەی خوێندەواریی بڵند بێ باشتر دێتەوە سەر خۆ. لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، پتر پیاوە، کە کاتێک بێکار دەبێت، ناچاری دوورە پەرێزی و گۆشەگیری دەکرێ و تووشی دەردی کوشندە دێ. وا پێدەچێ پێوەندییەک هەبێ لە نێوان مەرگ و بێکاریدا. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی، ستریس، توانستی بەرگریی لەش کەم دەکاتەوە. خڕۆکە سپییەکانی لەشی کەسێک کە لە ژێر تاوی ستریسدا بێ، لاوازن بەرامبەر تەنی دەرەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی کزیی مرۆڤ بەرامبەر بەکتریا و ڤایرۆس. کەواتە ڕەوان دەتوانێ بە شێوەیەکی نەرێتی کار بکاتە سەر لەش، هەر بەو پێیە کارتێکردنی ئەرێتیشی هەیە و ئێمە بۆ خۆمان دەتوانین لەشساغیی خۆمان بپارێزین. لەم ساڵانەی دواییدا ڕێبازی وەرزشی خاوبونەوە، وەک ڕامان Meditation و بیۆفیدباک Biofeedback، گیراوەتە بەر بۆ بەرەنگار بوونەوەی ستریس.

جۆرە ناسراوەکانی ڕامان بریتین لە یۆگا و ڕامانی بەرز -Transcendental Meditation، لەم جۆرە ڕامانەدا مرۆڤ لە دەنگێک یان بیرێکی ساکار ورد دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی جێگۆڕکێی خوێن و هۆرمۆن و هەروەها کەم بوونەوەی گوشاری خوێن. (بیۆ فیدباک) یش هەمان کاریگەریی هەیە بۆ پەڕاندنی نەخۆشی میگرێن ( Migraine شەقیقە) و خاوکردنەوەی گرژیی ماسوولکەکان لەکاتی زاییندا و هێورکردنەوەی پەژارەی. تەنانەت شێرپەنجەش، بە پێی هێندێ بۆچوون، کەم و زۆر پێوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە، بەشێک لە زاناکان پێیان وایە کە پەژارە هێندە بەرگریی لەش کز دەکات، ڕێ بۆ کوانەدڕندەکان خۆش دەبێت. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هێندێ دەرد بەوە چارەسەر دەکرێت کە وا لە دەردەدارەکە بکەن نەخۆشییەکەی لە بیر بکات. بە خەیاڵ، نەخۆشەکە، ململانێی نێوان هێزی بەرگریی لەش و کوانەکان وەک یارییەکی فوتبۆڵ دەبینێ، کە تیایدا تیپی بەرگریی لەش، کوانەکان دەبەزێنن. ئەو نەخۆشانەی کە توانیویانە هێزی دەروونییان دژی شێرپەنجە بخەنە کار، دوو هێندەی ئەوانەی دیکە - کە لەم خەیاڵەدا سەرکەوتوو نەبوون- ژیان. □

ئاسۆس کەمال

لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

# سەیید تاهیری هاشمی،

ئەو کەسەی تاکەجارێ چاوی بە مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی کەوتبێ و لەلای دانیشتبێ و گوێی لە قسەکانی بووبێ هەرگیز ئەو مرۆڤە گەورەیەی لە بیر ناچێتەوە. مامۆستا شاعیرێکی ناسک خەیاڵ، نووسەرێکی وردبیر، زانایەکی شارەزا و توانا، سۆفییەکی چاو و دڵ روون و هونەرمەندێکی دەسترەنگین بوو.

سەر لە بەیانیی رۆژی یەکشەممە، ٢-٤-١٣٧٠، یەکەم رۆژی چەژنی قوربانی ١٤١١ی کۆچی، ٢٣-٦-١٩٩١ زایینی بە کۆچی دوایی‌ی مامۆستا، لە نەخۆشخانەی تایبەتی دڵ لە کرماشانی کوردستانی رۆژهەڵات، نەتەوەی کورد رۆڵەیەکی دڵسۆز و هونەرمەندێکی مرۆڤپەروەر و زانایەکی لێهاتووی لە دەست چوو.

سەیید محەمەد تاهیری هاشمی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی، ١٩١٣ زایینی لە دێی (دەوڵەت ئاوا)ی ناوچەی جوانڕۆی کوردستانی ئێران، لە بنەماڵەیەکی سەییدی بەرزنجەییدا هاتۆتە دنیاوە. سەیید قەیداری باوکی، کە بە (سید الدوله) ناسراوبوو، یەکێک بوو لە گەورەپیاوانی ئەو سەردەمەی رۆژاوای ئێران. لە کاتی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفیددا، سەیید قەیدار پێوەندیی لەگەڵ دامەزراند و کوڕە گەورەکەشی لە یارانی نزیکی وی بوون. بنەماڵەی مامۆستا نزیکەی سەد و پەنجا ساڵێ لەمەو پێش لە کوردستانی خوارووەوە هاتبوونە کوردستانی ئێران. باپیری مامۆستا لە دێی دەوڵەت ئاوا خوێندنگەیەکی ئایینیی دامەزراندبوو، کە بوو بە مەکۆی زانست و خوێندن و زمان و ئەدەبیات. سەیید تاهیریش لەو خوێندنگەیەدا پەروەردە بووە، زمان و ئەدەبیاتی کورد و عەرەب و فارسی ناسیوە و بە هۆی مامۆستا مەلا حەمە رەحیمی رۆحانیی سنەیی‌یەوە بەهرەی نیگارکێشی و خۆشنووسیی سەیید تاهیر گەشەی کردووە. ساڵی ١٩٣١ (١٣١٠ی کۆچی) رژێمی رەزاشا کۆمەڵێ لە گەورەپیاوانی عەشایەری کوردی گرت و بەندی کردن، یەکێک لەوانە (سید الدوله)ی بابی سەیید تاهیر بوو. بەو هۆیەشەوە ئەو مەکۆی زانست و مەڵبەندی فەرهەنگەی دەوڵەت ئاواش تێکچوو. بەڵام سەیید تاهیری بەهرەدار لە خوێندن و لێکۆڵینەوە و خۆپێگەیاندندا بەردەوام دەبێ. ماوەیەک لە دایەرەی ئابووری و دارایی و لە بانکی کشتوکاڵی کرماشاندا دەبێتە کارمەند و هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ زانای بەناوبانگی کورد مامۆستا بەدیعولزەمانی کورد - میرزا عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی سنەیی - دەبێتە ئاشنا و لای ئەویش درێژە بە خوێندن و خۆپێگەیاندن دەدات. سەیید ئەلدەولە ساڵانی ١٩٣١ - ١٩٤١ لە زینداندا دەبێ لە ئەسفەهان و لەو ساڵەدا ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوە دەوڵەت ئاوا. سەیید تاهیری هاشمی لە سەرەتای ساڵانی چلدا ئەندامی کۆمەڵەی (ژێ کاف) بووە و پێوەندیی لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد هەبووە. هەر لەو ساڵانەدا بە هۆی (ئیبراهیمی نادری)یەوە لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ-دا ئاشنا دەبێ و شیعر و وتارەکانی لەوێ بڵاو دەبنەوە. ساڵی ١٩٤٣، بە هۆی داگیرکرانی ئێران لە لایەن رووس و ئینگلیزەوە، هەلومەرجی ئێران زۆر نالەبار دەبێ. مامۆستا کرماشان بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە دەوڵەت ئاوا و بەتایبەتی دوای کۆچی بابی ١٩٤٤، بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی خوێندنگەکەی دەوڵەت ئاوا و تەریقەی سۆفیگەریی دەکەوێتە ئەستۆ.

# کۆچی سەرچاوەیەکی روون

مامۆستا کتێبخانەیەک لە دەوڵەت ئاوا دادەمەزرێنێ و بە بەرهەمی کاری کشتوکاڵ و جووتیاری تەکێ و خوێندنگەکە دەبا بەڕێوە و لە پاڵیشیا خەریکی کاری ئەدەبی و هونەری دەبێ. پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد گەلێ لە خەباتکاران لە دەست رژێمی پەهلەوی پەنا دەبەنە بەر بنەماڵەکەی سەیید تاهیری هاشمی؛ لەوانە مامۆستایان عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی، کە ماوەیەک لە دەوڵەت ئاوا خۆ دەشارنەوە و پاشان بە یاریدەی مامۆستا دەپەڕنەوە بۆ کوردستانی گەرمیان.

لە گەلێ سەردەمی دیکەشدا هەمیشە ماڵ و تەکیەی سەیید تاهیری هاشمی سەنگەری پاراستنی خەباتگێڕان و کوردپەروەران بووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ بەدواوە، لە سەر داوای بەڕێوەبەرانی رادیۆی کوردیی کرماشان و قەسری شیرین، مامۆستا چەند پرۆگرامی هەفتانەی ئەدەبی کە لای بیسەرانی دوو دیوی کوردستان زۆر گرنگ و خۆشەویست بوو، پێشکەش دەکرد وەک گوڵزاری ئەدەب، هەوارگەی دڵان، پیاو و ژنانی بەناوبانگی کورد، شاعیرانی کوردی فارسی بێژ، پەخشان و شیعر... هتد. مامۆستا لەم دە ساڵەی دواییدا زیاتر خۆی بۆ خۆشنووسی تەرخان کردبوو، کۆمەڵێ شاکاری جوان و نایابی هێنایە بەرهەم، وەک: قورئانی پیرۆز، (دلائل الخیرات)، (حدیقەء سلطانی)، مێژووی سیلسیلەی نەقشبەندی.

مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی شارەزایەکی بێوێنە بوو، لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و فارسی و عەرەبی، مێژووی کوردستان، عیرفان و ئیسلام، عیرفان و سۆفیزم، مێژووی تەریقەتە سۆفییەکان (بە تایبەت لە کوردستان و لە ئێراندا)، هونەری ئیسلامی، خۆشنووسی، ماتماتیک و عەرووزی شیعردا.

مامۆستا مەولەویناسێکی یەکجار گەورە بوو. مامۆستا هێندە خۆی بە کەم دەگرت کە زانست و هونەری بۆ ناوبانگ نەدەویست و هەر بۆیەش بایەخی بە چاپی بەرهەم و شوێنەوارەکانی خۆی نەدەدا. مامۆستا لەپاش خۆی کۆمەڵێ بەرهەمی بەجێ هێشتوون کە گرنگەکانیان ئەمانەن: دیوانێکی شیعری کوردی و یەکێکی فارسی (تێکڕا پانزدە هەزار بەیت دەبن)، مێژووی عیشق و عیرفان، عەرووز و قافیەی کوردی، عیلمی ئەلبەدیعی کوردی و گەلێ نووسراوی دیکە لە بواری شیعر و تەسەوفدا.

کۆچی مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی، کۆچی زانا و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێکی پایەبەرز و کوردپەروەر و مرۆڤدۆست و خواناسێکی گەورە و مرۆڤێکی سادە و پاک و هەستیارە. سەیید تاهیری هاشمی ناوێکی نەمرە لە مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەی کورددا.

«مامۆستای کورد» □

# شامەرگ

ئامانج شاکەلی

نۆ ساڵان، سەردەمێکی دوور و درێژ بە هەموو تاڵی و شیرینییەکیەوە، بە هەوراز و نشێو و چوار وەرز و شەو و ڕۆژییەوە. تۆ، وەکوو کۆڵکێشێکی بەوەج نەهامەتی و تەنگ و چەڵمەکانی بە کێش دەکەی. سەرچۆپیکێش ئاسا لە گۆڤەندی کەیف و شادییەکانیدا دەقریوێنی. ئێستاش تۆ و جەستەیەکی ماندوو و بێ بڕست. برینێکی قووڵی ئازاراویی خوێن لێچۆڕاو، هەناوێکی هیوا ون کردووی تەم و مژاوی. ژوورێکی لادیوار رووخاوی گڕ تێ بەربوو، خۆت بۆ پێشوازیی سبەینێیەکی نادیار و چارەنووسێکی تاریک ئامادە کردووە.

– ئاخ !

پێچی ئازارێکی سەخت زنجیرەی بیرکردنەوەی بچڕی، بۆنی خوێن و دووکەڵ هێڵنجیان پێ دا لەبەر گڕی کاریتەیەکی ئاگر تێبەربوودا ڕوانییە سەعاتەکەی، چارەکی دەویست بۆ یەک.

– ئەمشەو دەبێ لە جادەکە بپەڕینەوە، بەم ڕێگا ڕۆیشتنەی ئێمە دەوروبەری سەعات یەک ئەگەر تووشی کەمین نەبین لە خەم ڕەخساوین، دیسانەوە داواتان لێ دەکەم وریا بن دوژمن بە بەربڵاوی دامەزراوە، ڕێگا بێ ترس و سەلامەتەکانی دوێنێ و پێرێ، ئەمڕۆ کوێرەڕێ و هەڵدێرن. ئێمە هەرسێکمان لە پێشەوە دەڕۆین، ئێوەش بە دواماندا وەرن، هەر جارەی یەکێکتان پۆلا لە کۆڵ کەن. پۆلا گیان! تۆش خەمت نەبێ لەوبەر تووشی دکتۆرێ هەر دەبین.

ئەم ئەو کاتە بە جامانەکەی دەم و چاوی دەسڕی، بە سادەیی ڕووی کردە سەردەستەکە و گوتی:

– خۆت گێل مەکە، ئەم برینە و دکتۆری کۆڵ بە کۆڵی ئەم هەردە و شاخانەیان نەگوتووە! مەمکەن بە سەربار، لێرەم بەجێ بهێڵن. خێرا بەڕێ کەون تا وەدرەنگ نەکەوتوون

– مەبەستت چییە؟!

– زۆرچاک لێم تێ دەگەی تەنها چەکەکەی خۆم و دووسێ جگەرە. مەتارەکەشم پڕ لە ئاوە. بەخێرچن!

قسەکەی هێندە یەکلاکەرەوە و پتەو بوو، ئەوان لە ئاستیا هیچیان پێ نەگوترا، یەکە یەکە بە سەریدا کووڕ بوونەوە و ماچیان کرد و بەبێ دەنگی ملی ڕێیان گرت و لە تاریکیی شەودا ون بوون.

جگە لە قرچە قرچی سووتانی دار و پەردووی خانووەکە چ دەنگێکی دی نەدەبیسترا. هەورێکی ڕەش لە ئێوارەوە سەراپای ئاسمانی داگرتبوو، تاریکایی‌یەکی قورس وەکوو ڕەشماڵێکی زەبەلاح ناوچەکەی داپۆشیبوو. هەموو شتێ بێدەنگ و نادیار و بەسام!

تۆ ئێستا بابایەکی لە پەل و پۆ کەوتووی، بێ ئامانج و هیوا، داماو و بێ ئیرادە، چاوەڕێی ئەو ساتە بەسامە دەکەی. ساتێکی کورت، یەکجار کورت، بە پەلە و سارد و گوێزانئاسا تاڵەمووی نێوان مان و نەمان دەپسێنێ. بۆشایی‌یەکی گەورە، بەرین و ئەفسووناوی، وەک پووشکەی ناو گێژەنەی زەریا هەڵتدەلووشێ. کپ و بێدەنگ ون دەبی. تاشە بەردێکی قورسی ناقۆلا بە سەر ناو و بوونتدا دادەنرێت. کپ، بێدەنگ! نە شوێن پێیەک، نە هەناسەیەکی گەرم، هیچ... هیچ... مرۆ چۆک بە هەموو شتێ دادەهێنێ، کام هەوراز سەخت و بڵندە سەری پێ دادەنەوێنێ. کام ڕووبارە هار و بەلرفە بێ ئەم بۆڕی پێ دەدا. درندە، ئاگر، سەرما، برسێتی، نەهامەتیی هەزاران دەرد و بەڵای دی هەموو یەک لە دوای یەک دەیان بەزێنێ، ڕامیان دەکا... تەنها مەرگ!.

-ئاخ نامەرد! تف... هیچت لەگەڵ ناکرێ، خوێڕوو و حیزفرسەت، وەخت و ناوەخت نازانی، چنگ لە قوڕقوڕاگەی مرۆ گیر دەکەیت و سووک و ئاسان بەرەو نەمان و ون بوون ڕاپێچی دەکەی... وای دەنا ئەگەر ڕەنگێ، دەنگێکت دەبوو... ئێستا ئیتر تەواو، هەمووی بە جارێ هەرسی هێنا، کەرتە سەهۆڵ ئاسا لە ترۆپکەوە تەپاوتل تا خواری خوارەوە، هەلا هەلا... ئەمەشیان بۆ خۆی مەرگێکی ترە... بەڵام ئەمەیان بە ئازارتر، خاو و دزێو، وەکوو سیکاردێکی کول، لە ساتێکدا سەد جاران هەناوی دەسمێ. برینی کۆن و نوێت دەکولێنێتەوە. کارەساتەکان، ڕووداوەکان لە دوێنێ و پێرێ و پار و پێرارەوە تا ئەمڕۆ یەک یەک بێ ئەوەی خاڵ و کۆمایەک بپەڕێنێ، کاسەی سەرت دەبێتە پەردە سپییەکەی سینەما و بە هەزاران بینەری قۆشمە فیک و هوڕ... بێئیرادە چاو دەنووقێنی پەنجە دەئاخنیتە کونە گۆێکانتەوە، ددان لەسەر یەک دەقرسێنی، سەر ڕادەوەشێنی، هیچ فایەی نییە، بەقەدەر موویەک لێک دانابڕێ... تووڕە دەبی، هەناسەت سوار... تاوان... تاڵان... کوشتن و بڕین... هەڵاتن... قووچاندن... تف نامەرد.

– ئاخ! ئازارێکی چەند بەسوێیە، دەبێ برینەکەم چەند کاریگەربێ؟!

هەناوی خۆی هێنایە پێش چاو، ریخۆڵەکانی لە چەند لاوە پچڕابوون، لەتە ئێسقان و گۆشت... خوێن و پیسایی تێکەڵ بووبوون! حەزی دەکرد بڕشێتەوە، لە دوورەوە وەڕەی سەگێک بۆ تاوێکی کەم دڕی بە بێدەنگییەکە دا بێ ئەوەی خۆی کووڕ بکاتەوە دەستی درێژ کرد و بە ئاگری کاریتەکە جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی قووڵی لێدا، تامێکی تاڵ، گورجێ تفی کردەوە و جگەرەکەی بە بێزارییەوە بە زەوییە تەڕەکەدا پلیشاندەوە. پشتی سەری بە دیوارەکەوە نووساند. جاران بێ جگەرە نەیدەکرا، ڕۆژێ، دوان نانی نەخواردبا باکی نەبوو بەڵام سەعاتێک بێ جگەرە هەڵی نەدەکرد. ترپەیەکی کپ و پاشان تۆپەڵە ڕووناکییەک بە ئاسمانەوە ڕایەڵ بوو و دەوروبەرەکەی وەکوو ڕۆژ ڕوناک کردەوە، دڵۆپی درشتی باران لەبەر ئەو ڕوناکییەدا وەک هەزاران شووشەی بە بریق وباقە. دڵەکوتەیەکی بێ ئامانجی هاتێ، بێ ئیرادە پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی دانا، تۆپەڵە ڕوناکییەکە بچووک و بچووکتر بۆوە و پاش تاوێک بە تەواوی کوژایەوە.

-سەرلەنوێ تاریکی... بێدەنگی... تەنهایی!!

شەو و تەنێکی تێک شکاو و تەنهایی و چاوەڕوانی... چ زوو هاوکێشەکان ئاوها بەسەر یەکدا تێک چوون و سووک و باریک هەڵوەشانەوە، دوێنێ و پێرێ جڵەوی کاروان بەدەست خۆمانەوە بوو بۆ هەر کۆنییەکمان کەیف لێ بووایە دەمان ئاژوا... سەلا لە عەقڵت،جڵەوی چی و تەڕەماشی چی؟! نەک جڵەو هەرگیز کلکی کەرە شەلێکمان بە دەستەوە نەبوو. نەخێر براله خۆڵ لە چاوکردن و کەوئاسا سەر بەژێر بەفردا کردن بوو. ئەگین خۆ وەک ڕۆژی ڕووناک حەی عەلەلسەللا... دەی کای کۆن بە با کردن بەسە! نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە... نەگبەتییەکە لەوەدایە ئەمڕۆ خوانێک لە گۆڕێدا نییە تا نانی لەسەر بێ!

نەهامەتی لەمە سەختتر! کۆست هێندەی ئەمە گورچوبڕ و ئەژنۆشکێن بووە. بۆ شوانی مێگەل هیچ شتێک لەوە ئازاراویتر نییە گەلە گورگ شەلم کوێرم وەناو مێگەلەکەی کەون و ئەمیش هیچی پێ نەکرێ...

تۆف و زریانێکە نەبێتەوە. نە بنکاچێ، نە ئەشکەوتێ، هاوار و قیژەمان لە دیواری دەمی خۆمان

ئەولاتر بڕناکا... ئیدی هەروا گەردەنی بەرخەو بە دەم و کەڵپەی گورگەوە دەشکێ... جۆگەلەی خوێناوە و زەوی و داروبەرد سوور دەکات... ئێمەش شوانی گۆچان دزراو و لاق شکاوین... دەوجا وەرە ئارام بگرە، مەتەقە، لە هەژمەتان دڵت ڕانەوەستێ.

بایەکی بەترەف بە بارانەوە هەڵی کردبوو، تەقەتەقی تەنەکە و قوتووی بەتاڵ تێکەڵ بە گرفە و لرفەی گڕی خانوو ئاگرتێبەربووەکان دەبوو. ئەم لە خانوویەکی سەرپەڕدا شانی دادابووە سەر جەواڵێکی تا نیوە پڕ لە ئارد و لاقەکانی درێژ کردبوو. لە گۆشەکەی بەرامبەریدا سندووقێکی بوراق دەرگاکەی کرابۆوە و سەری کیسەیەکی خامی لێ هاتبووە دەر و لا گوێلێ شەکری لێوە ڕژا بووە سەر زەوییەکە... تۆزێ ئەولاتر کتلی و قۆری و سێ چوار پیاڵە، دوانیان هێشتا پڕ لە چا بوون. لەتە ئاوێنەیەک، تاکێ کلاش و تەشتێکی پڕ لە نان. لەبەر دەرگای ژوورەکەشدا لبادێک... بە شڵەژاوی لوول کرابوو... لە دەرگا و لادیوارە ڕوخاوەکەی ژوورەکەوە باو باران خۆیان بە ژوورێدا دەکرد... پێچی ئازارێکی تر هەناسەی سوارکرد، زاری وشک، قومێک ئاوی لە مەتارەکە خواردەوە. لە دوێنێ ئێوارەوە هیچی وەسەر زار نەکەوتبوو، بە ئاستەم خۆی بو لای تەشتە نانەکە کووڕ کردەوە، چەخماخەی ئازارێکی بە تین هاوارێکی ناکاوی لەدەم هێنایە دەر، ناچار گەڕایەوە دۆخی جارانی...

– چ بۆنێکی بێز وەهێنەرە ئەم بۆنی خوێنە...

لاقی چەپی تەزیبوو، بە زەحمەت تۆزێک بزواندی، دەتگوت لاقی لە گەچ گیراوە، پەنجەکانی خاو و بێهێز، تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد... دوو و چارەک، هەناسەیەکی هەڵکێشا. ئیدی لەوە دڵنیا بوو کە بە سەلامەتی پەڕیونەتەوە، هەستی بە تەنهایی‌یەکی بێ ئامان کرد.

(نەورۆزی پار، چوار ڕۆژ پێشتر هێرشە گەورەکەمان تێک شکاندبوو، بن دار و سەر سەوزەگیای گوێ چەمەبارێک، پەیتا پەیتا خێزان و کەس و کار دەهاتن، جل و بەرگی خاوێن و نرت و نوێ... کفتە و کەبابی گەرم، نامە! ئەوێ ڕۆژێ داوەتی چاکمان کرد... نامەکەی هەلالەش ئەو ڕۆژە گەیشت... نامەیەکی درێژ لەسەر کاغەزێکی پەمەیی‌ی بۆنخۆش.

–لەسەر کاغەزێکی پەمەیی بۆنخۆش!

بێ ئیرادە بە دەنگەوە وای گوت، چاوی بڕییە گڕی ئاگرەکە، بزەیەکی شیرین لەسەر لێوە ماندووەکانی داگیرسا.

–کە دەڕۆی ئیدی نەبیتە بەردی بن گۆم، جار جارە دەنگێ، هەواڵێ، بەسەرم کەیتەوە!

دوو چاوی گەشی بریسکاوە، لێوی سووری پشکۆیین، سنگی بەرز، ئەم هەناسە سوار و دڵ بە تەپە تەپ کەوتوو بە گرانی گوتی:

– هێندە بێوەفا نیم، بەسەر سەدان بۆسە و تەڵەدا خۆم دەگەیێنمە لات.

ئەو بەنازەوە پێکەنی:

– واش نا... خۆت بە گورگان خوارد نەدەی!

ئەم دەستی بەسەر قژی ئەودا هێنا، بۆ ساتێک لێویان لێک جووت بوو، بە ئاشکرا گوێیان لە لێدانی دڵی یەکتر بوو، تاقگەیەک هێز و خۆشی، نەرمەبارانێک بەسەر گوڵاڵە سوورەیەکی تەڕ و پاراودا، چەخماخەیەک لە قوڵایی‌ی ئاسمانی تاریکدا بریسکەی دا.

– ئۆووف!

هەناوی پڕ بوو لە شادی... ڕیزێک تەقە بێدەنگییەکەی شڵەژاند، ئەم وەکوو لە سەربانێک بەربێتەوە و بە پەلە دەستی بۆ تفەنگەکەی برد، ماندوو و بێهێز.

ئیدی بۆ هەتا هەتایە نە بزەیەک نە خەندەیەکی شیرینت بە ڕوودا نادرێ.

– ئاخ خۆزگە یەک ڕۆژ، تاقە یەک ڕۆژم مەودا دەبوو، تێنوێتیی ئەو هەمووساڵەم دەشکاند... نۆ ساڵان... چەک، سەرما، ئەسپێ و تەقە و ترس، سووتان، خوێن...

ئێستە تەواو لێ بوویتەوە... بەسەرهاتی ژیانت، ڕۆمانێکی پووچ و بێزهێنەرەوەیە، کەس نایەوێ کاتی خۆی بە خوێندنەوەی بە فیڕۆ بدات. ئەمشەو ناگاتە سبەی خاڵێک لەسەر دوا دێڕی دادەنرێ و دەهاوێژرێتە کونجی نەمان و نەبوونەوە.

با و باران لێیان کردبۆوە، ئەستێرە لە قوڵایی‌ی ئاسماندا دەیانجریواند، شەوێکی بەسام،گوندێکی ئاگرتێبەردراوی چۆڵ، جەستەیەکی نیوە گیان، برینێکی ئازاراویی قووڵ، یەکجار قووڵ! بە ڕقەوە چنگی لە زەوییەکە گیر کرد، لەبەر خۆیەوە گوتی:

–ساتێکی کورتە، یەکجار کورت، بۆ دەبێ من چاوەڕوانی ئەو دەم بۆ خۆم بە پیرییەوە نەچم؟! لوولەی تفەنگەکەم ڕێک لە نێوچەوانم گیر دەکەم و پەنجە بە پەلەپیتکەکەدا دەنێم...

نۆ ساڵان... ئەسپێکی دەست و پێ شکاوی شان و مل جەدەو... هاوەڵەکانت ئەم ئێوارەیە تەنانەت هەر بۆ دڵدانەوەیشت زۆریان لێ نەکردی... سووک و ئاسان بە جێیان هێڵای، لە خوایان دەویست.

–نامەیەکی درێژ،

–کاغەزێکی پەمەیی بۆنخۆش.

–دوو چاوی گەشی بریسکاوە، دوو جەستەی لێک ئاڵاو و نەرمە هەناسە و ناز و ... بەهار و خۆر و باران!!

لوولەی تفەنگەکەی لەدەست ترازا، ماندوویەتی و برسیەتی بە تەواوی بڕستیان لێ بڕیبوو، کاریتە گڕ تێ بەربووەکە قرچەیەکی لێوە هات و کەڵە پشکۆیەکی لێوە کەوتە سەر زەویەکە...

تۆ چیت لەم بەزمە دابوو؟ بۆ دەستت بە کلاوی خۆتەوە نەگرت؟

ئەم مامە خەمەیی‌یە کام دەردی بۆ دەرمان کردووی؟

–سەیرە! بە زۆری زۆردارەکی چۆک لەسەر سفرەکەت دادا، هەمووی هەڵلووشیٚ و پاشان سفرە و کاسە و کەوچک وەبەر شەپان دا، تف بارانت کا، ئاگر لە ماڵ و گیانت بەردا، هەناسەی ئاسایشت لیٚ بکاتە ژاری مار!! وای نامەرد، خویٚن... کۆچ ... ویٚران کردن...

بۆنیٚکی خاوی نەرمی بەهارە لەگەڵ شنەی بادا، ختووکەی کەپووی دا، دڵی خاو و خاوتر لیٚی دەدا.

– واهات... واهاتیت، لیٚرەم، دەمیٚکە چاوەڕوانتم

ئاسۆی رۆژهەڵات رووناک دەبۆوە، خەونیٚکی قووڵی دەهات، پیٚڵووەکانی قورس بوون، دەستەکانی دوو پارچە پەڕۆ... دەنگی هەناسەی کەسیٚک هات، بەترسەوە سەری هەڵبڕی:

– تۆ؟!

– ئەریٚ، دەمیٚکە بە دیارتەوە راوەستاوم. کەچی هیچ ئاگات لیٚم نەبوو.

– ئەی تۆ؟ ئاگات لە هەموویەتی؟!

ئەو سەری لەقاند، ئەم ویستی راست ببیٚتەوە، نەیکرا... بە ماندویٚتی گوتی:

– بۆ هاتی؟ هیچ نەبیٚ لیٚگەڕابای بەبیٚ دەنگی کۆتایی بیٚ... ئیٚستا یەکجار دژوارە.

ئەو لە تەنیشتیەوە دانیشت، وەک دەست بە گوڵیٚکی ناسکدا بیٚنیٚ ئاوها دەستی بە قژی ئەمدا هیٚنا، پەڵمە گریان ببوو... بەدەم کرۆشتنی لیٚوەکانییەوە پرسی:

– خۆشت دەویٚم؟!

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمیٚسک...

ئەم بە سەرسووڕمانەوە رامابووە ئەو... ئەو باوەشی بەمدا کرد... لیٚوە تەڕە گەرم و پاراوەکانی بە لیٚوی شەقار و وشکهەڵاتووی ئەمدا نووساند... دوو پشکۆ، لیٚزمەی تاوە بارانیٚکی بەهارە... شنە بایەک بەسەر نیٚرگسەجاڕیٚکدا هەڵی کرد... ئەم بە دەم هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی:

– لە هەموو دەم زیاتر، خۆشەویسترین هاوڕیٚم.

خۆر بە ئاستەم هەڵاتبوو، ئەم بۆنی نەرمی بەهارەی لەگەڵ بۆنی پرچی هەڵاڵەدا پڕ بە سنگی هەڵمژی، جگە لەو دوو بۆنە، نە بۆنی خویٚن نە هی دووکەڵ نەدەهات... لە نیٚوان تاڵەکانی قژی هەڵاڵەوە تیشکی زیٚڕینی خۆر و خاکی سەوز و پاراوی بەهاری دیت، هەستی کرد تا ئەو ساتە خۆر و بەهاری هیٚندە بەو ئەندازەیە جوان نەدیوە!

□ ١٩٩١/٢/٦

*گیروگرفتەکە لەوەدایە کوردەکان، کە زۆر بە قووڵی ئاگاداری میٚژوو و ژمارەی خۆیانن، چاویان لە زەریایەک دەوڵەتی نەتەوایەتییە و پرسیار دەکەن بۆچی ئەوان، کە چوارەمین گرۆی گەورەی ئەتنیکی (رەگەز) رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بڕیاری چارەنووسیان لیٚ زەوت کراوە، لە کاتیٚکدا خەڵکی دیکەی وەک پالاوەکان کە ٣١ هەزار کەسن، ڤانواتووەکان کە ژمارەیان ٩١ هەزار کەسە و ساموانەکان کە ١٩٠ هەزار کەسن وەک دەوڵەتی سەربەخۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەرگیراون. دانیشتووانی لوکسەمبورگ چوارسەد هەزار کەسن و ئیسلاندیش دووسەد و دە هەزار کەس. لەو دەوڵەتانەی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رەسمی ناسراون، ١٣٥ دەوڵەتیان ژمارەی دانیشتووانیان لە هی کوردستان کەمترە. تەنیا سی وڵات، لە سەرجەمی ١٦١ وڵات، دانیشتووانی زۆرتریان هەیە. (بە تەنیا شاری کرماشانی کوردستانی ئیٚران هیٚندەی کورد تیٚدایە کە لە خەڵکی ئەم وڵاتانە زۆرترن). لە کاتیٚکدا ئەتنیکەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتیش گۆرانییەکی هەر ئاوا دەچڕن، گومانیٚکی زۆر کەم لەوەدایە کە کورد لە رۆژانی داهاتوودا، هەر لەسەر گۆرانی وتنی خۆیان بەردەوام دەبن و بگرە بە دەنگیٚکی بەرزتریش دەیڵیٚن.*

**Vera Beaudin Saeedpour**
Opinion, in: Kurdish Life, number one, Fall 1991.

□

# گەڕیدە پۆلۆنییەکان لە ساڵانی ۱۸۰۰دا لە کوردستان

لیژەک ژیگیل

## بارودۆخی

ساڵانی ۱۸۰۰ی پۆلۆنیا، کوردستانی وەبیر دەهێنایەوە. پۆلۆنیا لە لایەن سێ دەسەڵاتداریێتیی بێگانەوە داگیر و دابەش کرابوو. ئەو دەسەڵاتداریێتییانە لە نێوان خۆیاندا پێکهاتبوون لەسەر ئەوەی کۆمەک بەیەکدی بکەن بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی هەموو یاخیبوون و راپەڕینێکی گەلی. کەسانێکی زۆر بە هۆی سیاسەتەوە پۆلۆنیایان بەجێ هێشت و روویان کردە ئیمپراتۆریەتی وەسمانی و بوون بە پەنابەر و لەوێ پارێزگارییان لێ کراو کاریان درایە و لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە داڵدە دران. شان بەشانی ئەو هەڵاتووە سیاسییانە زانا و مژدەدەر (مسیۆنێر)ە پۆلۆنییەکانیش گەیشتنە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. راپۆرت و نووسینەکانیان لە گۆڤاری بە ناوبانگ و لە شێوەی کتێب و بیرەوەریدا بڵاوکراونەتەوە. کوردستان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تری ئەو بەشەی رۆژئاوای ئاسیا کەمتر دەستی دەگەیشتێ و شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە ئەگەر نووسراو و راپۆرتەکان زێتر باسی میزۆپۆتامیاو رۆژئاوای تورکیا و فەلەستین و میسر دەکەن. بەڵام لەوەش کەمتر توێژەرە پۆلۆنییەکان خۆیان بە لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردستانەوە خەریک نەکردووە. ساڵی ۱۹۷۳ مارییا پارادۆڤسکا، کە ئەتنۆگرافیکی خەڵکی پۆزنانە کتێبێکی بە نێوی «نووسراوە پۆلۆنییەکان لەمەڕ ساڵانی ۱۸۰۰ لە عێراق لە شێوەی توێژینەوەیەکی ئەتنۆگرافیی مەیدانیدا» نووسی. پارادۆڤسکا لەم کارەیدا تەنێ بە شێوەیەکی کەم لەمەڕ کێشەی کوردەوە دەدوێ و وەکوو ئەو باسی دەکات، ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی (۱۸٤۱–۱۸۹٤) یەکەم گەڕیدەی پۆلۆنی بووە و بژیشکی لەشکری بووە لە لەشکری تورکدا و پاشان بووە بە ئەندامی کۆمیتەی تەندروستی جیهانی لە سکوتاری – ئەلبانیا و لە بورگاس – بولگاریا. بۆیەکەم جار ساڵی ۱۸٦٦ سەردانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردووە و گەشتەکەی لە حەلەبەوە دەست پێ کردووە بەرەو دیاربەکر و مووسڵ و کەرکووک. لە کەرکووک لە نەخۆشخانەیەکی سپایی تورکیدا کاری کردووە. ساڵێک پاشتر گوێزراوەتەوە بۆ باشوور بۆ دیوانییە و پاشانیش بۆ مووسڵ. لەوێ بە خێرایی و هاسانی جێگیر بووە و بە چاکی و رەوانی زمانی تورکی فێر بووە و گەلێک دۆست و برادەریشی پەیدا کردووە. بە گەشت و سەردان چۆتە گوندەکانی دەوروبەری مووسڵ و دەرفەتی ئەوەشی بۆ هەڵکەوتووە کە ناسیاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی یەزیدیدا پەیدا بکات و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە بە تایبەتی بەلای ئەوەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بووە. ساڵی ۱۸۷۰ گوێزراوەتەوە بۆ حللە و لەوێوە لە رێگەی کەربەلا و بەغدا و مووسڵ دیاربەکرەوە رۆیشتووە بۆ ئەستەمبووڵ. ساڵی ۱۸۸٤ لە کاتی بڵاوبوونەوەی مافەتەدا لە شێوەی تورکێکی نوێنەری کۆمیتەی تەندروستی جیهانیدا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کاری پشکنینی ئەو ناوچانەی دەوروبەری بەغداو کووت و عەمارەی وە ئەستۆ گرتووە. سەبارەت بە هۆیەکانی پەیدابوون بڵاوبوونەوەی پەتا لە نێو کوردەکانی ئێراندا، ساڵی ۱۸۸٥ دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و لە دواییشدا لە گوندێکی چکۆلانەی کورددا لە نزیکی سلێمانی کاری کردووە. هەمان ساڵ لە سپای تورک خانەنشین کراوە و ئیدی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەجێ هێشتووە. ساڵانی دوایی ژیانی بە کاری پزیشکییەوە بەسەر بردووە لە بورگارس کە بەندەرێکی بولگارییە.

ئەلیکساندەر یابلۆنۆڤسکی (۱۸۲۹–۱۹۱۳) کە برای ڤلادیسلاڤ بووە، مێژوونووس بووە و هەوەس و سۆز و ئارەزووی بۆ توێژینەوە بەرەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بردووە لەوێ ساڵێکی بەسەر بردووە. ساڵی ۱۸۷۰ لە رێگەی سووریاوە سەری دیاربەکری داوە وپاشانیش لە گەشتەکەیدا بەردەوام بووە و چۆتە مووسڵ و بەغدا و حللە و کەربەلا. لە کۆتاییشدا لە رێگەی دیمەشق و بەیرووت و یافاوە گەیشتۆتە ئورشەلیم و میسر و بەسەر ئەستەمبووڵدا گەڕاوەتەوە بۆ پۆلۆنیا.

کارۆل برزۆزۆڤسکی (۱۸۲۱–۱۹۰٤)، سەرباز و سیاسی و شاعیری ئاوارەی پۆلۆنی ، ئەو کەسە بوو کە پتەوترین و بەهێزترین پەیوەندیی لەگەڵ کوردستانی ساڵانی ۱۸۰۰دا هەبووە.

سالی ١٨٥٣ لە پاریسەوە گەیشتۆتە ئەستەمبووڵ و لە ئەنادۆڵ و بوڵگاریا مەکەدۆنیا و تراکیا و تیسالیا و ئەلبانیادا لەگەڵ تەکنیکیە پۆڵۆنییەکاندا کاری کردووە و جارجاریش بە ڕاوو شکار خۆی ژیاندووە. تورکەکان پێیان گوتووە «قەرەئانجی» یانی ڕاوکەرە ڕەشەکە. کچی کۆنسولی فەرەنسیی لە لاتاکیا هێناوە. سالی ١٨٦٣ گەڕاوەتەوە بۆ ئەورووپا بۆ ئەوەی لە ڕاپەڕینەکەی پۆڵۆنیا بەشدار بێت و لەو ڕاپەڕینەشدا بە سەختی بریندار بوو. پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە لە تورکیا کاری باخەوانیی کردووە پاشان چوتە نێو ئەو دەستە و تاقمەوە کە لە دەوری مەدحەت پاشای ڕیفۆرمیستی ئابووریی مێزۆپۆتیای ئالابوون. مەدحەت پاشا باخێکی لە نزیکی بەغدا بە دیاری پێ بەخشیوە. سالی ١٨٦٩ بە کۆمەکی مەدحەت پاشا دەستەیەکی پشکنینی جوگرافیی ساز کردووە و هەموو ئامراز و کەرەسەیەکی کاری بۆ ئامادە کردوون، بۆ پشکنین وتوێژینەوە و نەخشە کێشان لە هەندێ شوێندا لە چیای زاگرۆس لە کوردستان. سالی ١٨٩٢ڕاپۆرتێکی بە ناوی «ڕێ پێشاندەرێک لە سلێمانییەوە تا ئامێدی Hineraire de Suleimani a Amadia لە مەڕ توێژینەوەکانی بلاوکردەوە. برزۆزۆڤسکی بە ناسراوترین شارەزایانی کوردستانی سالانی ١٨٠٠ دادەنرا. پاش وەی کە ٣٠ سالی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بەسەر بردووە، گەڕاوەتەوە بۆ پۆڵۆنیا بۆ ئەوەی «کوڕەکانی پەروەردە بکات بۆ ئەوەی ببنە پۆڵۆنی، نەک عارەبی فەرەنسی» - ژنەکەی فەرەنسی بووە. ئەو سێ دۆزەرە (مكتشف) پۆڵۆنییانە کۆمەڵێک بیرەوەری و گوتاریان لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە کە بوونەتە هۆی بلاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی کوردستان و فەرهەنگی کوردەوە لە نێو هەموو ئەورووپاییەکاندا. ئۆگوست کۆشسێژا ژابا (١٨٠١-١٨٩٤) چوارەم گەڕیدەی پۆڵۆنی ، بەشێکی لە فەرهەنگی کوردی لە بزربوون و لەنێوچوون ڕزگار کرد و زمانی کوردیی بە ئەورووپا ناساند. ژابا زمانە ڕۆژهەلاتییەکانی لە پێشدا لە زانستگەی ڤیلنۆ لە پۆڵۆنیا و پاشان لە زانستگەی سانت پیتەربۆرگ و مۆسکو و کازان لە ڕووسیا، خوێندووە و دوایی لە دەستەی دیپلوماسیی ڕووسیای تزاریدا لە یافا و ئیزمیر کاری کردووە و لە سالی ١٨٤٨ وە تاوەکو ١٨٦٦ لە ئەرزەرووم بووە لە کوردستانی تورکیا[1]. لە ئەرزەڕۆم دەستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ کردووە لە نێو هۆز و خێلە کوردەکاندا لە تورکیا و عێراق.

ژابا یەکەم کەس بووە فەرهەنگێکی کوردی - فەرەنسیی ئامادە کردووە و لێکۆڵینەوەیەکیشی بە نێوی Recueil de notices et recis de la litteatur et des tribus de kurdistam - تێبینی و سەرنج و گێڕانەوە لە بارەی ئەدەب و خێلەکانی کوردستانەوە- نووسیوە. ژابا لە نێو هاوچەرخەکانیدا بە چاکترین شارەزای کێشەی کورد دادەنرا. ژابا لە ئیزمیر مردووە و تەواوی دەستنووسەکانی بۆ ئەرشیفی ڕووسی لە سانتپیتەرسبۆرگ بە جێ هێشتووە، بە پێچەوانەی پۆڵۆنییەکانی دییەوە تەنێ بە زمانی فەرەنسی دەینووسی. ژابا داوای لە مەلا مەحموودی بایەزیدی[2] کردووە کە دۆکومێنتە کوردییە کۆنەکان کە زۆر لایەنی ڕۆحی و ماددی و فەرهەنگیی کوردی کۆتایی سالانی ١٧٠٠ و نیوەی یەکەمی سالانی ١٨٠٠ لە دوو توێدا پارێزراوە، کۆبکاتەوە و لە شێوەی کاتالۆگدا ئامادەیان بکات. ئەو کەرەسە بەنرخانە کە مەلا مەحموودی بایەزیدی بە ناوی (عادات و رسوماتنامەى أكراديە) [3] وە نووسیبووی و پاشان لە ئەرشیفەکەی ژابادا دۆزرایەوە، سالی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بە زمانی ڕووسی بلاوکرایەوە. ڕەنگە شتێکی سەرنجڕاکێش بێت گەر بڵێین شارەزای ڕووسی بەناوبانگ لە بارەی کوردستانەوە، ڤاسیلی نیکیتین، کە نووسەری کتێبێکە بە نێوی «کوردەکان les kurdes » ، ئەو کتێبەی کە دوای جەنگی جیهانی دووهەم لە پاریس بلاوکرایەوە، بە بنەچە پۆڵۆنییە و لە سۆسنۆڤییەچ کە ناوچەیەکی پڕ لە کانە لە باشووری پۆڵۆنیا لە دایک بووە و دایکیشی پۆڵۆنی بووە.

ئەنجومەنی پیران و پەرلەمانی پۆڵۆنی لە شێوە و چۆنیەتیی کارگێڕی و کار و فرماندا سوودێکی زۆری لە سەقامگیری و ڕێکوپێکی و کۆکیی کارگێڕیی دەوڵەتی و کۆمەڵگەی تورکی وەرگرتبوو. پۆڵۆنییەکان لە شێوەی پزیشک و تەکنیکی و فەرمانبەردا لە نێو کارگێڕی وەسمانیدا کاریان کردبوو وەکوو خەڵکێکی بێگانەش دۆستانە و بەسۆز و حەزەوە دەیانڕوانییە گەلی کورد. لە بارەی شێوەی ژیانی ئەو سەردەمەی هۆزە کوردەکانەوە باسی ئەوەیان کردووە، کە بەشێکیان ڕەوەند و شوان بوون و بەشێکی زۆریشیان وەرزێری سەقامگیر و نیشتەجێ یان بازرگان و پیشەساز بوون.

لەمەڕ هۆزی شەڕانی و چەتەی هەمەوەندەوە[4]، کە کاروانی بازرگانییان لە نێزیکی کەرکووکی ڕووت کردبووەوە، ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی دەڵێ، کە ئازایی و فێلبازیی کوردەکان بێچارەیی و دەستەپاچەیی سەرانی تورکان ئاشکرا دەکەن. لەبەر ئەوەی کوردەکان لە کەرکووک و بەغدادا سیخوڕیان هەبوو زووتر بە نەخشە و پلانی تورکەکانیان دەزانی پێش ئەوەێ تورکەکان خەڵک بنێرنە سەریان بۆ سزادانیان و زۆریش زیرەکانە بە بەرتیل دەمی فەرمانبەر و کاربەدەستە وەسمانییەکانیان چەور دەکرد.

یابلۆنۆڤسکی لەگەڵ دەستەیەکی تورکی ڕالەخۆبوو و گەورەدا کە نێردرابوون بۆ سەرکوت کردنی حەسەن بەگ و جوامێری

سەرۆکانی هۆزی هەمەوەند چووبووە ناوچەی چەمچەماڵ و باسی ئەو ناوچەیەی کردووە. گەڕیدە و بینەرە پۆلۆنییەکان ئەوەیان یاداشت کردووە کە ئەو مرۆڤە خێلەکییە بوێر و ئازا و خۆڕاگرانە کەوتبوونە داوی شەڕ و دوژمنایەتیی نێوخۆوە و کارگێڕانی تورکیش ئەوەیان بە تەواوی قۆستبووەوە و سوودیان لێ وەرگرتبوو. پۆلۆنییەکان وەنەبێ بە تەنێ باسی رەوەندەکان و باری ئابووریی ئەوانیان کردبێ، ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی و کارۆل برژۆزۆڤسکی لەمەڕ کشتوکاڵ و وە بەرهەم هێنانی گەنم و جۆ و نیسک و لۆکە و توتن وو برنج و گەنمەشامی لە کوردستاندا نووسیویانە. ئەوان گەلێک بە باخ و رەزی سلێمانی و رەواندزدا هەڵدەدەن و پەسنی دەدەن و زۆریش بە سەیرەوە باسی خۆخ و هەڵووژە وشووتی و کاڵەک و ترێی ئەو ناوە دەکەن. ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی باسی کانییەکی نەوت و کۆمەڵە کارکەرێکی نیوە رووت کە خەریکی کۆن کردن و هەڵکەندنی بەردو تاوێر بوون بە دووی نەوتدا، لە ناوچەی کەرکووک دەکات. دەرهێنانی نەوت لە کوردستان عێراقدا بەشێوەیەکی نوێ لە ساڵی ١٩٢٧ وە دەست پێ دەکات کە دەکاتە کۆمەڵە ساڵێک پاش مردنی گەڕیدە پۆلۆنییەکان. پۆلۆنییەکان باسی چێشت و خواردن و خواردنەوە کوردییە نەریتی و پەیڕەوەییەکانیان کردووە و پەسنی وە بەرهەمهێنانی شیرەمەنیی کوردییان داوە و سەرنجی خۆیان لەمەڕ چۆنیەتیی چێکردنی پەنیرەوە یاداشت کردووە. ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی تا رادەیەک بە درێژا باسی قاوەخانەیەکی ئاسایی دەکات لە مووسڵ، پۆلۆنییەکان لە بارەی سەبیلە کورتەکانەوە دەنووسن کە لەو دەمەدا باو بووە و مووسڵ بە نێوەند و جێگەی سەبیلی جوان دادەنێن.

برژۆزۆڤسکی و یابلۆنۆڤسکی لە بارەی گوندەکانی داوێنی کەژەکانەوە کە رەوەندەکان زستانانیان تێدا بەسەر بردووە، نووسیویانە و باسی کۆلیتە قوڕینەکانی پێ دەشتەکانیان کردووە و لە بارەی ئەوەشەوە دواون کە جارجاریش توشی مرۆڤگەلێک هاتون کە لە نێو ئەشکەوت و کوندا لە نشێوەکاندا و لە دۆڵەکانی دەوروبەری چەم و رووبارەکاندا ژیاون. جگە لەوانەش باسی شارگەلێکی گەورەی وەکوو کەرکوک و مووسڵیشیان کردووە. یابلۆنۆڤسکی شاری قایم و سەختی ئامێدیشی پێ سەیر سەرنجراکێش بووە.

جل و بەرگ و پۆشاکی نایاب و سەیری کوردەکان زۆر سەرنجی پۆلۆنییەکانی راکێشاوە و تێبینیی خشڵ و کەرەسەی خۆڕازاندنەوە و ئارایشی کوردەکانیان کردووە. گەڕیدەکانمان پاچەی کەتانی نایابی مووسڵ و جاجمی چنراوی دەستی ژنانی رەواندوز و چەک و فیشەک و نەخش و نیگاری تەختە و دارتاشین و دیکۆری پیاڵە و پەرداخی سلێمانییان نرخاندووە و بە لایانەوە گرنگ بوون. گەڕیدەکان پاش ئەوانە باسی ئامرازی گواستنەوە و هاتوچۆ و بازاڕ دەکەن و لە بارەی بارکردن و گواستنەوەی کووتاڵ و شت و مەکەوە دەدوێن کە بە (کەڵەک) ئەنجام دراوە و باسی پردی سەیر و نائاسایی دەکەن و یەکێک لەو پردانە پردی مووسڵە کە لەلایەن ئەندازیاری پۆلۆنی لودڤیک کۆرڤینەوە دروست کراوە.

گەڕیدە پۆلۆنییەکان تا رادەیەک زانیارییەکی کەمیان لە بارەی بناخە و پێکهاتنی کۆمەڵگای کورد و باوەڕی ئایینییانەوە بەجێ هێشتووە. ئەوان لە پلەیەکی بەرز و بەرچاودا دابەشکردنێکی بنەڕەتی و بنچینەیی لە بەینی چینێکی ئەریستۆکراتی دەوڵەمەند و چینێکی وەرزێری هەژاردا لە نێو هۆزێکدا وەدی دەکەن. بە زۆریش لە شێوەی نەریتی پێکهاتنی پاتریارکی خێزانەوە دواون کە تێیدا شوێن و پایەیەکی شیاو و هێژا بۆ ژن بەجێ هێڵراوە. ژنان جوان و پڕ وزەن و زێتر قورسایی ئەرکی ماڵیان لەسەرە و کاری کێڵگە و کاری جودا جوداش لە پیشەسازیی لۆکەدا دەکەن. ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی بە سەرپێییەکەوە باسی هاوکاری و پشتگیریی نێو هۆزی کردووە لەمەسەلەی خوێن و دوژمنایەتیدا. یابلۆنۆڤسکی و برژۆزۆڤسکی هەردووکیان بە روونی و دڵنیاییەوە باسی هەستی رێبەرێتی و شەڕانێتی دەکەن لە نێو کورددا کە دەبێتە هۆی پەلاماردان و تالان و برین، هەروەها باسی خۆشەویستیی کوردان دەکەن بۆ وڵاتەکەیان و کە چۆن جارێک کوردێک زۆر بەگەرم و گوڕییەوە لە بارەی مێرگ و دارستانانی جوانی دەوروبەری رەواندز و کوێستانجاقەوە دواوە. برژۆزۆڤسکی کورد وەکو گەلێکی بە خاکەوە گرێدراو لە قەڵەم دەدات، لە سەرەتادا دەرفەت نادەن و لێناگەڕێن کە هەڵخەڵەتێنرێن و لە پێشدا لە خەڵکی نامۆ و دەرەکی بە گومانن و لە هەمان کاتیشدا دەبنە دۆست و چاوتێر و مێوان پارێزیشن. هونەری پزیشکیی نەریتی لە تیمارکردنی بریندار لای کوردان زۆر کاریگەرە، ئەوەش برژۆزۆڤسکی بۆخۆی دیویەتی و بۆی ئاشکرا بووە کاتێک کە لە لایەن دۆستە کوردەکانیەوە تیمارکراوە.

یابلۆنۆڤسکی و برژۆزۆڤسکی زێتر و روونتر باسی مەیل و ئارەزووی زۆری کورد دەکەن بۆ گۆڵمەز و رابواردن و گۆرانی و داستانی دوورو درێژ. ئەدەبەکەشیان کە بە دەمیوەمچە بۆ وەچە گێڕاوەتەوە و بەو شێوەیەش بڵاو دەکرێتەوە، گەلێک ئەفسانە و شیعری سەرزارەکیی سەیری تێدایە. برژۆزۆڤسکی بۆی رێک کەوتبوو کە حیکایەتی شای دێوان ببیسێ، ئەو شای دێوانەی کە لە هیندستان دەژێت و ناو بە ناو دەکەوێتە ئەو کەژ و کێوانەی دەوروبەر بەدووی تاوانباراندا و بە بوومەلەرزە سزایان دەدا. ئەو باسەی کە یابلۆنۆڤسکی لەمەڕ یەزیدییەکانی سنجارەوە نووسیویەتی بەشێکی سەربەخۆیە و ئەو لە بارەی رەوشی ئابووری و پەیوەندییان لەگەڵ موسڵمانە نادۆستەکان و باوەڕ و داب و

نەریتی ئایینیان و گۆڕستانەکانیانەوە دەدوێ.

ئەو زانیاریانەی کە پۆڵۆنییەکان لە بارەی شێوەی ژیانی کورد و فەرهەنگی کوردەوە لە سالانی ۱۸۰۰دا کۆیان کردۆتەوە، تا رادەیەک شتێکی کەمە و بێگومان لەگەڵ ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە تێر و تەسەڵ و رێک و پێکانەی کە چەندەها ساڵە لەلایەن ئینگلیز و ئەڵمانی ورووس و ئەسکەندیناڤیاییەکانەوە ئەنجام دراوە، بەراورد ناکرێت. خەڵکی پۆڵۆنی زێتر بە هۆی ئەو رووداو و کارەساتانەی کە لە سالانی شێست و حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا رووی داوە شارەزایییان لە بارەی کوردەوە پەیدا کردووە.

توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییە پۆڵۆنییە سەرەتاییەکان لە بارەی کوردەوە، سالانی ۱۹۷۸ و ۱۹۸۰ ئەنجام دراوە، لە ناوچەکانی زاخۆ و رانیە و دووکان و لای رۆژهەلاتی ئامێدی و نزیکی پێنجوێن و لای رۆژاوای هەولێر. ئەو توێژینەوانەش تەنێ کوردی عێراقیان گرتۆتەوە. ئێستاش ئەوە ماوە کە بزانین ئاخۆ پۆڵۆنییەکان دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوێ کە سەر لە نوێ سەردانی کوردستان بکەن.

من لەو بڕوایەدام کە ئەنترۆپۆلۆژ و سۆسیۆلۆژ و مێژوونووسانی کورد لە ئاییندەدا بە تێکۆشانی زێتر و خەستتر و گەرمترەوە لە فەرهەنگی کورد دەتوێژنەوە و دەکۆڵنەوە و باسی دەکەن. ئێستاش کاتێکی زۆر لە بار و پیرۆز و هەلێکی باشە بۆ ئەو کوردانەی کە لە زانستگەکانی ئەورووپا و رۆژهەلاتی نێوەراست خوێندوویانە کە دیراسەی نەتەوەکەی خۆیان و ئەوەی کە کورد لەو ناوچەیەی جیهاندا بە شارستانێتیی بەخشیوە، بکەن.

لێژەک ژیگیل - ئەنتۆگراف و کوردناسی پۆڵۆنی

لێژەک ژیگیل، ۱۵ی سێپتەمبەری ۱۹۳۱ لە میسلۆڤیچ لە پۆڵۆنیا لە دایک بووە. لە نێوان سالانی ۱۹۵۰ و ۱۹۵۵ دا لە زانستگەی یاگیلۆنیا لە کراکۆڤ ئەنتۆگرافیی پۆڵۆنی و دەرەوەی ئەورووپای خوێندووە و بەڵگەنامەی ماستەری لە ئەنتۆگرافیدا لەسەر تێزەکەی کە لە بارەی گڵێنەکاری نەریتیی پۆڵۆنییەوە نووسیویەتی، وەرگرتووە. لەو کاتەدا لە ئەنیستیتووی توێژینەوەی مرۆڤایەتی پۆڵۆنیدا کاری توێژینەوەی کردووە. لە ساڵی ۱۹۵۵ەوە تا ۱۹۵۸ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زیێمیا Ziemia (لادێ) بووە، کە گۆڤارێکی مانگانەی وێنەدار بوو و بە شێوەیەکی جوان و لەبار و پەسەند باری کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی گوندنشینی نەریتی پۆڵۆنی پێشکێش دەکرد. ساڵی ۱۹۶۰-۱۹۶۷ دەستی کردەوە بە کاری توێژینەوە و ئەمجارەیان لە مۆزەی کراوەی کۆرزۆڤدا. جگە لەمانەش مامۆستا بووە و هێندێ جاریش کاری رۆژنامەگەریی کردووە. ساڵی ۱۹۶۶ بۆرسێکی بۆ دەرچووە و لە مۆزەیەکی نەرویژیدا ماوەتەوە. لە ساڵی ۱۹۶۹ وە تاوەکوو ئێستا یەکێکە لە دەستەی توێژەرەوانی ئەنیستیتووی کشتوکاڵی تایبەت بە ناوچەی هێڵی یەکسان (المنطقه الاستوائیه) و دەوروبەری هێڵی یەکسان و لێرەوار لە زانستگەی کشتوکاڵدا لە کراکۆڤ، لەوێ ئەو بەرپرسیاری توێژینەوەیە لەمەڕ مرۆڤ وەکوو فاکتێک.

ساڵی ۱۹۷۲ پلەی دکتۆرای لە توێژینەوەی مرۆڤایەتیدا وەرگرت لە کۆلیجی مێژوو و فەلسەفە لە زانستگەی کراکۆڤ و تێزەکەی بە نێوی:

East African Peasantry- a study in economic anthropology وە بوو. بنچینە و بنەڕەتی بابەتی تێزەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کارە مەیدانییە بلاونەکراوانە و زانیارییە کۆکراوانەی کە پرۆفیسۆری ناسراو ئا.ڤالیگۆڵسکی لە ساڵی ۱۹۴۶ لە کینیا ئەنجامی دابوو. ساڵی ۱۹۸۲ پلەیەکی بەرزتری دۆکتۆرای وەرگرت لە کۆلیجی مێژوو لە زانستگەی پۆزنانی و تێزەکەش بە نێوی:

Rural community of contemporary Iraqi kurdistan facing modernization وە بوو و ئەو کتێبەش بەرهەمی توێژینەوەی مەیدانیی نووسەر خۆیەتی لە کوردستانی عێراق لە سالانی ۱۹۷۷ و ۱۹۷۸ و ۱۹۸۰ دا کە بە ئەندامێتی دەستەیەکی پسپۆری زانستی ئابووری - کشتوکاڵی پۆڵۆنی لەوێ مابووەوە و توێژینەوەکانیشیان لە ناوچەی زاخۆ و ئامێدی و دووکان و رانیە و پێنجوێن و هەولێر ئەنجام دابوو.

ژیگیلْ لە ساڵی ۱۹۸۴ ەوە مامۆستای ئەنتۆگرافی سلاڤی و بەرپرسیاری توێژینەوە و دەرزگوتنەوەیە لەبارەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم و فەرهەنگەکانیانەوە کە زێتر و خەستر دیاردە و گۆڕانی فەرهەنگی و نوێکردنەوەی لە ئەمڕۆی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا لەبەر چاو دەگرێ و هەروەهاش پرۆسێسی زانیاری ئێتنی لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقاش دەگرێتەوە، لە زانستگەی یاگیلۆنیا لە کراکۆڤ. لە ساڵی ۱۹۷۵ ەوە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی ئەنتۆگرافی کۆڕی زانیاریی پۆڵۆنی بەشی کراکۆڤە و لەساڵی ۱۹۸۴ ەوە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتی ئەنتۆگرافی کۆڕی زانیاری و دەستەی کارگێڕی و کۆمەڵەی ئەتنۆلۆژی پۆڵۆنییە.

ژیگلْ زۆر جاران لە ئەورووپا وەدەرکەوتووە. ساڵی ۱۹۷۴ چۆتە ئەفگانستان و لەوێ لە زانستگەی کابول بووە و لەمەڕ گۆڕانی کولتووری لە کۆمەڵگای شاردا لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە. ساڵی ۱۹۸۱ لەگەڵ تاقمێکی کشتوکاڵناس (ئەگرۆنۆم) ی پۆڵۆنیدا بە نێو لیبیادا گەڕان و چاویان بە پرۆژەی ئاودێری و شوێن و جێگەی کشتوکاڵی گرنگ کەوت لە تەرابلوس و واحەکانی فیسان و باکووری سیرینایکا.

*وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ئەمجەد شاکەلی*

*- ئەم گوتارە و ژیننامەکەی ژیگیلیش یەکەم جار لە گۆڤاری Svensk- Kurdisk Journal ی ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) لیژمک ژیگیل-ی نووسەری ئەم گوتارە نێوی (ژابا) ی بە تیپی لاتینی بەم جۆرە نووسیوە August koseieza Zaba کە بە تیپی کوردیی خۆمان دەکاتە: ئۆگست کۆشیژا ژابا و ژابای بە پۆلۆنی داناوە و ماوەی کارکردنیشی لە ئەرزەڕۆم وەکوو دیپلۆمات لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ – ١٨٦٦ دادەنێت. بەڵام دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە گوتارەکەیدا « شەرەفنامە لە کوردناسیی سۆڤیێتدا» کە لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسیدا کە مامۆستا هەژار کردوویە بە کوردی و ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە بەغدا لە چاپدراوە، لە لاپەڕەی سەت و شێست و نۆدا نێوی ژابای وەها نووسیوە (ئەلیکسەندەر ژابا). هەروەها لە لاپەڕەی ١٢٦ و لە پەراوێزی (٤٤) ی لاپەڕەی ١٢٧ ی کتێبی «مێژوو» کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەغدا دەرچووە، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەنووسێ: «ئەلیکسەندەر جابا «ژابا» کە بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ، لە ١٨٣٦ وە تاوەکو ١٨٦٩ کونسولی رووسیا بوو لە شاری ئەرزەڕۆمی عوسمانی...». بابا مەردووخی رۆحانی «شیوا» لە کتێبی « تاریخ مشاهیر کرد» بەرگی دووەم کە لەلایەن سروشەوە لە ساڵی ١٣٦٦ دا لە تاران چاپکراوە لە لاپەڕەی (١)دا لەمەڕ ژاباوە دەنووسێ: «الکساندر ژابا کە مدت ٣٣ سال از ١٨٤٦ تا ١٨٦٩ م در شهر ارزروم عثمانی کنسول روسیە بود...» یانی ئەلکساندر ژابا کە ماوەی ٢٣ ساڵ لە (١٨٤٦-١٨٦٩ز) لە شاری ئەرزەڕۆمی عوسمانی کونسولی رووسیا بووە. مامۆستا محەمەد ساڵحی ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) لە لاپەرە ٥٥٧ی کتێبەکەیدا کە بە نێوی «ژیناوەر زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یان گەنجینەی فەرهەنگ و زانست» - مۆمیو ساڵی ١٣٦٤ ی کۆچی لە چاپخانەی مهارت -تاران دەرچووە دەڵێ: «ئا. ژابا کە لەساڵی ١٨٣٦-١٨٦٩ زاوێنیدا قونسولی ئیمپراتۆریەتی رووس بووە لە تورکیا (ئەرزەڕۆم..) - ئیدی ئەوەی ژیگڵ راست ودروستە یان هی نووسەرانی خۆمان، نازانم!

(٢) مەلا مەحموودی بایەزیدی ساڵی ١٧٩٧ لە بایەزید لە باکووری کوردستان لە دایک بووە. وێڕای زمانی کوردی شارەزایی‌یەکی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا هەبووە و گەلێک شیعری لەو زمانانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە بارەی داستان و فۆلکلۆری کوردییەوە زۆری نووسیوە و لە ڕێگەی (ژابا) وە هەموو نووسین و دەستنووسەکانی نێردراون بۆ سانت پێتەرسبۆرگ و تا ئێستاش لە کتێبخانەی شاری لێنینگراد (ئێستا سانت پێتەرسبۆرگ) ماوەتەوە. بایەزیدی خزمەتێکی زۆری بە زمان و مێژووی کورد کردووە و بەشێکی زۆر لە لەناوچوون پاراستووە. لە بارەی کۆچی دوایی‌یەوە تەنێ ئەوە نووسراوە کە تاوەکوو سەرەتای سەدەی چواردەهەمی کۆچی لە ژیاندا بووە، ئیدی کام ساڵ؟ نادیارە.

(٣) نێوی تەواوی ئەو کتێبە (کتاب عادات و روسوماتنامە طوایفا اکرادیە و اصول و نظامات کورمانجی)ە، ساڵی ١٢٧٤ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٥٨ یان ١٨٥٩ ی زایینی، مەلا مەحموودی بایەزیدی لە نووسینی بۆتەوە و م.ب. ڕۆدێنکۆ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی و لەگەڵ دەقە کوردیکەی و پێشەکییەکدا لە ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە.

(٤) هەمەوەند تیرەیەکی کوردە بە ئازایی و لێهاتوویی و سەرسەختی بەناوبانگن. لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ی زایینیدا لە سنەوە هاتوون و لە ناوچەی (بازیان) ی سەر بە سلێمانیدا جێگیر بوون. لە شەڕی نێوان میرانی بابان و والی بەغدادا هەموو دەم پشتگیری میرانی بابانیان کردووە و دژ بە عوسمانیکان بوون. یەکێک لە سەرکردە مەزنەکانیان (جوامێر هەمەوەند) بووە کە پێیان گوتوە (جووکل هەمەوەند). ئەم جوامێرە هەمیشە لەگەڵ عوسمانی و قاجاریدا ناڕێک بووە. قاجاریکان بە سەرۆکایەتیی (حسام الملک = حیسامولمولک) لە ساڵی ١٨٨٦ دا هێزێکیان ناردە سەری و کوشتیان. وەسمانیکان تیرەی هەمەوەندیان دوور خستۆتەوە بۆ تەرابولسی غەرب و بەنی‌غازی لە لیبیا و هێندێکیش دەڵێن بۆ تەرابولسی شام، بەڵام پاش ماوەیەک گەڕاونەتەوە بۆ مەڵبەندی خۆیان (بازیان) هەر چەند ڕایەکی وا هەیە کە هێندێکیان نەگەڕاونەتەوە و لە لیبیا و ئەلجەزایر ماونەتەوە و نەوە و وەچەشیان تا ئێستا لەوێن. هەمەوەندەکان ئەگەر بە ڕێگری و جەردەییەوە ناویان دەرکردووە وە نەبێ ئەوە بە هۆی پیاوخراپی و بەد خوویی و ئاکار نزمییانەوە بێت بەڵکوو بەهۆی نەبوونی و گرانی قڕی ناچارییەوە بوو وێڕای باری ئابووری و سیاسی ناجۆر و خراپ کە کوردستانی ژێردەستی عوسمانی و قاجاری تێدا بوو.

«وەرگێڕ» □

# ژیلا

## هیوای دواڕۆژی شیعری ژنی کورد لە کوردستانی ئێران

ئامادەکردنی:
ئەحمەدی شەریفی

بە هۆی بارودۆخی نالەباری کۆمەڵگای کوردەواری و ژیانی کولەمەرگی ئافرەتی کورد، ژنی کورد هێشتا نەیتوانیوە، بوارەکانی ئەدەبی کورد (بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا) ببڕێ و بەرەو گەشان و نەشان باژوێ. ئەم دۆزە نە تەنیا بابەتی شیعر دەگرێتەوە، بەڵکوو دەتوانین بێژین هەموو بار و لقەکانی تری ئەدەبیشی گرتۆتەوە. دەتوانین بە دڵنیایی‌یەوە بڵێین کە ژنی کورد لە هەموو بارێکی فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردییەوە، جارێ هەر لە گارەگارە و ڕەتاندایە و هێشتا هەنگاوێکی ئەوتۆ و بە کەڵکی بۆ ناساندنی خۆی هەڵنەگرتووە. ناشوکری نەبێ، هەتا ئێستا ئافرەتی کورد، دەرەتانی ئەوەی نەبووە کە چەمکێکی پڕ بەهرەی هونەری و ئەدەبی پێشکەش بە بارەگای فەرهەنگ و زانستی نەتەوەکەی بکات و لە بوارێکی نەزۆکی قەتیسماودا، جارێ ماوەتەوە و ئاو لە شەویکەی دێ. دەشتەلانێ کە دەبێ ببێتە سەوزەلانی بەهار و بۆن و بەرامەی گوڵ و گوڵشەن و خۆشیی لێ بێ، بە داخەوە، پەژانی هاوینی دواکەوتوویی، وا تەنگەی پێ هەڵچنیوە کە هەر بۆنی سووتمانی لێ دێ و لەوانەیە پیاو هیوابڕ بکات.

جا کە لەم بێدەرەتانییەدا، جارێ لە جاران و بارێ لە رایان گوڵێ لەم مێرگە خاپورە دەڕوێ و سەرهەڵدەدا بە تیری تانە و تەشەر گەمارۆی دەدەن و هەزار شەپۆری شەرم و ئیراد و شورەیی‌ی بە سەرا دەبارێنن.

کۆمەڵێ کە دەبێ هاندەر بێ و بزوێنەر، وا بە سەر هەڵکەوتەی جاروبار دێنێ، نالی گۆتەنی «شیشە لە سەد لاوە دەشکێ». بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو هەڵەمووتە، ئەو هەموو دژواری و بەرەنگارییە، جاری وایە گوڵ و هەڵکەوتە، پێ خەرت نابێ و کۆڵ نادا و بەرەو بووان و گەشان داژوێ و بانگ و هاواری زۆرلێکراویی خۆی بە گێتی رادەگەیەنێ و پڕ بە دەم دەبێژێ:

«هەنگۆ من سەنگەسار ناکەن، ئەوە خۆتانن، خۆ بەردەباران دەکەن، ئەزیش نیوەی کۆمەڵم، من نەبم ئێوەش نابن، ژن نەبێ کوا ژیان؟ کوا پیاو؟ لە وەهابوارێک و وەها وەهارێکی بێ دەرەتاندا، لە ساڵی ١٩٦٤، لە شاری سەقزی کوردستانی ئێراندا، لە ماڵباتێکی ئایین پەروەر و ئەدەب دۆستدا ، زارۆیەکی کچ دێتە دونیا و ناوی «ژیلا»ی بەسەردا دەخوێنن.

شێخ میهرانی باوکی زارۆ، کە پیاوێکی زانا و خوێندەوارێکی کارامە دەبێ، سەرەڕای نەیاری و ناباری قەوم و خوێش و زەمانە، کیژۆڵەی کچی دەنێرێتە سەر دەرس و وانان، هەتا چاوەیلی بە پرشنگی زانین و زانست هەڵبێ و ڕەشی و نەزانی بتارێنێ.

«ژیلا»ی لاو هەموو بوارەکانی خوێندن دەبڕێ و پێدەگا و دەبێتە گەنجێکی ئاسایی و کچۆڵەیەکی زانای هۆگر بە شیعر و ئەدەبیات و فێری گارەگارەی شیعروتن دەبێ.

ژیلا خۆی لەم بارەوە دەبێژێت:

«لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، دەگەڵ خزمێکی خۆم، بنەڕەتی ژیانی هاوبەشمان دامەزراند، بەڵام ئەم پێوەندییە زۆری نەخایاند و پاش چوار ساڵ پێکەوە ژیان جیابووینەوە. پاش جیایی، ژیانێکی نوێم دەست پێکرد و بۆ تاراندنی دەردی خۆم دەستم دایە خوێندن و خوێندنەوە، بە تایبەتی شیعری شاعیرانی کورد... بەڵام لە ڕاستیدا، ئەز هێشتا زۆر منداڵ بووم کە هەستم بە خۆشەویستیی ئەدەب دەکرد، بە تایبەت شیعر، خولیای نووسین و خوێندنەوە بووم، ئەم خولیا و هۆگرییەش هەموو دڵ و مێشکمی تەنیبوو....هەروا درێژەم پێدا و خەریکی خوێندنەوەی فرەتر بووم. بەڵام ئەوان کات، وەک مەلی ئاشق بە ئاو، وەک بووتیمار هەر لە قەراغ زەریای ئەدەبدا ڕووانگەر بووم، سەرەڕای ئەوەی کە بەجێم نەدەهێشت و بە تامەزرۆیەوە بووم، بەڵام توانای ئەوەشم نەبوو

خۆم بدەمە دەستی شەپۆلەکانی ئەو زەریایە. بەڵام سەرەنجام خۆم لە قەرەی دا.

خۆشەویستیی شیعر وەک هەموو هێزو ئەوینێکی دی پێوەندیی بە هەست و نەستی کەسایەتیی مرۆڤەوە هەیە. زۆر منداڵ بووم، دەتوانم بڵێم هێشتا تازە فێری خوێندن و نووسین بووبووم کە دەستم بە شیعر گوتن کرد. باوکم پیاوێکی ئەدەبدۆست، هەمیشە شیعر و چیرۆک و سەربوردی بۆ دەخوێندینەوە. بە تایبەت شیعرەکانی حافزی کە دەیخوێندەوە کارێکی گرنگیان لەسەر مێشک و دەروونی من دەکرد. هەر بەم هۆیەشەوە بە شیعری حافز ڕاهاتم و دەگەڵ شیعر ئاشنا بووم و زامەکانی دەروونم بە شیعر سارێژ کردن. بە بڕوای من شیعر زمانی هەست و شادی و خۆشەویستییە.

من لەسەر ئەم باوەڕەم کە ئافرەتی کورد بە گشتی هەموو شاعیرن و هەر بە شاعیری لە دایک دەبن، چونکە هەر لە منالییەوە، لەگەڵ دەرد و ڕەنج و کۆسپ و فرمێسک پەروەدە دەبن و دەژین. ئەوان هەر لە زارۆیییەوە دەنێردرێنە پشت کەرەسەی فەرش و مافووره و تەون کردن و سوجادە بافین، تەنانەت دەبنە هونەرمەندی لێهاتوو.

قاڵییەکەی ژێرمان ماسی دەرهەمە

پڕسکی ماسییەکە دەرد و وەرهەمە (١)

بە داخەوە دەبێ بڵێین کە ژنی کورد، لەبەر تەنگوچەڵەمەی ژیانی، لەبەر نارەحەتی و تەگەرەی کۆمەڵایەتی، هیچ کات نەیتوانیوە پێوەندیی ڕاستەقینە بە ئەدەبەوە ببەستێ و کاری تێدا بکا و خۆی تێدا بنوێنێ. لە ڕاستیدا شیعری ئافرەت جیاوازیی هەیە لەگەڵ شیعری پیاو. شیعری ژن هاوارێکی خنکاوە. منیش، منی ژن دەمەوێ ڕێگایەک بۆ دەربڕینی ئەو هاوارە بدۆزمەوە، کە ئەم ڕێگایەش بە بڕوای من شیعرە.»(٢)

ژیلا حوسێنی ئێستا بە یەکێک لە هیواکانی شیعری کوردیی ژن لە کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدرێ و یەکێک لەو ئافرەتانەیە کە سەرەڕای هەموو دژواری و بەرهەنگاریی جۆربەجۆر، کۆڵی نەداوە و هەروا بەرەو پێش دەچێ. دەتوانم بە ڕاشکاوییەوە بڵێم کە ڕەنگە تەنیا ئافرەتی کورد بێ کە لە کوردستانی ئێراندا کەڵەوە بڕیی کرد و ڕەسەنی ناڕەوای کۆمەڵگای تێک تەپاندووە و شیعری کوردیی ئافرەتی کوردی پەرەی پێداوە.

پەراوێز:

١ـ شیعرێکی فۆلکلۆری ناوچەی سنەیە

٢ـ وتەکانی ژیلا، لەلای ئامادەکاری ئەم وتارەن و لەسەرنەوار تۆمار کراون.

## ئامۆژگاری

لەو کاتەدا شۆخە کچێکی نازدارت،
کرد بە بووکی ناو ژوورەکەت
دەخیلت بـم
ئاگات لێ بێ، بۆنی پەنجەی من نەبیسێ
لە ئێنجان و لەسەر تاق و پەنجەرەکەت
ئەگەر وتی:
«بۆنی گوڵێکی هەڵوەریو دێتە لووتم»
بڵێ:
«گیانە دڵنیابە، جگە لە تۆ،
گوڵێک نییە لەم جیهانە»
نەکەی ناوی من بهێنی،
بەختەوەری لە ژوورەکەت بتۆرێنی.
* * *
دڵنیابە لەو کاتەدا، دڵی تاسەم
وەک ئاوێنەی ئەوینەکەت
ورد... ورد... ورد شکاوە
جگە لە تۆ لە ناودڵما هیچ شتێکی تر نەماوە
* * *
ئەگەرهات و ژنێکت دی،
بەژنی بە خەم داپۆشیوە
چاوەکانی کزکز کزکز هەڵگەڕیوە
لێوەکانی وشکەوەبوو
ئەڵێی بەهاری نەدیوە، ....
ئەگەرهات و، بەشێوەدا، لەپڕ منت هاتەوە یاد
دانەچڵەکی،
نەڵێی ڕۆژێ ئەم هەژارە
لە ئەڵبوومی یادگاریشمدا بووە

## ئەی بێ وەفا

ڕەنگە ئێستا، خۆشەویستیی منت لەلا
وەکوو خەونێ بێتە بەر چاو
وەکوو مۆمێ،
کە چەن شەوێ لە ژوورێکی بچکۆلەدا دات ئەگیرسان
بۆ ماوەیەکی کەم خایەن
تابلۆی ژیانی داهاتووت پێ ئەنەخشان!
دیارە ئەوینی من لە لات
وەک جگەرە هاتە بەرچاو.
لەدوای کێشان سووتکەکانی لە ژێر پێتا
پێ شێل کران
یان وەک پەڵە هەوری بەهار
سوارکارێ بووم
بۆ ماوەیەکی کەم خایەن دام لە بواری ئاسمانت
لە دواییدا لە ئاسۆدا سوور هەڵگەڕام
بووم بە تانەی خاڵێکی سوور
بەسەر سیمای خۆشەویستی و
عەشقەکەتدا دیاری کرام !...
وا ڕۆیشتی بێ ناونیشان
نەتوت کە ئەم خۆزگە و تاسە،
بۆن و بەرامەی ئاگر و پشکۆ و ژانە
تین و گەرمای هەڵقوڵیوی ئاگردانە
نەتوت کە ئەم دارستانە، یەک هەناسەی گڕی بەستە
ڕۆیشتیت و بیرت لەوە نەکردەوە،
دوا هەناسەم یەک هەڵبەستە
ئەویش
مردن بۆ مەبەستە!



## کە دڵ ئەمرێ

کاتێ گوڵێک هەڵئەوەرێ
بولبول ئەگری
لەو کاتەدا هەتاو ئەمرێ
دنیا بەرگی ڕەش ئەپۆشێ
ڕووبار ئەمرێ
زەوی دڵی شەقار شەقار،
لێوی وشک وشک هەڵئەگەڕێ
تۆ نەتدیوە چۆن خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیا؟!

* * *

بۆ مردنی هەر دڵدارێ، دڵدارێ دێ بە کوڵ ئەگری و
لەسەر گڵکۆی خۆشەویستیا
تاجەگوڵینە دائەنێ.
بەڵام کاتێ دڵی من مرد،
کەس نەیزانی
کەس لە پرسەی دڵی مندا فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم، لاشەی بێ دڵی منیان برد
هەڵیان پەڕاند.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## هەجویماینە کوێت

ماینە کوێت جاران کە دەتوت رهوتی رهوتی ئاهووه
ئێستە هەستانی لە سەر ئاخوڕ بە یاهوو یاهووه
قەد لە یەک قسناغ کەمی جۆ نادەمێ هێشتا لەڕە
ساڵ دوانزەی مانگ سواری نابم و هەر ماندووه
عومقی چاڵی مەقعەدی بێشک مەسافەی قەسر ئەبێ
درزی دەروازەی کوزی لۆچ لۆچ بەسەر یەکدا چووە
گەر بە ئاوزەنگی پەراسووی ئەم سەرەوسەر هەڵدڕم
هێندە نابزوێ بزانم ماوە یاخوو مردووه
خاوەنی پێشووشی نازانێ کە تەئریخ و سەنەی
چەندە، ئەمما من لە پیرانی قەدیمم بیستووه
وەختێ نادرشا هوجوومی کردە سەر ئیقلیمی رۆم
تازە گۆیا ئەو لە کوز دایکی خورووجی کردووه
* * *

## شێخ هۆمەر

هەر لە ناکاو زرمەیێک هات، کێی کوڕە؟ شێخ هۆمەرە
شێخی چی مردووت مرێ، بۆچی نەتگوت جاشەکەرە
دەردی لۆقەی گرت لە ناکاو شێخە توهمەتکارەکە،
ئەو قەیافەت حیزەکەی، هەیئەت وەکوو کەمتیارەکە
قۆخ وەهای لێ کرد، لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد
شێخەکەی، دەم چەوتەکەی، لچ گێرەکەی، لێو خوارەکە،
کوردە بێناموسەکەی، گۆرانە قوڕومساغەکەی
حیزەکەی، بێدینەکەی، کەربابەکەی، بێعارەکە.

* * *

## حەوش

حەوشەیەکم هەیە بە قەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم بە شەو ئەتەپێ
مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند
دەیگرم، دەیکوتم بە دەست و بە پێ
شەو کە دێم، دەم دەکاتەوە وەکوو هار
وا ئەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ
سەروڕیشم لە تۆز و قسڵ و گەچا
وەک پەلاسێکە پڕ لە ڕشک و سپێ
خەمی شاگردەکان زیاتر ئەخۆم
گەورە هەر چاکە، ئاخ لە دەس دەسوپێ
ژنی وەستاکە بۆچ نەگێم توخوا
ساق و سمت لووس و کوز پڕی دەڕپێ

* * *

## مەطرەقی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا پیر بووە رووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بە گۆچان دەگەڕێ ئێستا لەبەر ضەعفی وجوود
مەطرەقە سەرزلەکەی قووەتی جارانی نییە.

* * *

محەمەد کەمال

# هیوم و راڕەوی گومانکاری

شێوه و ناوەڕۆکی فێرگەیەکی فەلسەفی یا سیستەمێکی بیروباوەڕ بە گۆڕانی چەند کێشەیەک زۆرجار قەوارەی جیاواز بۆخۆی هەڵدەبژێرێ. ئەو کێشە گرنگانەی داڤید هیوم، فەیلەسووفی فێرگەی هەستەکی، پەنجەی بۆ راکێشاون بنچینەی سیستەمی زۆر بیروڕای میتافیزیکی و ئایینی و تەنانەت زانستیانەشی کەمهێز کردووە و کارێکی زۆریشی کردۆتە سەر تێروانینی زۆر فێرگەی فەلسەفیی سەردەم بەتایبەتی فەلسەفەی ئەنەلەتیک و لۆجیکی پۆزەتیڤیزم. جا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە زانایانی سەر بەم فێرگانە دەقاو و دەقی بیروباوەڕەکانی هیومیان لە سیستەمی فەلسەفەکەیاندا دووبارە کردۆتەوە و هیچی نوێیان نەهێناوەتە کایەوە. گومانی تێدا نییە کە ئەم زانایانە بۆچوونە ئەپستمۆلۆجی‌یەکە و لۆجیکی هیومیان بە دوو شاکار و هەوڵدانێکی نایاب داناوە، بەڵام لە ئاستی زۆر کێشەو ئەنجامی فەلسەفەکەی هیومدا هەڵوێستی رەخنەگرانەیان هەیە. بۆنموونە بە رای کارل پۆپەر زۆر بیروڕای هیوم هەن زیاتر سایکۆلۆجیانەن و رەنگ و بۆی فەلسەفەیان پێوە دیار نییە. [1] لە لایەکی تریشەوە ئەگەر دیراسەی ئەپستمۆلۆجییەکەی هیوم بکەین و لە روانگەی فەلسەفەکەیەوە کێشە و مەسەلەی زانستەکان هەڵسەنگێنین، دەکەوینە ناو تەم و مژەوە و بڕوا بە هیچ ناکەین. ئاشکرایە زاناکان لە زانیارییە هەستەکییەکانەوە دەست بە گەشتەکەیان دەکەن، لەو بابەتانە دەکۆڵنەوە کە لەبەر دەستدان و بینراون، بەڵام هەرگیز لێرەدا ناوەستن و بەرەو دوورگەیەکی دوورتر رێ دەکەن، جیهانێک دەدۆزنەوە کە هەست کردنمان پەی پێ نابەن. کتێبەکەی بەردەستم وەکوو بابەتێکی هەستەکی بەرگی شینە و پەڕەکانی سپییە و رەقە و قورسە... هتد، ئەم سفاتانە لە رێگای ئەزموونی هەستەکییەوە بە من گەیشتوون لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی فیزیک دەڵێ: کتێبەکە لە چەندها ئەتۆمی ورد و نەبینراو پێک هاتووە و ئەتۆمیش خاوەنی ئەلەکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆنە. ئەلکترۆن بنەرەتە و نە رەنگی شینە و نە پەڕەکانیشی سپییە. کتێبەکە بۆ مامۆستای فیزیک زۆر سفاتی هەیە کە من ناتوانم لە رێگای هەست کردنمەوە بیاندۆزمەوە.

ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان تاکوو بزانین کێشە ئەپستمۆلۆجییەکان لای هیوم چۆنن و چۆنیش دەبنە هۆی لاواز کردنی بناخەی بیر و باوەڕی میتافیزیک.

جۆن لۆک لە راڕەوەکەیدا سێ خاڵی سەرەکی بۆ دروستبوونی زانیارییەکانمان دیاری کردوە (هۆش، جیهانی دەرەوەی هۆش، بیرەکان)، ئەمجا هەرچ جۆرە زانیارییەکەمان هەبێت لەم سێ خاڵەدا کۆ دەبنەوە. من وەکوو (هۆش) هەستم بە بوونی کتێبەکە (جیهانی دەرەوەی هۆش) کردووە (بیر)ی کتێبەکە لە لام دروست بوو، ئەگەر یەکێک لەم لایەنانە لە وجوددا نەبن زانیاریش پەیدا نابێ. بارکلی، فەیلەسوفێکی‌تری فێرگەی هەستەکی، بڕوای بە بوونی راستەقینەی جیهانی دەرەوە نییە و بە کۆمەڵێ سفاتی هەستەکی- هەمەکییان دادەنێ.[2] ئەم هەڵوێستە ئایدیالیستییەی بارکلی گەلێ لە هەڵوێستی هیگڵەوە نزیکە، تەنیا جیاوازییان ئەوەندەیە سیفاتەکان لای هیگڵ هۆشەکەی- هەمەکین NON-SENSUOUS UNIVERSALS [3].

هیوم بە پێچەوانەی بارکلییەوە رەفزی بوونی راستەقینەی هۆش دەکات، بەڵگەکانی بارکلیی تاکوو رادەیەک بەکار هێناوە تاکوو دژی ئایدیالیستییەکان و بارکلی راوەستێ. بە هەرحاڵ، ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە، رەفزکردنی بوونی جیهانی ماتریال لە لایەکەوە و رەفزکردنی هۆش لە لایەکی ترەوە دەرگای مەسەلە ئانتۆلۆجییەکانمان بۆ دەخەنە سەر پشت و ئەو پرسیارەمان لەبەر دەمدا قوت دەکاتەوە کە ئایا بوون ئایدیایە یا ماتریالە؟ بەڵام نامانەوێ لێرەدا پەلاماری ئەم مەسەلە گرانە بدەین.

ئەگەر بیروباوەڕەکانی هیوم بە تەواوی بسەلمێنین ئەوا هیچ زەمینەیەک بۆ میتافیزیک نامێنێتەوە، ئەوەش لە خۆیدا مەسەلەیەکی هەرە گرنگە و بە پێچەوانەی باسۆنەوە کارێکی بێهودەیە یا زمانەوانی نییە.[4] حەز دەکەم ئەوەش دووبارە بکەمەوە کە رەخنەکانی هیوم تەنیا ئاراستەی میتافیزیک نەکراون بەڵکو لە زۆر شوێندا هیوم هەوڵی داوە زانستەکانیش لە ژێر مۆرکی کێشە هۆشەکییەکاندا رزگار کات، لەبەر ئەمەشە هیوم بە

توندی پەلاماری زۆر بیر و باوەڕی زانستیی داوە کە لە دوواییدا باسیان دەکەین.

لایەنی پۆزتیڤی فەلسەفەی هیوم.

هیوم کە یەکێکە لە پێشەوایانی فێرگەی هەستەکی لەو باوەڕەدایە زانیارییەکانی مرۆڤ لە ڕێگای هەست کردنەوە پەیدا دەبن. هەروەها بیرە زگماکییەکان کە دیکارت و شاگردەکانی بڕوایان پێی هەیە نادروستن. هەست کردن تەنیا کلاوڕۆژنەیەکە مرۆڤ دەتوانێ لێوەی تەماشای جیهان بکات و دەور و بەری بناسێ. هەست کردنیش دوو جۆرە، یەکەم: ئینطباعەکان، دووەم: بیرەکان.[٥] ئینطباعەکان IMPRERSSIONS پێش بیرەکان دەکەون ئەگەر ئەمان نەبن هیچ بیرێک دروست نابێ. هیچ بیرێک بە بێ ئینطباعەکەی نییە. ئەگەر بیرێکمان هەبوو ئینطباعەکەی نەدۆزرایەوە ئەوا ئەو بیرە نادروست و ناماقووڵە. بیری ڕەنگی سوور لە ئینطباعی ڕەنگی سوورەوە پەیدا بووە، ئەگەر من ئەو ڕەنگەم نەدیبێ نازانم چۆنە و جیاوازیی لە ڕەنگەکانی‌تر چییە.

ئینطباعەکان IMPRESSIONS و بیرەکان IDEAS دەکرێن بە دوو بەشەوە: ئینطباع و بیری ساکار وەکوو ڕەنگی سوور، و لێکدراو وەکوو ئینطباع و بیری مێز کە لە چەندەها ئینطباع و بیری ساکار (ڕەنگ و شێوە و ڕەقی و... هتد) پێک هاتووە.[٦] زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئینطباعی بیرە ساکارەکان بدۆزینەوە و هەمیشە لە یەک دەچن، ئینطباعی ڕەنگی سوور هەمیشە بیری ڕەنگی سوور دروست دەکات. بەڵام مەرج نییە ئەم لە یەک چوونە لە نێوان ئینطباع و بیرە لێکدراوەکاندا هەمیشە پێویست بێت. زۆر بیری لێکدراومان هەیە (شاخی ئاڵتوون، ئەسپی باڵدار) لە هیچ ئینطباعێکی لێکدراوەوە نەگەیشتوون بە ئێمە، کەس نییە شاخی ئاڵتوون و ئەسپی باڵداری دیبێت. ئەی کە وا بوو ئەم جۆرە بیرانە چۆن پەیدا بوون؟ ئەگەر تەماشای بیرە لێکدراوەکان بکەین دەبینین لە چەند بیرێکی ساکار وەکو «شاخ»، «ئاڵتوون»، «ئەسپ»، «باڵدار» پێک هاتوون. ئەم بیرانەش دەگەڕێنەوە سەر ئینطباعەکانیان. لە هیچ شوێنێکا ئەسپی باڵدار نییە بەڵام هەموو یەکێ لە ئێمە ئەسپ و باڵی دیوە و لە ڕێگەی ئەندیشەمانەوە بەستوومانن پێکەوە و بیرێکی لێکدراومان لێ دروست کردووە.

وەکوو وتمان، ئینطباعەکان بیرەکان دروست دەکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بیرەکان دەکەونە ژێر حوکمی ئینطباعەکانەوە، ئەگەر یەکێک هەنگوینی نەخواردبێ و کەس باسی هەنگوینی بۆ نەکردبێ ئەوە نازانێ تامی هەنگوین چۆنە.[٧] لێرەدا دەگەینە دوو سەرئەنجامی گرنگ:-

یەکەم: هیچ بیرێک بە بێ ئینطباعەکەی نابێ، ئەگەر هەبوو ئەوا ناماقووڵە.

دووەم: ئینطباعەکان دەبنە هۆی مەحکووم کردن و مەحدوود کردنی بیرەکانمان.

بە پێی سەرئەنجامی یەکەم ماقووڵی و ناماقووڵیی بیرەکان دەگەڕێنەوە بۆ بوونی ئینطباعەکانیان هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێتە سەرئەنجامی دووەم و دیوارێکی ئەستوور بە چواردەوری زانیارییەکانی مرۆڤدا بەرز دەکاتەوە و ڕێگە نادات مرۆڤ خۆی بگەیەنێتە دوورگە دوورو نەدۆزراوەکان. ئەم بۆچوونەی هیوم کارێکی زۆری کردۆتە سەر بیر و باوەڕەکانی کانت KANT بە تایبەتی مەسەلەی جیاکردنەوەی نۆمینە لە فینۆمینە، یا جیهانی نەزانراو لە جیهانی بەردەستەکی. بێگومان فەلسەفەکەی هیوم ئانۆمیدییە بۆ زانا میتافیزیکی و ئایینییەکان. هەروەها بنچینەی زۆر بیر و باوەڕی زانستییانەش لەق دەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە هیوم ڕەخنە دەکاتە سەر هەندێ بیروباوەڕی زانستییانە وەکوو باسای هۆیەکی.

ڕەخنە لەسەر بوونی هۆش.

بە بڕوای زانا ئایدیالیستییەکان هۆش جەوهەرێکی سەربەخۆیە و بە جەستەوە بەند نییە و هیچ هێزێکیش نایفەوتێنێ، لەناوچوونی جەستەش نابێتە هۆی تێشکاندنی هۆش. ڕەخنەکانی هیوم بۆ سەر ئەم بیروباوەڕە ئایدیالیستییە دەکرێن بە چەند بەشەوە.

بەشی یەکەم:

پەیوەندیی بە کێشە ئەپستمۆلۆجییەکەوە هەیە وەکوو (مەحکووم کردن و مەحدوود کردنی بیرەکان لە لایەن ئینطباعەکانەوە. ئەمجا ئەگەر بڕوامان بە بوونی هۆش وەکوو جەوهەرێکی سەربەخۆ هەبێت ئەوا پێویستە بیرەکەی لە ئینطباعەکەیەوە پەیدا بوو بێت، بەڵام ئینطباعی هۆش لە هیچ کون و کەلەبەرێکی دنیادا نییە و نادۆزرێتەوە، کەوابوو بیری هۆش ناماقووڵە.

ئەم ڕەخنەیە تاکو ڕادەیەک سەرکەوتووانەیە. بەڵام دەتوانین ڕەخنەی لێبگرین. خۆ ئەگەر بڕوامان هەبێ کە هەموو بیرێک لە ئینطباعەکەیەوە پەیدا بووە، ئایا بیری ئینطباع لە چ ئینطباعێکەوە هاتۆتە کایەوە؟ لێرەدا هیوم وەڵامی پرسیارەکەمانی لا نییە. ڕەددانەوەی زانا ئایدیالیستییەکان ئەوە ناگەیێنێت کە مرۆڤ ئامێرێکی بێهەست و گیانە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکدا نییە. هیوم بڕوای بە هۆش هەیە بەڵام ئەو هۆشە بە کلافەیەک ئینطباع و بیرو هەست کردن دادەنێ کە هیچ دەزوویەکی ئەفسانەوی گرمۆڵەی نەکردووە، «بەش بە حاڵی خۆم کاتێ بە ناخما شۆڕ دەبمەوە جگە لە کۆمەڵێ هەست کردن بە خۆشی و ناخۆشی، گەرما و سەرما، تاریکی و ڕووناکی، ڕەقی و

نەرمی هیچ شتێکی‌تر نادۆزمەوە، هەرگیز خۆم بە بێ ئەم هەست کردنانە نابینم».(٨) پێویستە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین کە ئایا کلافەیەک هەست کردن دەتوانێ چاکە و خراپە لە یەکتر جیا بکاتەوە؟ ئایا دەتوانێ سەمفۆنییەکانی بیتۆڤن بنووسێ و پەیکەرەکانی مایکل ئەنجلۆ داتاشێ؟ مەبەستم لە پرسیارەکە پشت گرتن لە تیورە ئایدیالیستییەکە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدام کە بۆچوونەکەی هیوم پێویستی بە دەستکاری کردن هەیە و هەویرەکەشی لەوە زیاتر ئاو دەکێشێ. هەروەها هیوم لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا: A TREATISE OF HUMAN NATURE

بەرپێچی ڕەخنەکەی دەداتەوە و دەڵێ: ئاشکرایە بیر یا ئینطباعی هۆش ڕاستەوخۆ پێمان دەگات و هەمیشە لەگەڵماندا حازرە.(٩) ڕاکەی هیوم گەلێک لە ڕاکەی دیکارت و جۆن لۆکەوە نزیکە، لەوەش دەچێ کە هیوم بڕوای بە INTUTION حەدەس (حدس) هەبێ. زۆرجاریش وا دەردەکەوێ کە هیوم هۆش و کارەکانی هۆشی لە یەک جیا نەکردبێتەوە. بۆ ئەوەی زیاتر لەم خاڵە بگەین حەز دەکەم کار کردنی هۆش وەکوو هەست کردن روون کەمەوە.

هەموو هەست کردنێک دوو شێوەی هەیە. شێوەی یەکەم ناسینی بابەتەکەی بەردەممانە وەکوو کتێبەکە. دووەمیش هەست کردنە بە زاتی خۆم لە ئاستی بابەتەکەدا وەستابێ بۆ نموونە کە دەڵێم «کتێبەکە لە سەر مێزەکەیە» ئەم پرۆپۆزیشنە دوو ڕاستەقینەمان بۆ دەر دەخات، یەکەم بوونی کتێبەکە لەسەر مێزەکە، یا زانینی من لەو بارەیەوە، دووەمیش هەست کردن بەوەی کە (من) وەکو زاتێک ئاگاداری ئەو ڕاستەقینەیەم. ئەمجا هەست کردن بە بوونی کتێبەکە لەسەر مێزەکە بە ئاسانی دەخرێتە پرۆپۆزیشنی «من دەزانم: کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە. هەست کردن، هەست کردنە بە شت، بە بێ زات یا بە بێ (من) ئەو شتە هەستی پێ ناکرێ و ئەگەر شتەکەشی نەبێ تاقی کردنەوەکەی من دروست نابێ، زات و بابەت لە هەست کردندا هەمیشە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان هەیە. من خاوەنی کلافەی بیرەکان، ئینطباعەکانم، من برسێتی نیم بەڵکە برسیمە، من ئاگایی نیم بەڵکو بە ئاگام، من خۆشی نیم بەڵکو هەست بە خۆشی دەکەم. ڕاستە ئەمانە لە ناخی مرۆڤدا ڕوو دەدەن بەلام ئەو ناخە چییە کە ڕووداوەکان تیایدا دروست دەبن؟

کەمو کووڕیی فەلسەفەکەی هیوم تەنیا لەوەدا نییە کە مرۆڤی بە بێ زات داناوە بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هێز و توانای زانینی خنکاندوو، ڕێگەمان نادات خۆمان بهاوینە جیهانی ئەو دیو ئینطباعەکانەوە. تەنانەت تووشی حاڵەتێکمان دەکات کە نەتوانین باسی داهاتووش بکەین، «کەس ناتوانێ دڵنیامان کات کە سبەینێ خۆر هەڵدێ، چونکە سبەینێ نەهاتووە و ئینطباعەکەیمان نییە، ئەگەر سبەینێش هات ئەوا دەبێ بە ئەمڕۆ.» جا ئەگەر زانستەکان شوێن بیرو باوەڕی هیوم بکەون، هەرگیز ناتوانن باسی داهاتووی گەردوون و کۆمەڵمان بۆ بکەن.

بەشی دووەم:

ڕاڕەوی دووالیزم لە میتافیزیکدا هۆشی مرۆڤ لە سیفاتە ماتریالییەکان دادەماڵێ و لە ژێر یاسای گۆڕان و کات و شوێنی دەردەهێنێ. هەروەها، هۆش وەکوو بابەتێکی ناماتریاڵ گۆڕانەکانی لەشی تۆزقاڵێ کاری تێ ناکەن و هەمیشە وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. هیوم لەو باوەڕەدایە ئەگەر هۆش هەبێ و جەوهەرێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بێت ئەوا پێویستە بیری ئەو جۆرە جەوهەرە لە ئینطباعەکەیەوە پەیدا بوو بێ کە نەگۆڕ و هەمیشەییە، بەلام هیچ ئینطباعێک نییە ئەم جۆرە سیفاتانەی هەبێ، کەوا بوو بیری جەوهەری نەگۆڕ لە هیچ ئینطباعێکەوە پەیدا نەبووە و ناماقووڵە.(١٠)

بەشی سێهەم:

لە سەرەتاوە باسمان کرد کە هەست کردن دوو جۆرە: ئینطباعەکان و بیرەکان. ئینطباعەکان هۆن بۆ بیرەکان و بیرەکان لە منداڵدانی ئینطباعەکاندا لە دایک دەبن. هەروەها پەیوەندیی نێوانیان کات و شوێنی تایبەتی هەیە لە هەمان کاتیشدا پێویستە بیرەکان و ئینطباعەکانیان لە یەکتری بکەن، ناتوانین بڵێین کە ئینطباعی کتێبەکە لە سەر مێزەکە بیری ئەسپمان لا دروست دەکات. جگە لەم پەیوەندییانە کە دەبن بە یاساکانی تداعی(١١) ASSOCIATION بۆ بیرکردنەوە، هیچ پەیوەندییەکی‌تر لە نێوان بیرەکان و ئینطباعەکانیاندا نییە. لە لایەکی‌ترەوە یاساکانی تەداعی ناتوانێ هەموو جۆرە بیرێک پێکەوە ببەستن. گومان لەوەدا نییە کە ئینطباعەکان هۆ بن بۆ بیرەکان، هەموو لەگەڵ هیومدا ڕێک دەکەوین کە ئینطباعی ڕەنگی سوور بیری ئەو ڕەنگەمان لا دروست دەکات، مەسەلەکە لەوە قووڵترە و بەش بەحاڵی خۆم ئەو پەیوەندییە (هۆیەکی) لە نێوان بیرەکاندا نادۆزمەوە. بۆ نموونە لە ژوورەکەمدا دانیشتووم خەریکی نووسینی ئەم بەرهەمەم. کتێبەکانی سەر مێزەکە و پەڕەکان و پاندانەکەم دەبینم، لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئاسمان و هەورەکانی ئاسمان دەکەم، ئەگەر زیاتر لە پەنجەرەکە نزیک بمەوە خەڵکەکەی سەر شەقامەکەش دەبینم. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێ ئینطباع و بیری ئاڵۆزاو لام دروست بوون. ئاشکرایە بیرەکان لە ئینطباعەکانیانەوە پەیدا بوون. واتە ئینطباعەکان بوون بە هۆ بۆ بیرەکان، یاخود ئینطباعەکان و بیرەکان پەیوەندییەکی هۆیەکییان هەیە بەلام هەمان پەیوەندی لە نێوان بیری کتێبەکانی سەرمێزەکە و پەڵە

هەورەکانی ئاسمان و خەڵکی سەر شەقامەکەدا نانۆزمەوە، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەم شتانە لە ناو زاتی مندا روویان داوە. ئەم کۆمەڵە بیرانە پێویستییان بە دەزوویەک هەیە تاکو پێکەوە بیانهۆنێتەوە، بەڵام هیوم بڕوای بە هیچ پەیوەندییەک جگە لە تداعی نەهێناوە.

هیوم و زانست:

لە کۆنەوە زاناکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هەموو شتێک یا هەموو رووداوێک هۆیەکی هەیە و لە خۆیەوە سەر هەڵنادات. ئەمەش بووە بە یەکێک لە یاسا گرنگەکانی زانست بە ناوی یاسای هۆیەکییەوە کە زانستەکان تەفسیری جیهانی پێ دەکەن. ئەگەر بڵێین دووکەڵ بە بێ ئاگر نابێ ئەوا ئاگر دەبێ بە هۆ بۆ دووکەڵ و دووکەڵیش ئەنجامە. ئەگەر ئاگر هەبێ دووکەڵیشی دەبێ، هۆ بە بێ ئەنجام نییە و ئەنجامیش بە بێ هۆ نابێ ئەمەش پێی دەوترێ پەیوەندیی پێویست NECESSARY لە نێوانیاندا.

لێرەدا سێ خاڵی گرنگ دەست نیشان دەکەین.

یەکەم: هۆ بە بێ ئەنجام، ئەنجام بە بێ هۆ نییە.

دووەم: پەیوەندی نێوانیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. نابێ ئەنجامێک بە بێ هۆ هەبێ.

سێهەم: هۆ و ئەنجام و پەیوەندییەکەشیان ئۆبژێکتیڤانەیە و لە جیهانی دەرەوەی هۆشی مرۆڤدان.

لە بنەڕەتدا رەخنەکانی هیوم ئاراستەی ئەم سێ خاڵە کراون؛ لە پێش هەموویاندا ئاراستەی خاڵی سێهەم کراون و یاسای هۆ و ئەنجام دەگەڕێننەوە بۆ تەفسیرێکی زاتی و سەر بە یاسای تداعی وەیا شتێکە پەیوەندیی بە ئەندیشەی مرۆڤەوە هەیە.

رەخنەی یەکەم:

زانیارییەکانمان (بە رای هیوم) هەستەکین و بیرەکانمان لە رێگای ئینطباعەکانیانەوە پێمان دەگەن. بیری (هۆ) CAUSE کە لە لامانە و رووداوەکانی پێ تەفسیر دەکەین پێویستە لە ئینطباعەکەیەوە هاتبێ، بەڵام ئینطباعی ئەو بیرە لە هیچ شوێن و هیچ هەستکردنێکا نییە. ئەگەر یاری بە دوو تۆپی بلیارد بکەین، تۆپی یەکەم لە جێگای خۆیەوە بەرەو تۆپی دووەم دەجوڵێ، بەری دەکەوێ و جووڵان لە تۆپی دووەمیشدا دروست دەکات. لێرەدا جووڵانی تۆپی یەکەم بووە هۆ بۆ جووڵانی تۆپی دووەم. لەم نموونەیەدا دەکرێ بە ئاشکرا جوڵانی تۆپەکان و رەنگ و شێوەیان ببینین، بەڵام هەست کردنەکانمان بە هیچ جۆرێک (هۆ)مان پێ راناگەیەنن، کەوابوو ئەو بیرە چۆن پەیدا بووە و لە کوێوە هاتووە؟ هیوم جارێکیتر بەڵگەی لەسەر رەتدانەوەی بڕوا کردن بە هۆش، دووبارە کردۆتەوە. مادام ئینطباعی هۆ نییە، ئەوا بیرەکەشی پۆچەڵ و ناماقووڵە و ئەندیشەی مرۆڤ هێناویەتییە کایەوە، هەڵەیە کە لە ئەنجامی نزیک بوونی رووداوەکان لە یەکترەوە پەیدا بووە. بە رای من لێرەدا هیوم خۆی تووشی هەڵەیەکی لۆجیکی کردوە، هۆیە راستەقینەکانی PROPTER HOC لە هۆیە ساختەکان POST HOC جیا نەکردۆتەوە.[١٢]

رەخنەی دووەم:

کێشەی فەلسەفییەکان لە لای هیوم دوو بەشن. بەشێکیان نەگۆڕاون NECESSARY FACTS وەکوو کێشە ماتماتیکییەکان ٣+٢= ٥ بەشەکەی تریان کە زیاتر پەیوەندی بە هەست کردنەوە هەیە و دەکەوێتە ژێر حوکمی گۆڕان و کات و شوێنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر یا لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکیتر دەگۆڕێن. بۆ نموونە کە دەڵێم ئەمڕۆ هەوا گەرمە، لەوانەیە بۆ من گەرم بێ و بۆ یەکێکیتر سارد بێ یا لە شوێنی من گەرمە و لە شوێنێکیتر ساردە، یا ئەمڕۆ گەرمە و سبەینێ ساردی دەکات. بە رای هیوم پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجام سەر بە کێشەکانی بەشی دووەمە و گۆڕانیان بە سەردادێت، چونکە رووداوەکان هەستەکین، ئەمجا پێویستە پەیوەندی نێوانیشان هەستەکی بێت، هەموو بابەت و رووداوێکی هەستەکیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. دەگەر لەو بڕوایەدابین کە A دەبێت بە هۆ بۆ B دەتوانێ ببێ بە هۆ بۆ شتێکی تریش یا ئەگەر ئەمڕۆ هۆ بێت بۆ ئەم بابەتە ئەوا سبەینێ دەبێ بە هۆ بۆ بابەتێکیتر. بە راکەی هیوم ئەگەر ئاگر هۆ بێت بۆ سووتاندن، ئەوا ناتوانین بڵێین هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و لە داهاتووشدا دەبێ بە هۆ بۆ سووتاندن. جۆن ستیوارد میل کە فەیلەسوفێکیترە تاکوو رادەیەک لەگەڵ هیومدایە بەڵام بەوە رازی نییە کە بیری ئەندیشەی مرۆڤی هێنابێتە کایەوە و شتێکی بێ بناغە بێت. ئەمیش لەو باوەڕەدایە کە یەک هۆ دەتوانێ چەندان ئەنجام پەیدا کات، یا ئەنجامێک چەند هۆیەکی هەبێ. ئەم تیۆرییەش کە پێی دەوترێ PLURALTY OF CAUSES زیاتر بۆچوونێکی ئەرستۆیانەیە، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە کە لە لای ئەرستۆ ئەنجامێک پێویستی بە چوار هۆ هەیە، بەڵام لای هیوم و میل چەندەها ئەنجام دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەک هۆ یا ئەنجامێک لە حاڵەتێکدا خاوەنی زۆر هۆیە. مەرج نییە گەرمی تەنیا لە ئاگرەوە پەیدا بێت، یا ئاگر تەنیا هۆیەک نییە بۆ گەرمی.[١٣]

رەخنەی سێیەم:

ئەم رەخنەیە لەوانیتر جیاوازتر و زیاتریش لۆجیکانەیە. ئەگەر هۆ و ئەنجام دوو رووداوی جیاواز بن ئەوا هیچ پەیوەندییەکی زەرووریان لە نێواندا نابێت. بۆ نموونە ژەهر خواردن هۆیەکە بۆ مردن. ژەهر خوادن و مردن دوو شتی جیاوازن و بە یەکەوە

نەبەستراون. لەم حاڵەتەدا بە رای هیوم مادام جیاوازن ئەوە یەکەمیان نابێ بە هۆ بۆ دووەم. ئەگەر گریمان ئەم دوو رووداوە لە یەک جیا نابنەوە هەر دووکیان یەک شتن دیسانەوە یەکەمیان نابێ بە هۆ بۆ دووەم چونکە هەردووکیان یەک شتن و یەکەم و دووەممان نییە. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا : ئەگەر هۆ و ئەنجام جیاواز بن، یا یەک شت بن، پەیوەندییان بە یەکەوە نییە.

بەم شێوەیە هیوم لە بۆچوونێکی ئەپستمۆلۆجییانەوە خۆی گەیاندووەتە دوورگەی گومانکاری و زانیارییە میتافیزیکییەکانی بە ناماقووڵ داناوە. لە هەمان کاتیشدا لەو باوەڕەدایە کە زۆر زانیاری زانستی وەکوو بیر و یاساکانی هۆ و ئەنجام و راکێشان و هێز و... هتد لە فابریکی ئەندیشەی مرۆڤەوە هاتوونەتە دەرێ و مافی موضوعیەتیان پێوە نییە. هیوم بە تەنیا خۆی تووشی گومان نەکردووە بەڵکو زانیارییەکانیشی خستۆتە چوارچێوەیەکی تەسکەوە و بیر کردنەوەی مرۆڤی مەحدوود کردووە.

زانکۆی کەراچی- ١٩٨٤ □

1- Popper, karl, Conjectures and Refutations, Oxford, 1966, P. 55.
2- Berkeley, The Principles of Human Knowledge, Oxford, 1977, P. 50.
3- Stace, W.T,The Philosophy of Hegel, Dover Publications, London, 1955. P. 85.
4- Basson, David Hume, london, 1958. P. 29.
5- Hume, David: A Treatise of Hume Nature, Clarendon Press, Oxford, London, 1970, Book One, P.1.
6- Ibid.
7- Ibid., P. 5.
8- Ibid., P. 252.
9- Ibid.,Book Two, P. 317.
10- Ibid., P. 254.
11- Ibid., P. 261.

١٢- Post hoc یەکێکە لە هەڵەکانی لۆجیکی ئیندەکشن. زۆرجار ئەو رووداوانەی دوای یەکتر دەکەون بە هۆ و ئەنجام دادەنێین، بۆ نموونە پەڕینەوەی پشیلەیەکی رەش و روودانی کارەساتێکی ناخۆش دەبەستین بەیەکەوە بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هۆیە راستەقینەکان ناو دەبرێ Propter hoc

١٣- ئەرستۆ بڕوای بە چوار هۆ هەیە کە هەر چواریان پێکەوە بابەت و رووداوەکان دروست دەکەن بەڵام میل لەو بڕوایەدایە کە یەک ئەنجام لە چوار هۆ زیاتری هەبێ و لە هەمان کاتیشدا تاقە هۆیەک دەتوانێ بە بێ یاریدەی هۆکانیتر ئەنجامێک پێک بهێنێ.

## وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

- G 2289 (کورتەچیرۆک)
- کورد و شانۆ لە ئەورووپا (وتار)
- چیرۆکی مەرگی هەڵۆی سوور (شیعر)
- هنگافتن (شیعر)
- گرێزینگ (شیعر)
- مەژان (کورتەچیرۆک)
- شاعیری ناکام (شیعر)
- ناڵەی کوێستان (وتار)
- رۆبۆتا (کورتەچیرۆک)
- ئەوین، سەفەر (دوو پارچە شیعر)
- نەوت و خوێن، لە گوندێکا (دوو پارچە شیعر)
- کلوون (کورتەچیرۆک)
- قیژە (شیعر)
- ئازیزەکەم وەڵاتەکەم (سروود)
- زریان نامێڵێ ببینم (شیعر)
- هەڵفڕینە گەشت، جزیەدەر (دوو پارچە شیعر)
- منالْ زۆری و کێشەی خێزان (وتاری کۆمەڵایەتی)
- لە سنوورتان تێپەڕاندووە! (وتار)
- کتێبێکی بەنرخ لەسەر مێژووی کورد لە ئیتالیا بڵاوکرایەوە (رانانی کتێب)

ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە.

# کتێبخانەی

# مامۆستای کورد

## کتێب:

* میر عەبدولڕەحمان کورد: کورد و بەلووچ، ئازاد پرێس، بەلووچستان-پاکستان، هاوینی ١٩٩١، ٢٩ ل.

* لەتیف هەڵمەت: ئەم رووبارە وشک ناکات (شیعر)، چاپخانەی ئەلحەوادیث، بەغدا، ١٩٩١، ٨٠ ل

* موحەمەد(ص) نێرراوی خوا، (بنەماڵەی پێغەمبەر -ص-)، بەشی یەکەم و بەشی دووەم، دامەزراوەی ئەلبەلاغ- بەشی کوردی، تاران، ١٩٩٠، ١٩٩١، ٨٨ ل، ١٠٤ ل.

* کوردۆ عەلی: ئاشی چی و باراشی چی؟ سالزبورگ ١٩٩١، ١٥٢ل.

* الشیخ عمر الغریب: جنوب کوردستان أم شمال العراق؟!، ١٦ ص.

* پشتیوان: پەریخان (چیرۆک)، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد ١٩٩١، ٧٢ ل.

* جەعفەری شێخولیسلامی (ئاشتی): چیا و کۆچ و چەمەر (شیعر)، کەنەدا ١٩٩١، ١٠٦ ل.

* پشکۆ: ژارک (شیعر)، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد، ١٩٩١، ٨٥ ل.

* عەلی بچکۆل: ئەم جارەیان باوکی منیان لەگەڵ نەبوو (چیرۆک)، پاکستان، پاییزی ١٩٩٠، ٤١ ل.

* عەلی بچکۆل: چەپکێ قژ و چوار پەنجە (چیرۆک)، پاکستان، هاوینی ١٩٩١، ٤٠ ل.

* عەلی بچکۆل:لەم وڵاتەدا هەتا منداڵیش بە تاوانی ریگری بێ سەر و شوێن دەکرێ (چیرۆک)، پاکستان، هاوینی ١٩٩١، ٥٦ ل.

* مەهمەد ئوزوون: رۆژەک ژ رۆژێن ئەڤدالێ زەینکێ (رۆمان)، وەشانێن وەلات، ستۆکهۆلم، ١٩٩١، ١٦٤ ل.

* تاهارێ برۆ: مەمێ و ئەیشێ (شانۆ)، ئەنستیتویا کوردی یا بروکسەلێ. ١٩٩١، ١٦٢ ل.

* ئارام کاکەی فەللاح: زێراب (چیرۆک)، بنکەی سارا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ٥٠ ل.

* عەبدوڵڵا قەرەداغی: تەونی گومان (شیعر)، چاپی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ٧٨ ل.

* شێرکۆ بێکەس: دەربەندی پەپوولە (قەسیدەیەکی درێژە)، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ٢٢٨ ل.

* ئێ. ئی. ڤاسیلییڤا: کوردستانی باشوور- رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، مێژووی ئەمارەتەکانی ئەردەڵان و بابان، پەخشخانەی ناووکا، مۆسکۆ، ١٩٩١، ٢٦٠ ل. (بە زمانی رووسی)

* زەینەلابدین زنار: خوەنچە (کلام، مەسەلۆک و چیرۆک)، جلد ٣، وەشانخانا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ٣٠١ ل.

* شێخ ئەڤدرەهمانێ ئاختەپی: رەودنەییم، ستۆکهۆلم ١٩٩١، ٤٤٠ ل.

* رێبوار سیوەیلی: چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینیی مەلا خدری نالی، دانمارک ١٩٩١، ٨٢ ل.

* ئیحسان تەبەری: لەسەر هێندێک مەسەلەی ئیستاتیک و هونەر (وەرگێڕ: هێدی)، چاپی یەکەم، ئاڵمان ١٩٩١، ٥٢ ل.

* مانای بەندایەتی لە ئیسلامدا (تێگەیشتنە ئیسلامییەکان - ٧)، دامەزراوەی ئەلبەلاغ- بەشی کوردی، تاران ١٩٩١، ٧٦ ل.

* بارامی وەڵەدبەگی: خەزانی هەڵەبجە (کۆمەڵەی شیعر)، شاهیدی. کوردستانی ئێران ١٩٨٩، ١٢٨ ل.

* ئاری هەینی: کەلاوە (وتار)، لە بڵاوکراوەکانی بەشی راگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - عێراق، هەولێر، تەمموزی ١٩٩١، ٢٠ ل.

* نەبەرد جاف: چڕستان (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کولتووری کوردستانی، ئۆسلۆ ١٩٩١، ٨٢ ل.

* پەرتەو بەگێ هەکاری: دیوان، وەشانێن رەوشەن ١٩٩١، ٢٧٢ ل.

* زەینەلابدین زنار: نموونە ژ گەنجینەیا چاندا قەدەخەکری، سوێد ١٩٩١، ٣٧٧ ل.

* ئیسماعیل تەنیا: تەکان (هۆنراوە)، لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی، بەغدا ۱۹۹۰، ۳۲ ل.

* بینایی: بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور (کۆمەڵە شیعر)، ۱۹۹۱، ۵۱ ل.

* چیرۆکی سوتۆ و تەتۆ (کۆکردنەوەی مێجەرسۆن و باسیل نیکیتین)، بە کورمانجیی خواروو و لاتینی کردنی: یووسف زەنگەنە و جەواد مەلا، کوردۆلۆژیا (۷)– ۱۹۸۸، ۳۰+ ۳۳ ل.

* آوازهای کوهی: شعرهایی از کردستان (مترجم محمد خاکی)، لندن ۱۹۹۱، ۷٤ ص.

* فایەق بێکەس: سروود و شیعری منداڵان (کۆکردنەوەی گەزیزە بێکەس)، بەغدا ۱۹۹۰، ۳۲ ل.

* بهرام ولدبیگی: تاریخ سیاسی اجتماعی پاوه و اورامانات، در بیست ساله اخیر (۱۳٦۸– ۱۳٤۸)، تهران ۱۳٦۹، ۸۸٤ ص.

* حسێن عارف: ئەندێشەی مرۆڤێک (ڕۆمان)، بەغدا ۱۹۹۰، ۲٦۱ ل.

* فۆلکلۆر: کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی سێیەم، هەولێر ۱۹۹۱، ۷۲ ل.

* بەکر حەسەن: سەما (چیرۆک)، سلێمانی ۱۹۹۰، ۷۲ ل.

* حەوێز حاجی جوکل ئاغای دزەیی: ڕاو و شکار، بەغدا ۱۹۹۰، ۱۰۰ ل.

* پەنابەری کورد: گۆڤارێکی سیاسی، نەتەوەیی و پەنابەرییە، یەکێتیی پەنابەرانی کورد مانگی جارێک دەری دەکات، ژمارە (۱)، تەمووزی ۱۹۹۱، ژمارە (۲)، ئابی ۱۹۹۱، ژمارە (۳) تشرینی دووەمی ۱۹۹۱ (پاکستان).

* کلاوڕۆژنە: گۆڤارێکی وەرزی، ڕۆشنبیری ئەدەبییە، ژمارەی یەکەم، پاییزی ۱۹۹۱ (پاکستان).

* کۆمار: بڵاوکەرەوەی بیروڕای کۆمەڵێک لە کوردەکانی دەرەوەی وڵاتە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن. ژمارەی شەشەم- خەرمانانی ۱۹۹۱، ژمارەی حەوتەم، سێپتەمبەری ۱۹۹۱.

* هەژارانە: ویژەنامە: یادمان استاد عبدالرحمن شرفکندی (ژمارەی تایبەتی گۆڤاری اصحاب انقلاب)، بهار ۱۳۷۰.

* خەرمانە: گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە لە سوێد بڵاودەکرێتەوە، ژمارە (۳)، سێپتەمبەر ۱۹۹۱.

* بانگی ڕاستی: گۆڤارێکی ئایینی، ڕامیاری، ئەدەبی، ڕەخنەیی و ڕووناکبیرییە، مانگی جارێک لە لایەن دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی لەشکری ئیسلامیی کوردەوە دەردەچێت (لەندەن)، ژمارەی یەکەم، خولی دووەم، ڕەزبەری ۲٦۰۳ی کوردی (۱۹۹۱).

* ئاوێنە: ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ژمارە (۸)، ساڵی ۱۳۷۰، تاران.

Elizabeth Laird: Kiss the Dust, Mammoth, London 1991, 279p.

Ihsan Qadir and Jeremy corbyn MP: Kurdistan Report, Published by Kurdistan Focus, London 1991, 12 p.

David McDowall: The Kurds, A Minority Rights Group Report, 1991, 48 p.

Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl (editors): The Kurds, a contemporary overview, Routled, London 1992, 250 p.

Kurdish Report: For a Free and Independent Kurdistan, Published by Kurdistan committee, London. Number 5, October 1991.

Kurdernas vänner i sverige, 3_4/91, November 1991, Årgång 4.

Kurdish Life, A publication of the Kurdistan Library, number one, Fall 1991.

Kurdish National Congress of North America, United Free Kurdistan, Volume 4, Issue 1, October 1991.

Kurdish Times (Published semi_ annually by the Kurdish Librery, The Kurdish Heritage Foundation _ USA), Vol. 4, Nos. 1 & 2, Summer_ Fall 1991.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

* کوردنامە: دەنگی کۆمیتەی کاک، ژمارە (۱۹)، حوزەیرانی ۱۹۹۱، ژمارە-۲۰- ئۆکتۆبری ۱۹۹۱.

* خەبات: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، ژمارە (٦۱۰)، ئەیلوولی ۱۹۹۱.

* ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە (۲)، ساڵی شەشەم، خاکەلێوەی ۱۹۹۱، ژمارە (۳)، ساڵی شەشەم، گەلاوێژی ۱۹۹۱.

***شا ئیسماعیلی دامەزرێنەری حوکمی سەفەوی لە ئێران (۱۵۲٤ مردووە) و هەر بەو پێیەش دوژمنی خوێنەخۆری عوسمانییەکان، لە لای بەکتاشییەکان بە یەکێ لە شاعیرە پێشەنگەکانیان دادەنرێ. ئەو بە تورکی شیعری دەنووسی (لە کاتێکدا کە سوڵتان سەلیم یاڤوزی عوسمانی بە فارسی دەینووسی).***

**Annemarie Schimmel:**
Mystical Dimensions of Islam, P. 338.

# کۆنگرەی جیهانیی نیزامی لە تەورێز

❊

**کۆنگرەی** جیهانی بۆ ڕێزگرتن لە هەشتسەدەمین ساڵی لەدایک بوونی نیزامی گەنجەوی، لە ڕۆژانی یەکەم هەتا چوارەمی پوشپەڕمانگ، بەرامبەری ٢٢ هەتا ٢٥ ژوین لە زانستگەی تەورێزی ئێران پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا، کە بە هاوکاریی لقی یونیسکۆ لە ئێراندا بەڕێوە چوو، تاقمەیەکی زۆر لە ئێراناسان و نیزامیناسانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو (وەک ئازەربایجان و تاجیکستان) هیندوستان، پاکستان، تورکیە، ژاپۆن، چین و چیکوسلۆڤاکیا بەشدارییان هەبوو. لە کۆنگرەدا گەلێ پەیام خوێنرایەوە. پەیامی تایبەتی ئایەتوڵڵا مەلەکووتی نوێنەری تایبەتی ئایەتوڵڵا خامنەیی و پێشنوێژی تەورێز، لە لایەن فەقێیەکەوە بە ناوی (ئالی هاشم)، خوێندرایەوە. نوکتەی جێی سەرنج لەم پەیامەدا، ئەوە بوو، کە ئایەتوڵڵا مەلەکووتی بێ گرێ و گۆڵ و پێچ و پەنا نیزامیی بە کورد لە قەڵەم دا و بە ناوی (نیزامیی شاعیری کوردی ئێمە)ی ناو برد. پاشان دوکتۆر مستەفای موعین وەزیری فەرهەنگ و فێرکردنی بەرزی ئێران قسەی کرد و لە کۆتاییدا دوکتۆر مەنسووری سەروەت دەبیری کۆنگرە گوزارشێکی پێشکەش کۆنگرە کرد و ئاخرین قسەوێژی سەر لە بەیانیی ڕۆژی هەوەڵی کۆنگرە، ئایەتوڵڵا مووسەوی ئەردەویلی، کە وتارێکی بە ناوی (شوێنی قورئان لە ئەدەبیاتی دوای ئیسلامدا) پێشکەش کۆنگرە کرد.

کاک ئەحمەدی شەریفی تەنیا کوردێک بوو، کە بە بۆچوونێکی کوردانەوە، لەم کۆنگرەیەدا بەشداریی کردبوو، کاتی قسەکردنی، لە ڕۆژی دووەمی کۆنگرە، لە کاتژمێر ٧ هەتا ٧،٢٥ دەقیقەی دوای نیوەڕۆی بۆ داندرابوو، وتارەکەی بە ناوی (ڕەچەڵەکی ئێرانیی نیزامی و ناساندنی شوێنەوارە بەکوردیکراوەکانی) پێشکەش بە کۆنگرە کرد. بەڵام بەداخەوە، لەگەڵ هەڵوێست و دژایەتیی بەشێکی زۆر لە تورک و ئازەربایجانییەکان ڕووبەڕوو بوو. ئازەربایجانی و تورکەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە نیزامی شاعیرێکی تورکە و فڕی بەسەر کوردانەوە نییە، لە کاتێکدا کاک ئەحمەد قەبڵاندبووی کە نیزامی شاعیرێکی کوردی فارسی وێژە و تەنانەت زمانی کوردیشی زۆر باش زانیوە و لە سەدان وشەی کوردیشی کەڵک وەرگرتووە.

ب. س. ورمێ/ ئێران □

❊

---

*لە دەرەوەی ئاسیای ناوەڕاست تەریقەکە (باسی تەریقەی نەقشبەندی دەکات. م.ک) بە ئەناتۆلیا و قەفقاسدا و لە نێو خەڵکی چیانشینی کوردستاندا (کە بوو بە هۆکارێکی گرنگی بیری کوردایەتی) و بەرەو باشوور، بۆ ناو هیندستان بڵاو بووەوە، بەڵام لە جیهانی عەرەبدا هەرگیز نەبوو بە تەریقەیەکی گەلێری.*

**J. Spencer Trimingham:**
The Sufi Orders in Islam, Oxford 1971, P. 64.

# له پێناوی ئافرەتا!

عەلائەددین سەجادی

**هێشتا** ئەم تۆپ و تفەنگ و هەیتو هووتە دانەهاتبوو، باو، هەر باوی شیر و تیر و رم و مەتاڵ بوو. ئەم «تەکش»ەی کەوا ئێستا ئەیبینی ئیفتادەو شەل و کوێر بووە لە وەختی خۆیا لە هەموو تۆپی «گەڵواخی»دا وا ناوبانگی دەرکردبوو کە بیانوتایە وا تەکش هات مناڵ لە بێشکەدا ژیر ئەبووەوە!.

تافی هەرزەکاریمە، تازە خەتم داوە، ئێجگار کە ناوی خۆمم بیستۆتەوە، کەس لە ژوور خۆمەوە نابینم. سەر لەبەیانییەک هەستام خۆمم رازاندەوە، زرێ و تاسکلاوم لەسەر کرد، شیر و تیرم لە خۆم دا، مەتاڵم خستە گازی پشت و رم بە دەستەوە، ماینێکی رەشبۆرم هەبوو پەلی لە ئاسمان ئەکوتا، سوار بووم و رووەو دەشت بە شوێن نێچیرێکا تووشی ئەم کارەساتە بووم: هەر وا بەسەر شاخەکانی«کەوڵە» دا ئەگەڕام، لە دوورەوە لە دۆڵەکەی تەنیشتی «خرۆسە»ەوە تارماییێکم بەرچاو کەوت. بۆی شۆڕبوومەوە، کە لێی نزیک بوومەوە وا پیاوێکە لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا، هەتا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، بە سەروسیما. شیرێکی بە لاقەدەوە و هەموو جۆرە چەکی کەشی پێیە، ماینێکی کوێتی لە ژێرایە. هێشتا هەر لێی دوور بووم سەیرم کرد لە ماینەکەی دابەزی لغاوەکەی کرد بە مەچەکیا و بەنەوخۆێنەکەی کردەوە و دانیشت بۆ میزکردن. گەیشتمە سەری- ئەو وەختە دنیا وەکوو ئێستا بە فڕوفێڵ و قوماربازی نەتەنرابووەوە، برا، برای بۆ هەڵکەوێ لە پەنابەردا بیکوژێ!- دوژمنی خۆێنەخوێنشت بوایە ئەبوایە پێت بوتایە کە نیازم خراپە لەگەڵت خۆت ئامادە کە.

سەیرم کرد کابرا هەر هەڵنەستا. ناچار بانگم کرد: کوڕە! کابرا خۆت کۆکەرەوە، سوار بە لەم چۆڵەدا یا ئەبم بە خەنیمت یا ئەبی بە خەنیمم. کابرا هەر لەسەر پێشاوەکە وتی: ئێوە گەڵواخین و بێ ئامان!. سوێنم بۆ بخۆ تا سوار نەبم دەست نەکەیتەوە. قسەکەی کاری تێ کردم چونکە تانە بوو بەڵام هیچیشم پێ ناکرێ، هات بەدەمما سوێنم بۆ خوارد تا سوار نەبێتەوە دەستی لێ نەکەمەوە.

ئینجا هەستا و بەنەوخۆێنەکەی بەستەوە و ملی رێی گرت و وڵاخەکەی بە شوێن خۆیا راکێشا!. ئەمەم بەلاوە زۆر سەیر بوو بانگم کرد کوڕە کابرا سوار بە ئەوە تۆ چی ئەکەی؟!. هەڵیدایە وتی: تۆ سوێندت خواردووە تا من سوار نەبم دەست نەکەیتەوە، ئێستەش من سوار نابم، بۆچ ناتناسم تۆ تەکشیت؟!..

کە ئەمەی وت هەر زۆرم بەلاوە سەیر بوو! تێم خوڕی کوڕە کابرا سواربە رۆژ درەنگە ئیمڕۆ هەموو شتێکت لە دەست دەرکردم، یا ئەمکوژی یا ئەتکوژم. ئێستە وئەوسا سوار نەبووەوە و نەبووەوە، وتی خۆم نادەم بە کوشتن چی ئەکەی بیکە. نیزکەی دوو سەعات شوێنی کەوتم هیچ کەڵکی نەبوو!. ناچار بە شوێنەکەی خۆما گەڕامەوە و ئەویش بەو جۆرە خۆی دەرباز کرد!

✤ ✤ ✤

بۆ رۆژی دوایی دیسان خۆمم گورج کردەوە و سوار بوومەوە راست بۆ شوێنەکەی دوێنێ- چونکە جێراوێکی چاک بوو- هێشتا نەکەوتبوومە سەر شاخەکە سەیرم کرد لە دوورەوە سوارێک هات، چۆن هاتنێک. هەروەکوو با، ئەڕوا. لە قەد و باڵایا وتم ببێ و نەبێ ئەمە ئەوی دوێنێیە، ئیمڕۆ ئەگەر پەلی بە پەل هەورەوە بێ نایەڵم رزگار بێ.

وتم تا چاوی پێم نەکەوتووە بەڵکوو بیگەمێ نەوەکوو کەتنەکەی دوێنێم پێ بکا. لە کلکەی شاخەکەوە بۆی شۆڕ بومەوە زۆری نەمابوو بیگەمێ سەیرم کرد دیسان لە وڵاخەکەی دابەزی و وەکوو دوێنێ دەستی کردەوە بە میزکردن!. وتم یاڕەبی ئەم بەڵایە چییە و چۆن دەفحی کەم؟! ئێ، خۆ ناشکرێ ئەو لەسەر پێشاوە من پەلاماری دەم. دڵم ئۆقرەی نەگرت ناچار

چووم لە پشتیەوە تیم خوڕی: کوڕە هەستە ناپیاو مەیکەرە دەردەکەی دوێنێ وە! هەستە یان ئەمکوژی یان ئەتکوژم!.

سەیرم کرد لایەکی لێ کردمەوە و هیچ دەنگی نەکرد. کە چاک لێی ورد بوومەوە، کوڕە خۆ ئەمە ئەوی دوێنێ نییە!.. بەڵام هیچ دەنگی نەکرد، بە شێنەیی هەستا بەنەوخوێنەکەی بەست و پێی لە ئاوزەنگی نا پشتی تێ کردم و ملی ڕێی گرت!.. شوێنی کەوتم کوڕە کابرا من لەگەڵ کێمە؟ رووم تێکە، دیسان هەر گوێی نەدامێ و ڕۆیشت. ئیتر من وا لە داخا وەختە شەق بەرم. تیم خوڕییەوە کابرا! یان شتومەک و ماینەکەت بەجێ بێڵە و بڕۆ یا ئەمکوژی یا ئەتکوژم!.

ئەمجا هەر بەدەم ڕەوتەوە ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی: کابرا بەڕێی خۆتەوە بڕۆ من حەریفی تۆ نیم، پیاوەتیت ببێ ماتڵم مەکە! قسەکەیم بەلاوە سەیر بوو چونکە وەکوو لەگەڵ مناڵێکا قسە بکا وابوو. وتم کوڕە ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ یا خوێنت ئەڕێژم یا خوێنم ئەڕێژیت، ئەوە قسە لەگەڵ کێ ئەکەی، من تەکشم تەکش با گوێت لێ بێ!!

کە ئەمەم وت هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو ڕمەکەی لەسەر سنگم توند بوو، وتی کوشتتم یان نەء؟... دە بڕۆ بەرۆکم بەردە و لەمە زیاتر تاخیرم مەکە و ڕمەکەی لەسەر سنگم هەڵگرتەوە و دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن!

کە ئەمەم دی هەروا واقم وڕ ما چونکە ئەمە، یەک، کەوا یەکێک بەو جۆرە بەرانبەریی کردبم. وتم دەک عەمرت نەمێنێ تەکش بۆ خۆت و بۆ غیرەتت! ئەوە لە کوێیت، تۆ نووستوویت؟ دیسان هەر کۆڵم نەدا شوێنی کەوتم و ئەوەندەی تر شێرگیرتر بووم. بانگم لێ کرد کابرا پیاوانە وەرە مەیدانەوە، کەوای لێ هات یا ئەبێ بمکوژی یا ئەتکوژم. گوێم لێ بوو وتی کوڕە تۆ خوێن ئەگێڕی ماڵ کاول!. من پێم نەوتی بە تاڵووکەم، بۆ بەرۆکم بەر نادەی؟ لێم گەڕایەوە تا من دەستم برد بۆ شیرەکەم ئەوەندەم زانی پەلاماری دامێ وەکوو چۆلەکە هەڵگرێ بەو جۆرە لەسەر ماینەکە فڕاندمی و دامی بە عەرزا و چۆکی دایە سەرسنگم و خنجەرەکەی لەسەر ملم دانا و وتی کوشتتم یان نەء؟ دە بڕۆ بەرۆکم بەردە، هەڵسا و سوار بووەوە و دیسان ملی ڕێی گرتەوە. کە ئەمەم دی ئیتر هیچم پێ نەما، پەلاماری لغاوی ماینەکەیم دا و وتم: ئەوی تۆ بە منت کرد تا ئێستا کەس پێی نەکردووم. پێم بڵێ تۆ کێیت؟ وە بۆ هەر کوێش ئەچیت لەگەڵتم! سەرێکی بادا و وتی تۆ شێت بوویت! لغاوەکە بەرەڵا کە بە تاڵووکەم. وتم ئەمەی پێ ناوێ یا کوشتن یا لەگەڵتا هاتن.

ئینجا وتی: برام! من بۆ ناو دەریای خوێن ئەچم، ئەو شوێنە شوێنی هی وەکوو تۆ نییە. وتم خۆت تاخیر مەکە لێت نابمەوە من لە تۆ زیاتر نیم. کە سەیری کرد هیچ کەڵکی نییە و لە کۆڵی نابمەوە و هەر ماتڵی ئەکەم وتی جڵەوەکە بەردە و سوار بەو شوێنم کەوە ئاوزەنگی تەقێن. ئینجا وردە وردە بە ڕێوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتی خۆی و وتی:

من «سەمسام»ی «سوورسووری»م، مامێکم هەیە «جیهانبەخش» لە وڵاتی « تەرگەوەڕ»، کچێکی هەیە «گوڵئەندام». ئەمە حەوت ساڵە دڵمان پێکەوەیە، کەس نەما نەیکەم بە تکاکار و ڕێگە نەما بۆی نەچم، ئێستە و ئەوساش لای لێ نەکردمەوە. داوای شیربایی‌یەکی زۆر ئەکا منیش پێم هەڵناسێ. ئێستە وا ناچارم هیچم بۆ نەماوەتەوە ئەچم کچەکە ئەفڕێنم!.. ئەوەشت پێ بڵێم: مامەکەم عەشرەت و پشتماڵەیەکی زۆری هەیە، بێجگە لەمانەش حەو کوڕی هەیە، منت چۆن دی هەریەکە لەوان چواری وەکوو من ئەخاتە کۆشیەوە! مامەکەشم خۆی ناوبانگی ئازایی و دەستوبردی لە هەموو وڵاتا دەرکردووە. ئەوەش ئەزانم کە دەستم لێ هەڵناگرێ بەڵام ناچاریشم هەر ئەبێ بۆی بچم. ئەمە سەرگوزەشتی منە. ئێستەش دیسان تکات لێ

## تۆمار

ئەم گۆشەیەی مامۆستای کورد، لەم ژمارەیە بەدواوە، تەرخان دەکەین بۆ سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی هەندێ تێکستی کوردی کە بۆ خوێنەری ئەمڕۆی کورد، بەلای ئێمەوە، بایەخێکی گەورەی هەیە. دیارە تێکستەکان پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆنی کوردیدا، یا لە کتێبدا، چاپ کراون. ئێمە لێرەدا دەیانخەینە سەر ڕێنووسی تازەی کوردی و ئەو هەڵەی چاپانەی کە کاتی خۆی کەوتوونەتە ناو تێکستەکان، ئەگەر دڵنیابین هەڵەن، ڕاست دەکەینەوە. چیرۆکی «لە پێناوی ئافرەتا» یەکەم جار لە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە نۆ / ساڵی حەوتەم / ئەیلوولی ١٩٤٦دا بڵاوبۆتەوە و پاشان مامۆستا سەجادی لە کتێبی (هەمیشە بەهار، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد ١٩٦٠، ل ٢٠-٣٢)دا وێڕای چیرۆکەکانی دیکەی خۆی چاپی کردووە.

ئەکەمەوە کە بگەڕێیتەوە بە شوێنەکەی خۆتا، جوانیت با لە خۆڕایی سەرت تیا نەچێت. کە گوێم لە قسەکانی بوو لەم دڵ و دەروون و هێز و تاقەتە هەروا سەرسامییەک گرتمی! وتم برا سەرێکە و لە ڕێی تۆدا دامناوە پێی پێوەنێ. من تازە خولامی حەڵقە بە گوێی تۆم تا سەرم لە ڕێتا بەخت نەکەم ناگەڕێمەوە. وتی کەوایە یا ئەڵڵا، بەڵام چیت پێ ئەڵێم وا بکە.

✤ ✤ ✤

دوانزە شەو و دوانزە ڕۆژ بە چوار ناڵە تێمان تەقان، لە ئێوارەی دوانزە ڕۆژەدا گەیشتینە شوێنێک وتی لێرە دابەزین. دابەزیین و ماینەکانمان بەرەڵای ناو ئەو مێرگانە کرد و هاتە تەنیشتمەوە وتی:

هۆ، ڕەشماڵانە کە لە دوورەوە دیارن ئەوە ماڵی مامەکەمە. هەقیقەت کە سەیرم کرد هەتا چاو کار ئەکا لەو دەشتەدا ڕەشماڵ بەبێ هەق و حیساب هەڵدراوە. وتی من لەگەڵ بانگی شێوانا لێرەوە ئەچم، لەگەڵ کچەکەدا ئەم بەیانییە ژوانێکمان هەیە ئەویش دێتە ئەوێ ئەیهێنم و لەگەڵ سفیدەی بەیانا ئەگەڕێمەوە. ئەگەر لەو وەختەدا نەهاتمەوە ئەوە بزانە شتێکم بەسەر هاتووە ئیتر هیچ لێی مەوەستە سواری وڵاخی خۆت بەو هێنەکەی منیش بەرە و بڕۆرەوە، نەکەی ئەوە بێت بە دڵتا بڵێیت لەگەڵ ئەمانە شەڕ یا شتێک ئەکەم.

لەگەڵ ئەم هەموو زۆر و باهووەدا کە بەم کوڕەوە دیبووم سەیرم ئەکرد زۆریش ئەترسا، وا دەرئەکەوت مام و ئامۆزاکانی گەلێ لەم بە دەسەڵاتتر بوون. خۆ من بە تەواوی ئیتر ورەم بەردابوو. ئەو تەکشە کە جاران لە تاوی ناڵدار ناڵی ئەخست و باڵدار باڵ ئێستە بێزی لە خۆی ئەهاتەوە! ئینجا هەستا شیرەکەی کرد بە قەدیا، قەڵخانەکەی خستە ناوشانی و ڕمەکەی گرت بە دەستەوە ماڵاوایی‌ی لێ کردم و بە پێیان بەڕێ کەوت. منیش وڵاخەکانم هێنا و زینەکەم لێ گرتنەوە و ڕەنەک و قاشاوم دان. جۆمان پێ بوو لەگەڵ دوو باقە گیادا بۆم هێنان و دامنێ، پاش ئەمانە ئاوم دان و زینەکەم لێ کردنەوە و بە دیاریانەوە کرووسکەم کرد.

دوو بەشی شەو ڕۆیشتبوو نەڕۆیشتبوو ئەوەندەم زانی لە دوورەوە دوو تارمایی پەیدا بوو وەکوو با ئەیانکوتا، زۆری پێ نەچوو گەیشتنە جێ سەیرم کرد سەمسامە و ئافرەتێکی لەگەڵە. شەو بوو هەر ئەوەندەم بۆ دەرکەوت ئافرەتێکی کەڵەگەت و بە خووە بووە. ئیتر دانەنیشتین پێی وتم سواربە، خۆیشی سواری وڵاخەکەی خۆی بوو، ئافرەتەکەی خستە پاشکۆی و رووی تێ کردم و وتی:

وا ئەڕۆین، من تا ئێستا لام بۆ دوژمن نەکردۆتەوە بەترسەوە، تۆ جار جار ئاوڕ بدەرەوە ئەگەر دیت لەشکری هەموو دنیا کۆبوونەتەوە و بە شوێنمانا دێن هیچ گوێ مەدەرێ و وڵاخی خۆت لێ خوڕە هیچ نین هەر پێشم مەڵێ، بەڵام ئەگەر دیت هەشت سوار ئەهاتن پێم بڵێ ئەوە ئیتر ڕزگاربون نییە!!

ئینجا قامچیمان لە پیرە وڵاخ راکێشا و کەوتینە ڕۆیشتن، بەڵام چۆن ڕۆیشتنێک؟. با، بە تۆزی قوڵمانا نەئەگەیشت، وا جار جاریش هەر لا ئەکەمەوە، بەو جۆرە ڕۆیشتین هەتا بەیان گزنگی دا و دنیا به تەواوی ڕووناک بووەوە ئەو وەختە کە سەیری ئافرەتەکەم کرد تەماشام کرد وا کچێکە لە تەمەنی هەژدە ساڵانا، نە بخۆی و نە بکەی تەماشای سای گەردەنی کەی، باڵا(یەکی) بەرزی کەڵەگەتی پێوە بوو، سوور و سپی، ئەو چاوانەی ئەتووت پیاڵەیە، گۆناکانی سوور سوور خڕو پڕ ئەتووت سێوی سەردەشتە، ئەو باسک و مەچەکە ئەتووت بلوورە. قژەکانی، قژەکانی وەک سرکەیی ئاوریشمی ڕەش بەسەر شانیا پەخش بووبووەوە و ئەڕژایە کەمەری. کەمەری چی؟ ئەتووت ناوقەدی ئاسکە! بە ڕاستی گوڵئەندام گوڵئەندام بوو . گوڵئەندام ئەوەی ئەهێنا کە ئەو سەمسامە جوانەمەرگە سەری خۆی لە ڕێدا بۆ دانێ!!.

✤ ✤ ✤



نیگار: محەمەدی نیکپەی. سنە - کوردستان.

ڕۆژ گزنگی دا و پەلکە زێڕینەکەی بەسەر دنیادا بڵاوکردەوە و لەگەڵ گوڵئەندام و پلپڵەی سەر ئەگریجەکانیا دەستیان کرد بە چاوشارکێ! دنیا بوو بە چیشتەنگاوێکی درەنگ، کە لام کردەوە سەیرم کرد وا لە دوورەوە هەشت سوار - یەکێکیان لە پێشەوە و حەوتیشیان بە شوێنیەوە - هەر وەکوو با، دێن. کە ئەمەم چاوپێ کەوت بانگم کرد سەمسام وا هەشت سوار بە شوێنمانا ئەیکوتن. ئەوەندەم زانی سەمسام ماینەکەی ڕاگرت و وتی ئیتر تەواو! پێی وتم تۆ نەختێکی تر سواری وڵاخی خۆت بەو، بەو شوێنەدا کە هاتبووین بگەڕێوە بۆ وڵاتی خۆت، بەڵام جار جار یادێکم بکە! کە قسەکەی کرد دڵم پڕ بوو، ئاو بە چاوما هاتە خوارەوە. لە ماینەکەی دابەزی جڵەوەکەی دایە دەست گوڵئەندام و بە قوڵپی گریانەوە پێی وت: بچۆ لە قەراخ ڕێگەکە بوەستە، دوا جار سواری ئەم وڵاخە بە و گەردنم ئازاکە بۆ کوێ ئەچی بچۆ وا لەبەری یەکمان نەخوارد!. هەردووکیان فرمێسک بە چاویانا هاتە خوارەوە، بە منیشی وت تۆیش لەو بەرەوە ڕاوەستە سەیری ئەم نەبەرد و ڕەزمە بکە، خۆیشی ڕووبەڕووی سوارەکان لە چەقی ڕێگاکەدا وەکوو سنگ چەقی و دەستی خستە سەر مستۆی شیرەکەی!!...

زۆری پێ نەچوو سوارەکان گەیشتنە جێ، سەیرم کرد وا یەکێکی ڕیش سپی، ڕیشی ئەڕژێتە پشتێنەی و حەوت گەنجی تازە پێگەیشتووی لە دواوەیە هەموو نیشانەی ئازایی و پاڵەوانییان لە ناو چاودا دیارە و ئاگریان لێ ئەبارێ. سەمسام پێی وتم ئەو ڕیش سپییە مامەکەمە و ئەوانیش کوڕەکانین. لەوێ ئەوانیش بەرانبەر بە سەمسام وەستان.

ڕیش سپییەکە هەڵیدایە وتی: سەمسام ئەم کەتنەت بۆ گێڕا!. بۆچی لە ناو هەموو عێلی تەرگەوەڕەدا حەیات بردم؟. سەمسام-یش وتی: مامە حەو ساڵە ڕجا و تکا ئەما ئەیکەم گوڵئەندامت نەدامێ لەگەڵ ئەوە کە ئەو بۆ منە و من بۆ ئەو. منت گۆڕییەوە بە ماڵی دنیا. ئێستەش هیچ نەبووە هەر لێرە ئەوەندە بڵێ وا پێم دایت ئیتر من هیچم ناوێ. وتی: ڕۆڵە تازە کار لە کار ترازا!

ئاوڕی دایەوە بە لای یەکێ لە کوڕەکانییەوە و وتی: «ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە!» کوڕە وەکوو کێچ ڕاپەڕی لە ماینەکەی دابەزی و هات بەرانبەر بە سەمسام وەستا دەستی دایە شیرەکەی. سەمسام هەڵیدایە: مامە! بۆ خاتری خوا مەکە با خوێن نەکەوێتە بەینەوە، لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە. دیسان لەوێوە بانگی کردەوە: «ئا سەرەکەیم بۆ بێنە!.».

لەو مەیدانەدا ئەو دوو نەمامە کە هێشتا هەر تامەزرۆی باخی ژیان بوون دەستیان کرد بە شیر و تیر لەیەک دان. کە سەیرم کرد بەڕاستی، ڕاستی کرد سەمسام کە وەختی خۆی پێی وتم کوڕەکانی مامم هەر یەکەیان چواری وەکوو من ئەخەنە کۆشیانەوە. هەرچەندم ئەکرد نەمئەزانی سەیری دەستوبردی کامیان بکەم!.

بەو جۆرە لەو مەیدانەدا ئەو کوڕە نیزیکەی نیو سەعات خۆی لەبەر ئەو شان و باهووە پاڵەوانانەی سەمساما ڕاگرت، لە ئاخریا کە هات شیرەکەی داهێنێتەوە سەمسام شیرەکەی خۆی ئاوقەی سەرشانی ڕاستی کرد و لە پەراسووی چەپیەوە دەرچوو! کوڕە لەوێ کەوت، من ئیتر خۆم ڕانەگرت فرمێسک بە چاوما هاتە خوارەوە، ئاگام لێ بوو گوڵئەندامیش لەوێ دایەوە پڕمەی گریان!!.

کە جیهانبەخش ئەمەی دی لای کردەوە لە یەکێکی تر لە کوڕەکانی وتی «ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە!». یەکێکی تریان پەلاماری دایە و بۆی هات. سەمسام دیسان بانگی لێ کردەوە مامە بۆ خاتری خوا واز بێنە با ئیتر ببڕێتەوە لە خۆڕایی خوێنی ناهەق مەڕێژە. ئەویش بانگی کرد، ڕۆڵە! تا ئێستە ئێسک نەشکابوو لە بەینا، ئەوا ئێستە ئێسکیش کەوتە ناوەوە تازە تێ پەڕیوە!!.

سەمسام لەگەڵ ئەویشا کەوتە شەڕ، زۆری پێ نەچوو ئەویشی کوشت!.. مامەکەی دیسان لای کردەوە لە یەکێکی تر لە کوڕەکانی ئا بچۆ سەرەکەیم بۆ بێنە!... ئەویش هات ئەویش کوژرا!.

پێی ناوی هەر حەوت کوڕەکەی نارد هەموویان بە دەستی سەمسام کوژران. ئەوەش سەیر بوو ئەم کارەساتە خویناوییە رووی دا هیچیان قسەیەکی تاڵیان لەدەم نەهاتە دەرەوە. ئەم هەر ئەیووت مامە وا مەکە، ئەویش هەر ئەیووت رۆڵە تازە تێ پەڕیوە!!..

ئینجا کە کەس نەما ئەوەندەم زانی جیهانبەخش ئاوزەنگیی دا لە وڵاخەکەی و هات لە پێش سەمسەما دابەزی و ریشەکەی کرد بە بەر پشتێنەکەیا و وتی « رۆڵە تا ئێستا شەڕ، شەڕی کاوران بووە، ئێستە شەڕ، شەڕەقۆچی بەرانانە، چاوت لە مامی خۆت بێ چیت پێ بکا!!». دیسان سەمسام هاواری لێ کرد مامە! با بەس بێ بەس.. مامەش وتی : رۆڵە تازە بەسی چی بێ؟ یاری بکە یاری!!..

ئەم مام و برازایە لەو دەشتە چۆڵەدا بەسەر ئەو حەوت لاشە کوژراوە خێر نەدیوانەدا کەوتنە شیر و تیر لەیەک وەشاندن!.

رۆڵە بڕوام پێ بکە ئەگەر بڵێم مەلایەکەی ئاسمان هەموو بەچاوی فرمێسکاوییەوە هاتبوونە سەیری ئەو کارەساتە هیچ درۆ نییە و بڕوام پێ بکە!.ئەم کوڕە گەنجە، ئەم پیرە نوورانییە ئەهاتن و ئەچوون، گەلێ لە شێری برسی تینووتر بە خوێنی یەک، هیچ بەزەیی‌یان بە یەکا نەئەهاتەوە!. سا، چییان بە یەک کرد کردیان.

رۆژ، وا خەریکە تەنگ بە کەلی رۆژئاوا هەڵئەچنێ، دەمەو زەردەپەڕە، خوێنی شەهیدەکانیش وا لە رۆخی ئاسمانا خەریکە خۆی ئەنوێنێ!.کوتوپڕ جیهانبەخش نرکاندی، سەمسام رۆڵە بگرە ئیتر بەسە! شیرێکی داهێنایەوە. سەمسامیش وتی مامە ها تۆیش بگرە، منیش ئەڵێم ئیتر بەسە!.. تەماشاکە گەردوون ئیشی چۆن ئەکا؟! لەو وەختەدا کە شیرەکانیان داهێنایەوە هیچیان دەستیان سەری نەکرد و خۆیشیان بۆ نەپارێزرا. شیرەکەی سەمسام کەوتە عاستی ملاشووی جیهانبەخش و لە بنەنگڵیەوە سەری دەرکرد! هێنەکەی جیهانبەخشیش سەری نەکرد دای لە ملی سەمسام و سەرەکەی لەولاوە کەوت. گوێم لێ بوو کەللەکەی بە دەم خوێنەوە وتی: «مامە چاکت کرد؟.» نیوەلەشی مامەکەشی لەو لاوە وتی « رۆڵە وا باشە!»..

✤ ✤ ✤

هیچ نەما قەڵاچۆیان برایەوە. نۆ تەرم لە خوێنی خۆیانا ئەگەوزێن. سەیرم کرد گوڵئەندام چووە پێشەوە لێیان، دەسەسرەکەی دەرهێنا و چاوەکانی سڕی، یەکە یەکە، چاوێکی پێیانا گێڕا و هیچ ورتەی نەکرد. من چیم بە دڵا هات؟ وتم تازە ئەمە رووی دا ببێ و نەبێ ئەم کچە بۆ من ئەبێ. رووم تێ کرد و وتم: گوڵئەندام ئەوی چاوت پێ کەوت تازە قەوما و رووی دا. ئێستە لەگەڵ من وەرە با بڕۆین، دەرکەوت کە خوا منی بە تۆ داوە و تۆ بە من!.

هەر کە ئەمەم لەدەم هاتە دەرەوە ئەوەندەم گوێ لێ بوو وتی ئاگات لە خۆت بێ، تا من کەوتمە خۆم سەیر ئەکەم بە گازی پشتا دراوم بە زەویدا و کچێک لەسەر سنگم چۆکی داکوتاوە! وتی: ها، چۆنی؟ وتم بەسمە. ئیتر هەستا و وتی:

برا!. من لەم شێرانەم کە لێرە کەوتوون. خۆ دیت کە چۆن بوون؟!. وا ئەبینی باوک و حەوت برا و دەزگیرانێکی وەکوو سەمسامم لەوێ کەوتوون. تۆیش لات وایە هەنگوینت لە ناو شاخا و کچێکت لە لاکۆڵانا دیوەتەوە. با پێت بڵێم ئێمە، چ ژنمان، چ پیاومان تا ئێستا کەس پشتی نەداوین بەعەرزا.

من تا ئێستا خۆمم بۆ سەمسام دانابوو، بەڵام باوکم بۆ پارە ئەم کەتنەی گێڕا!. ئیتر لە ئێستە بە دواوە خۆمم بۆ گڵ دانا.

شیرەکەی باوکی- ئەو شیرەی کە سەمسامی پێ کوژرا- هەڵیگرت، تا وتم کچێ چی ئەکەی؟ لەسەر لەشەکەی سەمساما هێنای بە ملی خۆیا و بەسەر لەشەکەدا لاربووەوە و بۆ هەتا هەتایێ باوەشیان کرد بە یەکا!..

ئیتر من هەر ئەوەم بۆ مایەوە لەناو ئەو دەریای خوێنەدا سواری ماینەکەی خۆم بووم و بە بێ ئەوە دەست بە هیچەوە بدەم بە شوێنەکەی خۆما گەڕامەوە.

ئێستەش هەرچەندە بیری ئەو دیمەنە ئەکەمەوە کسپە لە جەرگمەوە دێت و خوڕ خوڕ ئاو بە چاوما دێتە خوارەوە.

رۆڵە ئەگەر مامەکەی بیانووی ئەو شیربایی‌یە زۆرەی لەو جوانەمەرگە نەگرتایە بۆچی ئەو کارەساتە بەسامە رووی ئەدا؟.

✤ ✤ ✤

- ئەیلوولی ١٩٤٦ - □



نیگار: محەمەدی نیکپەی. سنە - کوردستان.

# ژوان

خالیدی حیسامی
(هێدی)

ناڕژێ ئەسرینی من هێندە ئەگەر دڵ داکەوێ
ماڵی دڵ وێران بێ ماڵوێرانی کردم ناسرەوێ
هێندە بێزارم دەڵێم دڵ هەر لە سینە بێنمە دەر
تا بزانێ من نەبێ ئەو ئاگرە کەس نایەوێ
باشە چاو تێبینە دەیڕێژێتە داوێنم دەنا
گەنجی فرمێسکم هەموو تێدا دەچوو لێڕ و لەوێ
بەژنی تۆ گەر سەروە سایەی خۆت لەسەر من کەم مەکە
رووت ئەگەر رۆژە عەزیزم مەیگرە با دەرکەوێ
دەفتەرم پڕ کردەوە و ئێستەش دەلیلی وام نییە
فەرقی پێ دانێم لە بەینی خاڵی تۆ و خاڵی کەوێ
گەر پەڕەنگی گوارەکەت ئاوا نەلەرزێ لەو سەرە
دەرفەتی بۆ ماچ و کوڵمەگەزتنێ دەس ناکەوێ
من دەڵێم دڵ کۆرپەیە با لایی لایی‌ی بۆ بکەم
ئەو بە شیعری من کوڵی هەڵدەستێ ئێتر ناخەوێ
هەر دەبوو رۆژی هەوەڵ من دوو دڵم بێ و یەک زمان
تا لە ماڵێکدا ئەوین و ئاوەزم نەبنە هەوێ
بسکەکانی تۆ، گوڵم، لاجانگی تۆیان گرتووە
بەو هەناسە ساردە خۆ من ئەو تەمەم پێ ناڕەوێ
من بەیادی تۆوە گۆشێک و خەیاڵێکم بەسە
سوڕی ئەو چەرخە ئەگەر نەمخاتە گێژی گێژەوێ
دوور لە خەڵکی دەس لە ئەستۆی یەک دەکەین ئەمن و خەیاڵ
کەس ئێتر بەو رازە نازانێ کە من لەو چم دەوێ
گەر بەڵێنم لێی بوێ دووبارە بۆ ژوانێکی تر
پێم دەڵێ شەوگار درێژە و کوێ بڵێی من دێمە وێ
من لە سایەی زوڵفی تۆوە رۆژی رووناکم نییە
شێوەنم جا تازە کەڵکی چی هەیە نیوەشەوێ
ئەو وڵاتە ئەو کوڕەی ناوێ بە سەربەرزی نەژی
باوەشی دوژمن نەبێ نایبێ ئەوی کوردی نەوێ
تۆ پەژارەی چیتە «هێدی» دڵنیابە چارەنووس
چاوەڕێتە، رۆژێ هەر دێ کوردەواری سەرکەوێ

کەرەج - عەزیمییە
١٣٧٠-٨-١

جەلال مەلەکشا

# لە دەلاقەی خەیاڵەوە

لەگەڵ یەکەم پۆلی پەڕەسێلکە ئاوارەکاندا هاتووم. لەگەڵ یەکەم جەڵەی کۆترە سەرلێشێواوەکانی مێژوودا هاتووم. لە هەوارگەی زەیتوونەوە، تا کێڵگەی خوێن و برین و ئاسمانی barووت و وەرزی گەردالْ!! باڵەکانم شکاون و پەڕە خوێناوییەکانم لە دیلیی ڕکەی نامۆیی‌یەکانەوە هەڵاتوون. چاوم ئاوێنەی شکاوی ئاواتە بەدی‌نەهاتووەکانە... هەی، هەی! بڕوانە نازەنین! زامە بەترەف و قووڵەکانم بە پەڕۆی یاسای مەغوولی پێچراون و زڕەی زنجیری دەست و پێم وەک ئاهەنگی گەلاْ زڕەکانی وەرزی قاقڕە! ئالای هەڵاتووی نێو پەنجەی کاویانم و سیلووەکانی تەیسەفوونم بە سەرکەوتووە برسییەکان ئەسپاردووە! ڕەنگە نەوەی ئاشەوانە ڕیش سپییەکانی مێژوو بم، کە پەنجە هەڵقڵەشاوەکانیان بە تۆڵەی خوێنی مەزدەک یەزدگردەکان دەخنکێنێ!

باوکم پینەدۆزێکی هەورامانی بوو. ئاواتەکانی بردە ژێر خاک و دایکم وەک ئاهەنگی سەر پەڕەی گوڵ، بوو بە هەڵم و کەوتە ڕکەی هەتاو! لە ساڵێکدا هاتمە دنیاوە، باهۆز دەیگوڕاند و دایکم بە ژەکی گوانی مامزە قسرەکان گۆشی کردم!

باوکم بێشکەی لە دارەگوێز داتاشراوەکەمی لە دۆڵی مێژوودا هەڵاوەسی! لە نامۆیی‌ی گیانمدا، لە کۆڵانی تەسک و درێژ و بێ بواری تەنیاییدا گەورە بووم. هێدی، هێدی، پەپوولەی باڵ گڕگرتووی ئاواتم لە سەر لقی سووتاوی دەرختی شیعر کەوتە گەڕان. باوکم لە چۆمی پەتاگرتووی گەندەڵدا، ماسیی خەیاڵی ڕاودەکرد و دایکم لە بێشەڵانی تەنیاییدا جاجمی سکاڵای دەچنی و منیش لە وەرزی قەرەبرووتدا، گەورە دەبووم! بێ ئەوەی کڵپەی ئاورێک خەرمانی ڕەشی شەوەزەنگەکانی ژیانم ڕوون بکاتەوە!

ساڵەها، ساڵەها... لە نێو زبڵدانی زەماندا، بۆ بیرەوەرییە ونبووەکانم دەگەڕام! تەمەنێکی بێ برووسکە و بریسکەم لە قەراخی تۆفانی یاخیدا رابواردووە. دوو هەزارو پێنجسەد ساڵ لە ژێر نسێی شمشێردا بێ ئەوەی دەرفەتی زیارەتی نێرگزی گردەڵانەکانم وەدەست کەوێ. دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ لە ژێر دەستەڵاتی قامچیدا، بە پاڵ نەستەرەنەکاندا، بە پێ دزکێ رۆیشتووم و چز و داخی زەردەخەنەی ناتەواوی هەزاران گوڵی چنوورم لە نێو کێڵگەی دڵی پڕ لە هێڵی بریندا چاندووە. ئاخ بمبەخشە نازەنین! ئەگەر چاوەکانم کوێر بوونە و لێڵاییم داهاتووە! ئاخر من دووهەزاروپێنجسەد ساڵە لە سێبەرەوە بۆ هەتاو، دەڕوانم!

زۆرجار، زۆرجار، نازەنین! جەللادەکانی تۆفان، بەبەر چاومەوە، لەگۆڕەپانی پاییزدا، سەری براوی هەزاران گوڵاڵە سوورەیان هاویشتوتە نێو دۆڵی سامناکی رەشەبا و شەللاخی مەرگ، جەستەی لاوازی سەدان کۆترە برجیلەی لە خوێن گەوزاندووە. من گەدای پڕبوونەوەی چاڵ و کەلێنەکانی زەوین، لە تەرمی زەرد و رەق هەڵاتووی هەزاران گەڵای بێتاوان بووم. بۆیە، ئەگەر دەبینی لە قووڵایی گەرووومەوە، فوارەی هاوار هەڵدەقوڵێ و لە پشتی ئاوێنەی شیعرەکانمەوە گوڵی خەم دەپشکوێ!!

لە ناو گۆمی هەتاوی چاوەکانتا بمشۆرەوە نازەنین! با، لە تەپ و تۆزی سەدە خۆڵەمێشییەکان خاوێن ببمەوە. من منداڵی بەجێماوی قافڵەی سەرگەردانی سەدە خۆڵەمێشییەکانم. دایکم لە تەم و مژی وەرزێکی قەرەبرووتدا ونی کردم. لەو رۆژەوە، وەک حەزرەتی مووسا، لە نێو بێشکەی چارەنووسدا گێرۆدەی شەپۆلە شێتەکانی نیلی مێژووم. وەک یۆسف دیل و یەخسیری چاڵی رۆژگار و بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشیم. بمبەخشە نازەنین! ئەگەر لە نێو ئاوێنەی چاومدا، بێژگە شنەی خەیاڵ و رەهێڵەی بارانی بیرەوەرییەکان چیتر نییە! من لە پشتی بێدەنگییەوە لەگەڵتا دەدوێم! من هاوارێکی بێدەنگم لەناو ئاوازە بێدەنگەکانما هەراو هوریای بازاڕە قەرەباڵغەکانی جیهانە. بەڵێ گیانە! سەردەمێک، وەک حەللاج، لە زەماوەند و داوەتی سێدارەکاندا چۆپیکێش بووم‌و رۆژگارێکی درێژ لەتەک فەرهاددا شێتی ئەوین و سەرگەردانی چۆڵ و چیا...

داستانێکی درێژ بەقەد بارستایی ترۆپکی چیاکانم لە دڵدایە!... دەڵێی چیرۆکێکی کۆنم و لە سەر سینگی کتێبە کۆنەکان نووسراوم، دەڵێی نەرمە شنەی سروەیەکی سەرگەردانم و بە شوێن تۆزدا، لەناو کووچە باخەکانی مێژوودا، ئەتک کراوم!

بمبەخشە نازەنین! بمبەخشە ئەگەر هەناسەم بۆنی خوێن و خۆڵەمێش و جەستەم بۆنی تەرم و باڕووتی گرتووە. بمبەخشە ئەگەر وشەکانم دەلاقەیەکە و بەرەو ئێوارە و ئازارو نامۆیی دەکرێتەوە. بمبەخشە ئەگەر... لە دەشتی شیعرەکانمدا، کارمامزی شادی قاتە و قاسپە، لە گەرووی کەوە دەندووک سوورەکاندا خنکاوە و... پەیتا پەیتا جووباری ئاواتە هەڵپرووسقاوەکانم تێدەپەڕن!

من سەرگوزەشتەی هەموو کۆیلەکان و شەجەرەی هەموو لانەوازەکانی مێژووم... ئاخ نازەنین! من رۆڵەی بەجێماوی زنجیرەی پەککەوتووی گوڵم. ژەنگ لێداوی سنووری تەنراوی ئاوێنەم. قامیش سواری بەساڵاچووی چارەنووسم. ئێستا لە بەرانبەری تووە، ئەی تاپۆی رووناکی کازیوەکان! ئەی رازی جوان! جگە ئەوەی، وەک ئاونگی بیرەوەری لە پێڵووی ژوانێکەوە داباریَم چیترم لە دەست نایە. ئێستا، ئێستا لە لایەن پێغەمبەری تیشکی

نیگاتەوە قاسیدێ بۆ راپەڕینی چارەنووسم بنێرە! ئەی سەرداری شەپۆلەکان! لە پێشەوای کازیوەکان! رۆژگار، خاکی شلەژاوی خاقان و قراڵەکانی مێژووە. خەزان، لە گۆرەپانی شارستانییەتدا سێدارەی بۆ گوڵ و شینکە دامەزراندووە. مەشخەڵانی زانست و بێداری یەک لە دوای یەک لە قاوش و هۆڵەکانی زینداندا دەکوژێتەوە تاکوو گوڵاڵەیەک، لە دەشتی تەسکی بیرێکدا سەر هەڵدەدا، باهۆزەکان دەگوشێن و دەیپرووکێنن!

ئەی خوای وەرزەکان! نیشتمانەکەمان، بکە بە نیشتمانی جووبارو ڕێحان! دارەکانمان بکە بە میوانداری هێشوو، پەرەسێلکەکان، لە تۆفان و گوڕین بپارێزە. چاو و دڵمان لە گەڵ بێن و گوڵدا، ئاشتی بدەوە. ڕێگاکان پڕ لە ڕێبواری غەریبن. نەمامەکان بریندارن. هەر بەیانییەک، باڵای بەرزی دارە پەڵکێک دەکەوێ و جەستەی ئەستووری چنارێک هەڵدەقڵەشێت. فرمێسک لە چاوی نێرگزەکاندا پەنگ دەخواتەوە. هەتا بولبولێک، لەسەرچلی گوڵی هیوا، دەچریکێنێ قرمەی تەقینەوەیەک لە دڵی شارستانییەتەوە هەڵدەستێ. هەتا سەیرەیەک ئایەتێک دەچریکێنێ.

سکاڵای ئەو گوڵە بریندارانە و ئەو پەڕو باڵە سووتاوانە بۆ کوێ بەرم. لەم رۆژگارە دووکەڵاوییەدا، کە دوا ئاسەواری پەپوولەکان لەناو فرمێسک و ئاگردا، دەبێ بە خۆڵەمێش. نازەنین! تۆ تەماشای ئاوێنەی خەنجەرت نەکردووە و لە باخی بارووتدا کوڵمی سووری کیژۆڵەی خوێنت هەڵنەمشتووە! پێغەمبەری رۆحت بێ شمشێر لە دایک بووە. ئاخ! ئێمە زووخاوخۆرانی مەیخانەی فرمێسکین. ئەستێرەپەرستانی پاڵ و پەسیوی سەردەمین. ئێمە ئەو پیتۆڵانەین کە فەلسەفەی مێژوومان بە نینۆک لەسەر شوورەکان هەڵکەندووە.

✤ ✤ ✤

رووتتر لە شمشێر، لە ناو کڵپەی هاوارا، بە ئاهەنگی زیرەی قامچی رادەپەڕم و رووخسارم لە تالاری برینەوە بەرەو ژوانی زڵە دەبەم و برین ئەکەم بە ئامیانی ئەوین! دەزانم رزگاریی مرۆڤ لە سۆنگەی پساندنی زنجیردایە!... دەزانم گوڵی سوور جوانترین جل و بەرگی کیژۆڵەی هەتاوە. ئەمە راستییەکی رووناکەو ناو بەناو لە دەلاقەی ئومێدەوە لیزگی دەبەخشێتە نێو قاوشی زیندانەکانەوە. زەنبیلی ئیلهام پڕن لە میوەی شیعری هاوار... لە نێو ئاوێنەی شیعرمدا، قراڵ بە خاچەوە هەڵواسراوە و مەسیح لە هەزارەی شمشێردا، لەسەر ترۆپکی «گولگوتا» سەما دەکا و کۆیلەکان لەسەر گۆڕی فیرعەون، فەرمانی مووسا دەخوێننەوە و زەردەشت، ئاور لە گیانی شەو بەردەدا. هەژارانی مێژوو، لە ناو خوێنی مەزدەکدا دەبووژێنەوە. ئەوەتا، نۆبووکانی پێویست لە توێی پەردەی سیا چەمانەوە دەبزوێن. پیاوانی عەشیرەتی ئاشەوان، بە سەر لاشەی یەزدگردا کۆبوونەتەوە و بەلقیس خوشکی نەژاکاوی هەتاو بەرەو جێژوانی سولەیمان هاتووە..


□

✤ ✤ ✤

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd

## 13



Winter 1991-1992